# زانا ڕەوف و ڕوانگە جیاوازەکان سەبارەت بەدەستوور

چاودێر: سەرەتا بەناوی ڕۆژنامەی چاودێرەوە، بەخێرهاتنێکی گەرمی جەنابتان دەکین، بەوهیوایەی بەرەنجامی ئەو دیالۆگەمان، بتوانێت سەرەتایەک

لەپرۆسەیەکدا کە (دەزگا) حوکم دەکات نەک دەسەڵاتێکی تاکەکەسی. ئێمە دەتوانین لێرەوە بڵێین، هەرگیز دەسەڵاتێکی دامەزراوەیی نابێت هەتا دەستور، ڕێکی نەخات، دەستوریش هیچ دەسەڵاتێکی نابێت ئەگەر دەسەڵات، دەسەڵاتێکی تاکەکەسی بێت، دەسەڵاتی تاکەکەسیش مەبەستم لەوەیە کە کەسێک وەک کاریزماو هەموو دەسەڵاتەکان لەوەوە سەرچاوە دەگرن



پێش ئەوەی ئیبراهیم جەعفەری بپاڵێورێت بۆ سەرۆک وەزیرانی ئایندەی عێراق، ئەیوت: ئێمە دوو سێ پرۆژەی نوێی دەستوری عێراقمان بەدەستەوەیە، کەواتە ئەوان لەمێژەوە بیریان لەو بوارانە کردۆتەوە. بۆیە لای ئێمە کەم تەرخەمیەکی زۆر هەیە، بۆ نموونە ئێمە بەزۆر خۆمان پابەند دەکەین بەمەرکەزەوە، پەرلەمانی کوردستان بۆ تا ئێستا کۆبونەوەی نەکردووە



زانا رەئوف حەمە کەریم

× ١٩٧٨ لەسلێمانی لەدایک بووە.

× دەرچووی کۆلێجی یاسای زانکۆی سەلاحەدین.

× خوێندکاری ماستەر لەکۆلێجی یاسا، ئێستا سەرقاڵی ئامادەکردنی تێزی ماستەر نامەیەکە سەبارەت بە (تیۆری دەستوور)ە.

× خاوەنی کۆمەڵێک توێژینەوەیە بەهەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

لەدەستوری ئەمریکادا ماددەیەک هەیە ئەڵێ: دەستوری ویلایەتەکان ناتوانێ مافێک کەمتر بدات بەهاوڵاتیان، لەو مافانەی لەدەستورە فیدراڵەکەدا دەست نیشانکراوە، بەڵام ئەتوانێ مافێکی زیاتر بدات کەدەستنیشان کراوە



یەکێک لەهەرە هەڵەترین شتەکانی دەستوری ١٩٧٠ ئەوەیە لەهیچ دەستورێکدا نییە بەناوی شەخس کە بڵێت بەشێکە لە دەزگایەکی دەستوری، کاتێک کەباسی (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش) دەکرێ، دەڵێت (بریتین لەم کەسانە)، کەواتە لێرەوە، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی هیچ دەستورێک وجودی نابێت ئەگەر لەوڵاتدا دەسەڵات دەسەڵاتی تاکەکەس بێت

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 1



# ڕەنگدانەوەی هەڵەکانی ڕابردوو، لە بردنەوەی ئێستای ئیسلامگەراکاندا

مەلابەختیار

بەشی یەکەم

□ تیرۆر.. هێزی خۆی لە سێ سەرچاوە وەردەگرێ، یەکەم ئیسلامو کاریگەرییە روحانیەکانی. دووەم: ئەدرەسی نییە، سێیەمیش: هەڵەی گەورەی هێزە سیاسیەکانو زۆربەی روناکبیران، ئەم سێ سەرچاوەیە، هەژمونێکی گەورەی بەخشیوەتە تیرۆریستە سەلەفیەکان. سەرەنجام، توانیبویان لەچەندین وڵاتدا، گەرای رۆحی خۆیان بخەنو هەزاران لاوی خوێن گەرمیش رام بکەن. بەڵام ئایە ئەو هەژموونگەرایەی تیرۆریستەکان، دوای ئەو ساڵانەو، ئەو سەرکەوتنانە، هەر وەکو خۆی ماوەتەوە؟ با وەڵام، لەروانگەی خۆمانەوە، بدەینەوە.

بۆ ئەوەی وەڵامەکەشمان، لەم کورتە وتارەدا، دوور لە رازیکردنی ئەمو ئەو بێت، هەروەها دووریش بێت لەو ترس و بیمەی کە ئیسلامگەراو تیرۆریستەکان رویان چاندۆتە ناخی بەشێک لەهێزە سیاسیەکانو سەرکردەکانو نوسەران، پێمان باشە کراوە قسە بکەین. چش لەوەی لەسەر ئەم کراوەیەش، لێرەو لەوێ سەلەفیە توند رەوەکان رقیان بەرامبەرمان ئەستور دەبێت. رەنگە جۆرەها جنێوی سەلەفیشمان پێبدەن. هەروەکو هەمیشە درێغیان نەکردووە.

لێرەدا جارێ ناچینەناو وردەکاریەکانی دینیو رۆحی، کەئەمەش دیسان رەچە شکاندنێکی باشتری ئەوێ بۆ کاردانەوەی نهێنیە فریودارەکانی ئەو وردەکاریانە. ئەوەی کە دەمانەوێت جەختی لەسەر بکەین هەڵای هێزە سیاسیو روناکبیرەکانە.

لەسەردەمی رابردوودا، هەڵایەکی گەورە کە هێزە

**لەناو هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا، زۆرێک لەسەرکردەکانی هەن ئێستاش بەوردی نەلە فەلسەفەی مۆدێرنێتە، تێگەیشتون و نەلە ئەرکەکانی عەلمانیەت لەناو پرۆسەی دیموکراسیەتدا شارەزان**

سیاسیەکانی چەپو دیموکراتو روناکبیران تێی کەوتن، ئەوەبوو کە تێگەیشتنێکی کەمیان بۆ چەمکی دیموکراسیەتیان هەبوو. تەنها لایەنی سیاسی دیموکراسیەکان باسو پەیرەو دەکرد. لایەنەکانی دیکەی چەمکەکانی پرۆسەی دیموکراسیان لەناو دەسەڵاتو، لەبەرامبەر ئایینو، لەناو تاک و کۆی خەڵکدا، بەتایبەتی لایەنی عەلمانیەتی (سکۆلاریزم) دیموکراسیان، فەرامۆش دەکرد. عەلمانیەتیش پێش ئەوەی جیاکردنەوەی ئاین بێت لە دەسەڵات، جیاکردنەوەی ئاینو هەژموونگەری ئایینە لەسەر ویژدان. واتە: ئازادی ویژدان، کە ویژدان ئازاد نەبوو، ئایینو مەزهەبو تەریقەش لە مەلۆتکەوە دەرخواردی مێشک دەدرێ. بەمەش ئاین دەکرێتە نەریتی باو، نەک باوەری شەخسی، کەویژدانیش ئازاد بوو، لەکاتی فام کردنو تێگەیشتندا، مرۆڤ خۆی، بەوشیارییەوە، ئاینو مەزهەب قبوڵ دەکات یان نایکات. بێگومان کە دیموکراسیو ئازادی بەشێوە گشتیەکەی نەبوو، ئازادی ویژدانیش هەر نەبوو. هێزە سیاسیەکان لەسەدەی رابردوودا. بەتایبەتی لە سیەکانی سەدەی

رابردووەوە کە لەعێراق و کوردستاندا حزبی سیاسی دیموکراتو چەپ دامەزران، ئەم هێزانە نەک لە خەباتی دیموکراسیانەدا رۆشن نەبوون، بەڵکو لەناو خۆشیاندا، لە هەڵسوکەوت لەگەڵ کێشەو گرفتە دەرون حزبیەکانیاندا هانایان بۆ پیلان گێران، ئەشکەنجەدان، تیرۆر کردن، ناوزراندن، راوەدونان. جیابوونەوەو شەری ناوخۆ، بردووە. راست لەچەپ خراپترو چەپیش لەراست باشتری نەکردووە، بەهەرحاڵ... لەو قوڵ تێنەگەیشتن و باش رەچاو نەکردنەی ئەرکەکانی دیموکراسی، زیانێکی زۆر لەدیموکراسی وەکو چەمک دراوە، لە بەرامبەریشدا سودی زۆر بەسەلەفیەکان گەیەنراوە، بۆنمونە:

لە سیەکانەوە گوتاری حزبایەتی هەیەو لەوساشەوە دروشمی دیموکراسی بەرزکراوەتەوە. هەرلەوساشەوە خەبات و قوربانیدان بۆتە ئەرکی هێزە سیاسیەکانی کۆری خەبات. لەبەرامبەر هێزە عەلمانیەکاندا لەمەیدانی ئیسلامدا، بەڵکو لەمەیدانی مەزهەبیشدا، هێزی سیاسی لەو هەلومەرجەدا دروست نەبووە. ئەرکی خەباتیشیان نەخستۆتە سەرشانی خۆیان، تەنانەت، ئیسلامیەکانیش دوای خەباتی نیشتمانیو چینایەتی حزبە سیاسیەکان کەوتوون. بەڵکو زیاتر لەوەش، لەپەنجاکانو دوای سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی (عبدالکریم قاسم - ١٩٥٨) زۆرینەی خەڵک دوای حزبی کۆمۆنیستی عێراقی کەوتن. دوای ئەو هێزی سیاسی ئیسلامگەرا دروست دەکرێن. لەو ساتەوە، هەتا راپەرینی (١٩٩١) هیچ هێزێکی ئیسلامی لە عێراقی عەرەبیدا، لەناو بزووتنەوەی سیاسیدا، بەقەد هێزە سیاسیە لایکەکان (نائاینی) باڵا دەست نەبوون. بەڵام لەدوای راپەرینی (١٩٩١) ئەو هاوکێشە سیاسیە دەگۆردرێ. تەنانەت لە کوردستانیشدا گۆرانکاری بەدی دێت. لەعێراقی عەرەبیدا، دەبینین شیعەگەراو سونیگەرا زاڵن. حزبی کۆمۆنیستی عێراق تەنانەت بەقەد لیستەکەی (غازی یاوەر)یش ناهێنن. بەڵام شیعەکان (١٨٤) کورسی دەبەنەوە سونیگەراش،.. کە بەشداری هەڵبژاردنیان نەکردووە چەندین بەرامبەر زیاتر لەهێزە کۆمۆنیستەکان دەستکەوتەکانیان دەدرێتێ. هێزە دیموکراتیە بەشداربوەکانی هەڵبژاردنیش بەهەزارحاڵ ئاوریان لێ دەدرێتەوە!

بۆچی.. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، کە عێراقو کوردستان زۆر لە ئێستا دواکەوتوتر بوون، ئاوا بووە، کەچی لەسەدەی بیستو یەکەمدا کەپێمان ناوەتە هەزارەی سێیەمەوەو جیهان بەرەو جیهانگیریش هەنگاوی هەڵهێناوە، دۆخەکە لە باری کاریگەری سیاسیەوە، لەناو هێزە سیاسیەکاندا، دەگەرێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەمو دواتریش؟

بێگومان.. ئەم دۆخە هۆی زۆریان هەن. کەیەکێک لە

هۆ هەرە کاریگەریەکانی خراپی تەواوی ئەو حکومەتانە، بووە کە بە درێژایی سەدەی رابردوو، حکومەتەکانی کردووە. هەرە خراپەکەشیان رژێمی بەعس بوو. کەیەکێک لەزیانە ترسناکەکانی ئەوەبوو ئەم حزبە فاشیستە، خۆی وەکو حزبێکی مۆدێرنی عەلمانی دەسەپاند، لەراستیدا پێچەوانەکەی بوو، چونکە مۆدێرنێتەو عەلمانیەت بەبێ دیموکراتیو ئازادی هەرگیز لەناو ژیاندا جێگەیان نابێتەوە، ئەم زیانە ترسناکەی بەعس لەلایەن هێزە ئیسلامگەراکانەوە ئەوساو ئێستاش سودێکی زۆریان لێ بینیوەو کردویانەتە دەسکەلای پروپاگەندە کردن دژی دیموکراتیو عەلمانیەت. ئەو هۆیانەی بونەتە مایەی پاشەکشەی هێزە دیموکراتو بوژانەوەی ئیسلامگەراکان. هۆیەکی زۆر زۆر گرنگی تیادایە کە یارمەتیدەرێکی راستەوخۆی ئیسلامگەراکان بووە، لەم بوژانەوەیەدا. ئەویش بێباکیو خەمساردیو تێنەکۆشان بووە، بۆ چەمکە راستەقینەکانی دیموکراسی، بەرامبەر ئاینو تێگەیاندنی خەڵک لە گەوهەرە راستەقینەکانی ئاینو مەزهەبەکان، بەتایبەتی لەناو دەسەڵاتو دەسەڵاتداریتی هەروەها لەناو تاک وکۆی کۆمەڵدا.

لەسێ چارەکە سەدەی سەدەیەکدا. حزبایەتی لەعێراق و کوردستاندا وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن لە پێناوی دیموکراسیدا، هاتۆتەوە گۆرێ کەچی هیچ حزبێک جیهانبینی مۆدێرنەو عەلمانیەتی دیموکراسی، وەک بەشێکی چارەنوسسازی ستراتیژی دیموکراسی، لەبەرنامەکەیدا جێ نەکردۆتەوە. ئەمە قەیرانی تێگەیشتنە لەدیموکراسی لایەنی کەم لەرووی پرەنسیپەوە. بەپێچەوانەوە، لە رۆژئاوادا لەسەردەمی رۆشنگەریدا. پێشتر لە رینیسانسیشەوە، پێشەکی خەباتکردن لە پێناوی ئازادیو دیموکراسیدا، خەبات کردن بووە بۆ دورخستنەوەی هەژمونگەری ئاینیو مەزهەبیەکان لەسەر تاک و کۆی کۆمەڵ. پێش ئەوەی فەیلەسوفی ئایدۆلۆژیەتی حزبایەتی، یان رابەری حزبایەتی یان سەرکردایەتی حزبایەتی بێتە گۆرێ، فەیلەسوفو رابەری شۆرشگێریو مۆدێرنێتە سەریان هەڵدا، کاتێک حزبایەتیش وەکو پێویستیەکی گەورەی ژیانی مۆدێرنێتەوەو رۆشنگەری پێش خۆیان بوون بەوەی ئەو ئەندێشانەیان تێکەڵاوی دەسەڵاتو یاسا کردو کردیشیانە بەشێکی نەریتی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتی ئاینیو دەسەڵاتدارانی ئۆرستۆکراتیدا.

حزبایەتی لەرۆژهەڵاتدا، لەژێر هەژمونگەری ئاینیونەریتی ئایندا کاری پێکراوە، بەتایبەت بەرامبەر بەئاین، کە ئاین فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتو سیاسەتی نەریتی، بەسەر هۆشی خەڵکو ژیانی کۆمەڵایەتیدا، پراوپر کاریگەر دەبێت. هەڵبەتە، بیرو فەلسەفەی

دیکەی مۆدێرنێتە نەیتوانی شوێنێکی فراوان لەناو خەڵکدا بۆ خۆی پەیدا بکات. نەشبێتە باوەری باوی خەڵکەکە. چونکە باوەرێکی باوی دیکەی سەدەکانی ناوەراست لەناو خەڵکەکەدا، جێگرەوەو کاریگەرو کارپێکەریش. کاتێک بیرو فەلسەفەی کۆن، بەتایبەتی ئاین، بەو چەشنە پەیرەوی لێبکرێو بەشێکیش بێت لەمەسەلە رۆحیەکانی خەڵک، ئیدی، بیرو فەلسەفەی نوێ بەوشێوازە لاوازە خۆپارێزە، کە حزبەکان کایەیان پێکردووە، نەتوانی قوڵ کاریگەر بێو نەیشیتوانی رووبەرێکی کۆمەڵایەتیو رووناکبیری ماتریالیستی فراوان بۆ خۆی پیادە بکات. بەڵکو هەمیشە وەکو پشکۆی بیرو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراست دەمێنێتەوە. بیرو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراستیش، وکو بیرێکی نەکێڵدراوی بێ تووی نوێ، هەمیشە گیاکەڵەو درک و داڵی پێشینەی تیا دەروێت، بەڵکو لە کەشێکی خولقاوی خۆشیدایە، دەبێتەوە درکستان. ئەوەتانێ، هێزە سیاسیەکانی کوردستانو عێراق سێ چارەکە سەدەیە ئەرکە دیموکراتیەکانو ئازادیو ویژدانو بنچینەکانی سیستەمێکی سکۆلاریزمیان خستە پەراوێزی خەباتی سیاسیانەوە، سەرەنجام پاشخانی ئایینیو ئیسلامگەراو تایەفەگەری، هەر مانەوە لەمزگەوتو لەرێگەی فێرگە ئایینیەکانەوە، پەروەردەو، نەریتەوە پارێزرانو پەرەپێدەدرێن، هەڵیش گەران بۆ رۆژگاری لەبری خۆی. رۆژگارەکەش هەر وەکو چۆن لەئێراندا، لە جەزائیردا، لە ئەفغانستانداو لەناو میللەتانی ئاسیای مەرکەزیدا بۆ سەلەفیەکان هەڵکەوت و هەلیان کەوتە سەر دەستکەوتە کەمەکانی مۆدێرنێتە لەبارەی سەلەفیەوە، هەر بەو شێوەیەش، رۆژگاری سەلەفیەتیش کەلەعێراقدا هەڵکەوت سەلەفیەکان، ئەوەی لە دوو دەیەی رابردوودا بە تەوژمی ئیقلیمی قووت بوونەوە، یان ئەوانەی خۆیان مات دابوو لە کوردستاندا (یەکگرتوو) لەعێراقیش (حزبی ئیسلامیو تاقمی موقتەداو... هتد) کە بۆیان هەڵکەوت ئەمانیش لەسەر زەمینەی کار لەسەر نەکراوی ئایینی چەکەرەیان کردو بەرەبەرەش پشکوتن.

ئەو رابردووە کار لەسەر نەکراوەی ئەندێشەی ئایینی، بۆ هێزە ئیسلامگەراکان تێکرا زەمینەیەکی پتەو بوو، هەر کاتێک بۆیان برەخسێ سەر هەڵدەدەنەوە. هەتا زەمینەکەش، لە کوردستانو عێراقدا، هەروا لە شوێنانی دیکەشدا، کەمتر کاری عەقڵانیو عەلمانی لەسەر کرابێت، زۆرترین دەرفەتی سیاسی بۆ ئیسلامگەراکان لەهەلومەرجی خۆیدا بۆیان ساز دراوە بیقۆزنەوەو بکەونەوە وێزەی ئازادیخوازە راستەقینەکان. هەتا رادەی گۆشەوگۆش مل پەراندیان. رابردووی هێزە سکۆلاریستەکان، لەبری بەدیهێنانی خەباتی سکۆلارست لەبەرامبەر

ئیسلامگەراو هەژموونی ئایینیو مەزهەبی نەریتە ئایدیا لیستە میتافیزیکیەکان رابردوویەک کەجێگەی دەیان رەخنەی قوڵە. چ مەعقولیەتێکی تیادایە لەناو سەرجەم هێزە سیاسیەکانی عێراق و کوردستان لە سێ چارەکی سەدەی رابردوودا تەنانەت حزبە هەرە چەپەکانو دیموکراتە نا توندرەوەکانیش تاقە هێزێکیان، بەرنامەیەکی ستراتیژی رۆشنی سیاسی لەسەر مەترسیەکانی ئاینیو مەزهەبی ئیسلامگەراکان، لەسەر بنەمای سکۆلاریزم نەبووبێت. زیاتر لەوەش هەتا چەند ساڵێک لەمەوبەر دوای راپەرینیش عەلمانیەت بەرۆشنیو بێ تەمومژ، لەبەرنامەی هیچ حزبێکی سیاسی کوردستانو عێراقدا نەبووە. بەڵکو لە پراکتیکداو تەنانەت زۆرجار لەبیروبۆچونیشیدا خزمەتی ئیسلامگەرا زیاتر لە سکۆریزم کردبێت لەناو هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا، زۆرێک لەسەرکردەکانی هەن ئێستاش بەوردی نەلە فەلسەفەی مۆدێرنێتە، تێگەیشتونو نەلە ئەرکەکانی عەلمانیەت لەناو پرۆسەی دیموکراسیەتدا شارەزانو نە دەشزانن ئازادی ویژدان مەرجی پێشوەختی سەرخستنی دیموکراسیو سیستمی عەلمانیەتە. ئەم جۆرە سەرکردانە، تەنها کار لەسەر چەمکە سیاسیە کۆنەکانی دیموکراسی دەکەن کە لەناو حزبەکاندا بەخوارو خێچی پەیرەوی کراوە. تەنانەت کەی بەرژەوەندی سەرکردایەتی حزبەکان یان چەند سەرکردەیەکی ناو حزبەکانی خستبێت. دوژمنایەتی دیموکراسیەتیش کراوە هەتا رادەی

**لەسێ چارەکە سەدەی سەدەیەکدا. حزبایەتی لەعێراق و کوردستاندا وەکو دیاردەیەکی مۆدێرن لە پێناوی دیموکراسیدا، هاتۆتەوە گۆرێ کەچی هیچ حزبێک جیهانبینی مۆدێرنەو عەلمانیەتی دیموکراسی، وەک بەشێکی چارەنوسسازی ستراتیژی دیموکراسی، لەبەرنامەکەیدا جێ نەکردۆتەوە**

ئەنجامدانی تاوانیش. نمونەش هێندە زۆروزەبەندە، نە تاقە حزبێکی کۆن ئەم حزبانە هەن لەم راستیە بێ بەری بکرێ.

کێشەیەکی گەورەیە هێزە سیاسیە سەنگینو باڵا دەستەکان ئەوانەی خەڵک هەڵدەسورێنو ئاراستەی بزاوتی سیاسی جەماوەر لەپێناوی ئامانجەکانیاندا، دەکەن. خۆیان بەتەواوەتی باوەریان بەعەلمانیەتو مەدەنیەتو عەقڵانیەت لەدەیان ساڵی رابردوودا نەبووە، بگرە لێشی تێنەگەیشتوون. ئێستەش ئاسەواری ئەو سیاسەتەو بەرنامەی، لەناو حزبەکانو بەشێکی سەرکردە دیارەکانی ئەو حزبانە، نەک نەبێ. بەڵکو پەیرەو لەهەمان سیاسەتی نا راستیش بکەن. کاتێکیش سەرگوزشتەی روداوەکانی رابردووش ئەوە بێت کەلە (٧٥) ساڵی لەمەوبەرداکارییێکراوە، هیچ سەیر نەبێت بەلامانەوە هێزە ئیسلامگەراکان، لایەنی کەمی هەڵبژاردنی عێراقدا، ئەو رێژە دەنگە زۆرە بهێنن کە هێناویانە مایەی پەژارەش نییە، هێزە دیموکراتو سکۆلاریستەکان، ئەو رێژە دەنگە کەمتر بهێنن کەهی ئەوان نییە.■

# دۆخی وڵاتانی عەرەبی بەرەو کوێ..؟

ئازاد عەلی

□ لەم ماوەیەدا، لە: میسر، مەغریب، بەحرەین، لوبنان، سوریا، فەلەستین.. هتد شڵەژانی سیاسیو ئابووری بەخۆیەوە دیوە. خەڵک کەوتوونەتە نارەزایی ئاشکرا، داخوازی سیاسییان گەیاندۆتە ئاستێکی باڵا، فشاریان بۆ سەر حکومەتەکانی عەرەبی زیاتر کردووە، ئەمەش لەم هەلومەرجەدا ئاماژەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو هوشیاری نوێن. ئاخۆ ئەم سەربزێوییەی خەڵکو داخوازییە سیاسیو کۆمەڵایەتییانە، بەرێکەوت سەریان هەڵداوە، یان سەرەتای دۆخێکی سیاسی نوێنو قوڵتر دەبێ؟ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە نەک بۆ عەرەب گرنگە، بەڵکو بۆ کوردو رووداوەکانی رۆژهەڵاتیش زۆر گرنگە.

وڵاتانی عەرەبی، دەمێکە سستەمەکانیان بۆتە

**تەوژمی گۆرانکاریەکانی جیهانو ژیان، گەلێ کاریگەرترە لەو پەرچە کردارە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی سیستەمی وڵاتانی عەرەبی**

سەرپۆشی کێشە جۆراوجۆرەکانیان. زیاتر لە (١٠٠) کێشەی چارەسەرنەکراوی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، نەتەوەیی و تایفەگەری لەم وڵاتانە دا هەیە.

دواکەوتنی وڵاتانی عەرەبی بۆتە بەشێکی نەتەوەیی زەقی عەرەبو باسی زانستییان لەسەرە. نیو سەدە دەبێ سیستەمە عەرەبیەکان لەپەنای پاساوی قەبەکراوی کێشەی فەلەستینو مەسەلەی

ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، کێشەکانیان دادەپۆشنو دەرگای دیموکراتی چارەسەرکردنیان، ناکەنەوە. ئەم بارودۆخە وایکردووە کێشەکان وردە وردە پەنگ بخۆنو وە خەریکیشە نزیک دەکەونەوە لەبن بەست. ئاخۆ لەمەودوا لەم هەلومەرجەی جیهانگیرییەدا، هەروەکو لەمەوبەر وڵاتانی عەرەبی دەتوانن کێشەکان داپۆشن، یان نەخێر؟

بۆئەوەی وەڵامی راستو دروست بدەینەوە، بەچەند نموونەیەکی سەردەمەکە بێینە پێشەکیو لەوێوە دۆخی وڵاتانی عەرەب تاووتوێ بکەین.

١٥ ساڵ لەمەوبەر، دۆخی رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بەهێندەی قۆناغی ئێستای وڵاتانی عەرەبیدا تێدەپەری، سەرنجە بینیمان، کە نەوەی نوێو داخوازی ئازادیو، نەوەی کۆنو سیستەمی تۆتالیتاری تەفرو توناکرد. بەمەرجێ لەو وڵاتانەدا، گەلێ کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر کرابوون، بەتایبەتی کێشەی ئابووری رۆژانەی خەڵک، بیمەی ژیانو دەستەبەری خوێندنو هاتووچۆ، تەندروستی، کارەبا، نیشتەجێ بوون.. هتد، دەبینین کەبەشێک لەو کێشانە لەوڵاتانی عەرەبدا بێ چارەسەر ماونەتەوە. تەنانەت کێشەی سیاسیش خراپترە. سەرنجە، رۆژهەڵاتی ئەوروپا بەرگەی نەگرتو خەباتی مەدەنی ئازادیخوازی خەڵکەکە بەسەر سیستەمە توتالیتارییەکاندا سەرکەوت.

ئێستا وڵاتانی عەرەبی، تەواوی ئەو کێشانەیان

هەیە، بەڵکو زیاتریش، رژێمەکانیشیان خراپترە (تاکتیک نەبێ) ئیدی ئەم حکومەتانە، دوای ١٥ ساڵ لەگۆرانکاری سیاسی ئەی ئەو هەموو کاریگەرییەی لەسەر جیهانی دانەوە، بەوڵاتانی عەرەبیشەوە، ئاخۆ دەوڵەتانی دواکەوتووی عەرەب دەتوانن بەرگەی تەقینەوەی کێشەکان بگرن، یان رێگە لەتەقینەوەی کێشەکان لەپەنای پاساوی رزگاری فەلەستینو مەسەلەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو ئیسلام گەرادا، بگرن..؟

بێگومان وەڵامەکە، لەبەرژەوەندی وڵاتانی عەرەبیدا نییە. تازە سەردەمەکە گۆراوەو نەوەی پەروەردەکراوی ئەم سەردەمەش، نەوەی پەنجاکانو شەستەکان نییە، بەڵکو سەدای نەوەیەکی جیاوازە. وەکو جیاوازیشە، ئەو سنوورە تەلبەند کراوانەی مەسەلە نیشتمانیەکانو ناسیۆنالیزمیش نەماون، هەموو ئەو سنورانە لەبەردەم جیهانگیریدا ئاوەڵا بوون. کەوابێ: ئەم بزاوتە سەرهەڵداوی خەڵک دژی حکومەتەکان، دەتوانین بڵێین، سەرەتای بزوتنەوەیەکی (خۆرسکی - ئاراستە) کراوە، هەتا بێت پەرە دەسێنێ. ئەمەش لەبەرئەوەی کەهەم لەسەر ئاستی جیهاندا، ستراتیژێکی نوێ چەشنی سیاسیو ئابووری بەرێوەیە کەپێچەوانەی بەرژەوەندی رژێمەکانی وڵاتانی عەرەبیە. هەم خەڵکەکەش تازە بەو ژیانە دواکەوتووە و بەم سیستەمە نادیموکراتیانە، رازی نابن.

تەوژمی گۆرانکارییەکانی جیهانو ژیان، گەلێ کاریگەرترە لەو پەرچە کردارە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی سیستەمی وڵاتانی عەرەبی.

لێرەدا دیسان جێی خۆیەتی بپرسین، کە ئاخۆ پەیامی ئەم سەردەمەی عەرەب، چ چینێکو چ رەوتێکو چ فەلسەفەو ئایدۆلۆژیەتێک بەرزی دەکاتەوە..؟

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی تەماشای نەخشەی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی کۆمەڵەکانی عەرەبی بکەین، دەبینین گۆرانکارییەکی چینایەتیو کۆمەڵایەتی ئەوتۆی تیا بەدی نەهاتووە. کەهێزورەوتی بەهێزی سیاسیو کۆمەڵایەتی نوێ بەو سەری هەڵدەبێ.

ئیمارات و ئوردونو لوبنان. تونسی نەبی بازاری ئازاد بەرقەرارە، باقی وڵاتانی عەرەبی هێشتا بەگشتی پەیرەوی لەسیستەمی سەرمایەداری مشەخۆری دەوڵەتی دواکەوتوو دەکەن، وڵاتانی نەوتیش، سەرچاوەی بنچینەیی ئابوورییان، هێشتا هەر نەوتە.

چینی ئابووری نیشتیمانی، یان سەرمایەداری مامناوەنجی ئابووری ئازاد تەواو ریزی چینایەتی نابەتەوە..،کە ئەم چینایەتیە لەمێژوودا دەتوانێ خاوەن پەیامی گۆرانکاریو ئەلتەرناتیڤی هەمەلایەنە بێ لەبەرامبەر سیستەمە جێماوەکانی ژیاندا، ئەمەش بۆشاییەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتیو فەلسەفی گەورەیە کەلەقۆناغی سەرەتای گۆرانکارییەکاندا، هێزە ئیسلامیەکان دەتوانن یان

بەگوربێنە پێشەوە بۆ قۆستنەوەی هەڵەکان، هەروەکو عێراق، فەلەستین، جەزائیرو کوەیت، بەحرێن، بەڵام لەمیسردا، گەرچی ئیخوان مسلمین دایکی هێزە ئیسلامیەکانە، لەوە دەچێ بەپێچەوانە بکەویتەوە. چونکە لەودا ئەزموونێکی باشتر هەیە. بازارەکەش فراوانەو ئازادی بازاریش هەتا رادەیەکی باش هەیە. هەربۆیە دەبینین کۆمپانیاکانی میسر، پەلیان بۆ وڵاتانی دیکە هاویشتووە، گەیشتونەتە کوردستانیش. سەرەرای ئەم راستیانەش، پێمان وایە، گۆرانکارییەکان هەر روودەدەن. جۆشی جەماوەری سیاسی خەڵکەکە، زیاد دەکاو دوور نیەلەم نزیکانە یان ماوەیەکی چەند ساڵدا، وڵاتانی عەرەبی بخرۆشێت. خرۆشانەکانیش سەری چەندین وڵاتی

**نیو سەدە دەبێ سیستەمە عەرەبیەکان لەپەنای پاساوی قەبەکراوی کێشەی فەلەستینو مەسەلەی ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا، کێشەکانیان دادەپۆشنو دەرگای دیموکراتی چارەسەرکردنیان، ناکەنەوە**

عەرەبی بخوا. باقیەکەش، بەرێگەی ریفۆرمو فشاری دیموکراتی، گۆرانکاری سروشتی بەخۆیانەوە دەبینن. ئەمە زۆر لەبەرژەوەندی گەلانی وەکو کوردە، کەنەک خێرێکیان لەم سیستەمانە نەدیوە بەڵکو هەمیشە ئەم سیستەمانە (لیبیای لێ دەرچێ) داری مافە دیموکراسیەکانی گەلان بوون، چونکە خۆیان، نادیموکراتی، یان دوژمنی دیموکراتی بوونو هەن.■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 2



## کورتیلە باس

### کەرکوک
### لەنێوان بەرداشی تەعریب و تیرۆردا

□ لەگەڵ دەسپێکردنی هەنگاوەکانی دامەزراندنی حکومەتی عێراقی نوێ و کۆبونەوەکانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو، تیرۆریستان لەکۆی عێراق بەگشتی و کەرکوک بەتایبەتی زیاتر لەجاران کەوتونەتە جموجۆڵ بۆ شێواندنی پرۆسەکە، لانی کەم بۆ دورستکردنی گرفتی جدی لەبەردەمیدا. بۆ ئێمەی کوردیش لەو چوارچێوەیەدا ئەوەی زۆر جێی باسە، هەوڵە زیادبوەکانی تیرۆریستانە لەکەرکوک بۆ شێواندنی شارەکەو زیان گەیاندن بەپرۆسەی ئاسایبونەوەی بارودۆخی کەرکوک و گەڕانەوەی ئاوارەکان و دەرکردنی عەرەبە هاوردەکان. ئەم کردەوە تیرۆریستانەی لەکەرکوک دارودەدەن لەم دواییە، بەئاشکرا شەڕکردنە لەپێناو پاراستنی تەعریب و پەکخستنی جێبەجێ بونی بڕگەی (٥٨)ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، واش چاوەڕواندەکرێ تیرۆریستان کە لەمنداڵدانی تەعریبەوە لەکەرکوک سەردەردێنن، لەداهاتودا لەگەڵ زیاتر نزیک بونەوەی چارەسەرەکانی کەرکوک، هەوڵەکانیان چڕتر بکەنەوە لەم بوارە. ■

### سیستانی و دەستور!

□ لەدوای روخانی بەعسەوە، مەرجەعیەتی سیستانی وەک ناوەندێکی بەهێزو کاریگەر لەعێراقی عەرەبی شیعەنشیندا دەرکەوت، بەوپێیەش شیعە زۆرینەی عێراق پێکدێنن ئەم مەرجەعیەتە کاریگەری بەسەر کۆی رووداوە سیاسیەکانی عێراقەوە هەیە، هەروەکو لەهەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی عێراقدا دەرکەوت. سیستانی کەبەکەم دوان ناسراوەو بەدەگمەن لەبارەی رووداوەکانەوە قسە دەکات، کەئەمەش سیاسەتێکی دیاریکراوە.. لەم دواییانە داوای ئەوەی لەکاندیدەکانی لستی ئیئتلافی شیعە کرد کەزۆرتر جەخت بکەنەوە سەر گرنگی دان بەدەستور لەبری بیرکردنەوە لەپۆستەکان، ئەم داوایە بەئاشکرا ئەوە دەردەخا کەسیستانی نیازیەتی کاریگەری لەسەر دەستوری هەمیشەیی عێراق دابنێ و یەکسان بەبیروباوەڕەکانی خۆی دابڕێژرێ.

بۆ ئێمەی کوردو خەڵکانی لیبراڵ و پێشکەوتوخواز لەکۆی عێراقدا، تاڕادەیەکی زۆر ئەم داخوازیە زەنگێکی خەتەرناکەو سەلماندنەوەی ئەو راستیەیە کەشەڕی دەستور هەم گرنگترین و هەمیش سەختر نییە. داهاتوی دەسکردن بەدانانی دەستورو گفتوگۆکانی بەدڵنیاییەوە نیازی سیستانی باشتر ئاشکرا دەکا بۆ عێراقی داهاتوو. مەترسیەکەش لەبێدەنگ بونی زۆر لایەندایە لەو دەست تێوەردانانەی مەرجەعیەت لەدەسەڵاتی سیاسی و پرۆسە سیاسیەکانی عێراق، کە لەڕاستیدا پاراستنی یەکپارچەیی عێراق و سەرخستنی پرۆسەی سیاسی تیایدا، پێویستی بەهەڵوێستی هاوشێوەی (ئەیاد عەلاوی)یە کە لەمانگی رابردوودا بەئاشکرا داوایکرد کەمەرجەعیەت پێویستە خۆی لەسیاسەت بەدوور بگرێ. ■

### کورد..
### پەرلەمانی دوێنێ، پەرلەمانی ئەمڕۆ

□ راپەڕین باشترین دەرفەتی خستەوە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دیموکراسی لەکوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا کەزۆر ناوچەی کوردستانی عێراق بەداگیرکراوی مانەوەو نەیانتوانی لەیەکەمین ئەزمونی هەڵبژاردنی راستەقینەدا بەشداری بکەن، بەڵام دواجار لەساڵی ١٩٩٢ کورد توانی پەرلەمانێکی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێت.

رووداوەکانی دوا تری ئەم پرۆسەیە، فشارو پلانی دەوڵەتەکانی ئیقلیم، شەڕی ناوخۆ، ئاڵۆزی بارودۆخ لەناوچەکە بەگشتی، زاڵبونی ئەقڵیەتی حزب لەکاری پەرلەمانتاریدا، وایکرد ئەزمونی دوێنێمان لەپەرلەماندا تاڕادەیەکی زۆر لەکەدار بێت و پەرلەمانێکی ئەکتیڤمان نەبێت. لەدوا دانیشتنی ئەم پەرلەمانەدا کورسیەکان و هۆڵی پەرلەمان بۆ کاندیدە نوێکانی دەرچوی دواین هەڵبژاردنی کوردستان چۆڵ بکەن، کە لەلایەک رەنگاورەنگترو زۆرترین لایە، نوێنەرایەتی تیادا دەکەن و لەلایەکی تر لەسەردەم و بارودۆخێکی تازەدا دەستی بەکارەکانی کردووە، بارودۆخی تایبەتی عێراق و کوردستانیش زیاتر لەجاران وا دەخوازێ کورد خاوەنی پەرلەمانێکی هەڵسوڕاو کاریگەرو بەدەسەڵات بێت. تا ببێتە باڵاترین و بەرزترین مەرجەعی کوردستان و هاوکات تاڵی و کەمکوڕیەکانی پەرلەمانی رابردووشمان بیر بەرێتەوە.

جێی خۆیەتی لێرەدا بڵێین گەشبینین بەو پەرلەمانە نوێیەی کوردستان، بەڵام دواخستنی دانیشتنەکان و کۆبونەوەکانی سەرەتایەکی باشی نیە، وەپێویستیشە ئەم پەرلەمانە ئەوپەڕی شەفافیەت بنوێنێ و بەڕاستی جێی گفتوگۆو دیالۆگی ئەندامەکانی بێت و بڕیار گەلی گرنگ و یاسای هاوچەرخانە دەربکاو لەخەم هاوڵاتیاندا بێت و نوێنەرایەتی سیاسی کورد بکا، ئەمانەش نایەنە دی ئەگەر وەک باڵاترین دەسەڵات و دوا مەرجەعی کورد خۆی نەناسێنێ. ■

# کێشەکانی ژنان لەدەزگاکانی راگەیاندندا

ئا/ هەڵمەت هۆشیار

□ **دەزگاکانی راگەیاندن لەسەرانسەری جیهاندا هۆکارێکن بۆ خستنەڕووی کێشەکان و دروست کردنی رای گشتی لەسەر کێشەکان، بەشێوەیەک کەدەسەڵات و کۆمەڵگەش ناچار دەکەن خۆیان چاک بکەن و چارەسەری گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەو کێشەیە.**

**ئەمڕۆ لەکوردستاندا چەندین دەزگای جۆراوجۆری راگەیاندنمان وەکو TV، رادیۆ، رۆژنامە، گۆڤار، بڵاوکراوە) هەیە کەهەریەکەیان ئامانجی جۆراوجۆریان هەیەو بەرنامەی جۆراوجۆری تێدا بەدی دەکرێت،**

**ژنان لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەر لەکۆنەوە پەراوێز خراوبوون و هەمیشە مافەکانیان لەژێر دەستی پیاوان دا بووە، بۆ ژنان نەبوو کەمترین مافی خۆیان داوا بکەن هەمیشە ئەوان بڕیار دەری چارەنووسی ئەمان بوون، ئەمڕۆ لەسایەی زیاتر بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەی کوردی تاڕادەیەک ئازادییەک بەژنان دراوە کەسەرەتاییترین مافی خۆیان دەستەبەر بکەن.**

**بۆ زیاتر تێگەیشتن لەخستنەڕووی کێشەکانی ژنان لەدەزگاکانەوەو پێشنیاری گونجاو چەند کەسێکمان دواند کەخۆیان لەراگەیاندنەکاندا کار دەکەن و دوو پرسیاریان ئاراستە کرا.**

**×ئایا تاچەند دەزگاکانی راگەیاندنی ئەمڕۆی کوردی توانیویانە کێشەکانی ژنان بوروژێنن؟**

**×چی بکرێت بۆ زیاتر خستنەڕووی کێشەکان لەو دەزگایانەوە؟**

**×تارا محسن – راگەیاندنی یەکێتی ژنان**

لەڕاستیدا کێشەکان وەکو وروژاندن وروژێندراوە و باسکراوەو باس ئەکرێت لەهەموو میدیاکاندا. گەر باسی کێشەکان بکەین باس دەکرێت، بەتایبەتی کێشەی خۆ سوتاندنی ژنان، ئەمەیان زۆر زۆر باس دەکرێت و باسکراوە و زۆریشی لەسەر وتراوە، رۆژانە لەزۆربەی رۆژنامەکاندا دەبینین باس لەوە دەکرێت ئەو ژنە یان ئەو کچە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی خۆی سوتاندووە، راگەیاندنەکانی سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان و بەتایبەتی ئێمە چەندین ئیشی جۆراوجۆرمان کردووە بۆ روونکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بەڵام من هەست ئەکەم ئەوەندەی شتەکان وروژاندنە زیاتر چارەسەرکردن نییە. ئەوەندەی باسکردنە ئەوەندە ئیشی عەمەلی بۆ نەکراوە، بەڵێ تۆ لەمیدیایەکەوە باسی ئەکەیت.

بەڕای من ژنەکان هێندە رادەی رۆشنبیرییان بەرز نییە کەبێت رۆژنامەیەک بخوێنێتەوە، ژنی ئێمە زۆر دوورە لەمەسەلەی خوێندنەوەی رۆژنامەو بڵاوکراوەکان، کاتێ تۆ بابەتەکەش دەنووسیت و کێشەکان دەوروژێنی بەڵام ئەو نایخوێنێتەوە، ژنەکانی ئێمە ئەگەر ئەوەندە هوشیارییەکیان هەبووایە بەڕای من خۆی نە ئەگەیاندە رادەی سوتاندن، راستە بەبۆچوونی هەندێ پزیشکی دەرونی ئەو حاڵەتە مرۆڤ لەئاگایی خۆی دەچێتە دەرەوە، ئێمە گەورەترین کێشەی دایکمان هەیە کەتاکو ئێستا چارەسەر نەکراوە، کوانێ حەزانات بۆ دایکی ئیشکەر؟

خۆمان زۆرینەی کێشەکانمان مەسەلەی


تارا محسن

عەشایەرین ئەبێ دەزگاکان بچنە ناو خەڵکەوە بۆ کێشەکان، کێشە لەسەر کورسی و مێز چارەسەر ناکرێ، ئەبێ بچینە ناویانەوە کار ابین و ئیش بکەین، بچینە ناویانەوە رێنماییان بکەین حەق و حقوقیان پێبڵێین ئەمەش پێویستە خەڵکی تایبەت دانێین بەو کارانەو مەسەلەکان هەر وروژاندن و باسکردن نەبێت بەڵکو ئیش کردن بێت بۆی لەو شوێنەدا کەکێشەکەی تێدایە، واتا پێویستە بەرنامەکان مەیدانی بکرێت، با من هەر لەرۆژنامەکاندا باسی بکەم راستە دەوری خۆی هەیە بەڵام بۆ کەسانێکە کەخۆیان رۆشنبیرن، رۆشنبیر رۆژنامە دەخوێنێتەوە ژنێکی لادێ نایەت رۆژنامە بخوێنێتەوە، نایخوێنێتەوەو ئەسڵەن هەر پێی ناگات، بۆیە پێویستی بەکەناڵێکی تەلەفزیۆنیە ببینێ، یان یەکێ بچێ مەیدانی ئیشی بۆ بکات و روونکردنەوەیان بداتێ.

**×لانە سەلاح – کارمەندی رادیۆی مەڵبەندی سلێمانی**

تا ئەو کاتەی کەژنان لەسەر کێشەکانی خۆیان قسەیان کردبێت راگەیاندن توانیویەتی دەرگای خۆی لەبەردەم کێشەکانیدا ئاوەڵا بکات، پێم وایە هیچ گرفتێک نیە لەوبارەیەوە کەژنان رێگریان بۆ دروست بێت لەراگەیاندنەکاندا، هەموو راگەیاندنەکانیش ئامادەن بابەتی تەواو بەکێشەکانی ژنان بدەن کەژنان بۆ خۆیان ئامادە بن قسە لەسەر کێشەکانیان بکەن.

×کێشەی ژنان تەنها بەخستنەڕووی لەکەناڵەکانی راگەیاندنەوە چارەسەر نابێت، لەوانە خستنەڕووی کێشەکە تەنها بۆئەوە بێت چارەسەریشی بۆ بکرێت.

چارەسەریش ئەبێ فرە لایەن بێت هەر لەدەستکاری کردنی پرۆگرامی خوێندن و چاککردنی باری پەروەردەیی خێزان و پشتگیری کردنی ژنان بۆ بەشداربوون لەکاری سیاسی و بەشداری کردن لەدەرکردنی بڕیاردا.

بۆئەوەی بڕیارەکان بەوشێوەیە بن کەڕێز لەیەکسانی ژنان بگرێ. دەزگاکانی راگەیاندنیش بەگشتی پێویستیان بەوەیە بەرنامەی تایبەتیان هەبێت کەلەدیدێکی تەسکەوە نەڕواننە مافەکانی ژنان. بەڵکو وەک یەکێک لەبنەماکانی چەسپاندنی یەکسانی لەناو کۆمەڵگەدا تەماشای بکەن.

**تارا محسن:**

**ئەبێ دەزگاکان بچنە ناو خەڵکەوە بۆ کێشەکان، کێشە لەسەر کورسی و مێز چارەسەر ناکرێ، ئەبێ بچینە ناویانەوە کار ابین و ئیش بکەین، بچینە ناویانەوە رێنماییان بکەین حەق و حقوقیان پێبڵێین ئەمەش پێویستە خەڵکی تایبەت دانێین بەو کارانەو مەسەلەکان هەر وروژاندن و باسکردن نەبێت بەڵکو ئیش کردن بێت بۆی لەو شوێنەدا کە کێشەکەی تێدایە**

**×راوێژ عوبێد – رۆژنامەی ژیانەوە**

-بێگومان ئەمە پرسیارێکی گرنگە دەبێ ئەمڕۆ زۆربەی راگەیاندنەکان بوروژێنن لەبەرئەوەی ژنان بەشێکی گرنگ و چالاکی کۆمەڵن لەبەرئەوەی میدیاکانی کوردی وەکو زۆربەی دەزگاکانی تر میدیایەکی نێر سالاریە، کەواتە نەیانتوانیوە وەکو پێویست کێشەو داخوازیەکانی ژنان بوروژێنن، ئەمەش بێگومان گرفتێکی زۆر زۆری دروست کردووە بۆئەوەی کەژنان هەمیشە پلە دوون، هەمیشە چینێکی ناهۆشیارن، هەمیشە نەخوێندەوارن لەبەرئەوەی راگەیاندن وەکو پێویست باسیان لەداخوازیەکانی ژنان نەکردووە، بەڵام ئێستا ئێمە وەکو رۆژنامەکەمان هەمیشە هەوڵمان داوە هەموو ئەو کێشانە بخەینەڕوو وە ئەو یاسایانەی کەژن تیایدا پلە دووە بیگۆڕین و چیدی ژن وەکو پلە دوو تەماشا نەکرێن.

×بێگومان ئەگەر ژنانیش میدیایەکی تایبەت بەخۆیان هەبێت ئەو کێشانە زیاتر ئەخرێنەڕوو لەبەرئەوەی خۆیان ئەتوانن باشتر تەعبیر لەکێشەکانی خۆیان بکەن وەک لەوەی پیاوێک تەعبیر لەکێشەکانیان بکات، کەواتە دامەزراندنی میدیایەکی کوردی تایبەت بەژنان باشترین چارەسەرە بۆئەوەی کەباشتر کێشەکانی ژنان بخرێتەڕوو وە کەناڵێکی سەرتاسەری بێت وەکو چۆن کوردسات هەیە، بۆئەوەی ژنان لەناوخۆو لەدەرەوەی کوردستانیش بزانن چی ئەکەن و چی ناکەن، هەرچەندە ئیشی زۆر کراوە بەڵام نەبونی کەناڵێک ئەوانەی ونکردووە.


جوان بەهادین

**×جوان مەجید – بێژەری رادیۆ**

-دیارە ئێمە لەکۆمەڵگەیەکداین وابەستەین بەچەندین داب و نەریتەوە کەزۆربەی هەرەزۆریان ژنان زەرەرمەندن تیایداو ژنان دەبنە قوربانی و زۆربەی ئەو کێشانەی رووبەڕووی ژنان دەبێتەوە لەناو خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت لەدوای راپەڕینەوە خۆشبەختانە چەندین رۆژنامەو گۆڤارو تیڤی و رادیۆ هاتنە کایەوە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ سودیان لێوەرگرتووە.

لەمانەش گرنگتر کەرۆژنامەو گۆڤارو تەنانەت رادیۆش هەبێت تایبەت بێت بەژنان لەگەڵ چەندین رێکخراوی تایبەت بەژنان، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا دەزگاکانی راگەیاندن نەیانتوانیوە لەئاستی پێویستدا کێشەو گیروگرفتەکان بخەنەڕوو.

-پێویستە ئەو دەزگایانە خۆیان بچنە ناو ژنانەوەو لەکێشەو گیروگرفتەکان بکۆڵنەوە، تەنانەت بەشێوەیەکی وا بتوانن چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە هەروەها راگەیاندنەکان بتوانن لەڕێگەی پرۆگرام و بەرنامەکانیانەوە پەرە بەبواری رۆشنبیری بدرێت بۆئەوەی کەمترین کێشە رووبەڕووی ژنان ببێتەوە.

**×جوان بەهادین – رۆژنامەی ژیانەوە**

-دەزگاکانی راگەیاندنی کوردی کەئەڵێم کوردی دیارە تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە ئێمە باس لەدەزگای راگەیاندنی دەرەوەی خۆمان ناکەین.

دەزگای راگەیاندنی کوردی نەک هەر کێشەی ژنان بەڵکو کێشەکانی تری کۆمەڵگەش تاڕادەیەک لاواز دەیخەنەڕوو. بۆ نمونە بێجگە لەکێشەی ژنان، کێشەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کەدەزگای راگەیاندنی ئەمڕۆ لەئاست نەتەوایەتی و گۆڕانکاریە سیاسییەکانی عێراق و کورد بەتایبەتی کەمتەرخەمن و وەکو پێویست کاری بۆ ناکەن بۆ ئاراستەکردنی گەل بۆ مهامێک، ئاراستەکردنیان بەشێوازێک تا بگەینە رێگە چارەیەک بۆئەوەی کورد لەم کاتەدا زۆرترین ئیجابیات بەدەست بهێنێت ئەمە ئەگەر بچوکی کەینەوە بۆ کێشەکانی ژنان وای بۆ دەچم لەو کێشانەی تر باشتر نیە ئەکرێ بشڵێم زۆر لاوازترە هەرچەندە چەندین بەرنامە هەیە لەرادیۆو تیڤییەکانەوەو چەندین رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەژنان، بەڵام هێشتا لەئاستی پێویستدا نین.

چونکە کێشەکانی ژنان زۆر لەوە زیاترو ئاڵۆزترن کەئێمە بتوانین لەراگەیاندنەکانەوە چارەسەری بکەین یان بیخەینەڕوو، بێجگە لەوە ئێمە خۆمان لاوازیمان هەیە لەراگەیاندن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر راگەیاندنەکانیشمان باش بێت خەڵکی ئێمە نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی کەگوێ لەراگەیاندن بگرێت تاوەکو چارەسەری بکات، یان تۆ بەرنامەت هەبێت لەسەر ژنان چەندی بەرنامەکە بەهێزیش بێت خەڵکەکە وەکو پێویست گوێی لێناگرن.

خۆمان خەمساردین جگە لەوەش راگەیاندن خەمساردە خەڵکەکەش ئەو ئاستەی نییە تاوەکو لەڕێگەی راگەیاندنەوە بیر لەچارەسەر بکاتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ژنان خۆمان خەمساردین، لەسلێمانی (٧-٨) بڵاوکراوەی ژنان هەیە لەگۆڤارو رۆژنامە بەڵام کێشەی ئەوەیە راگەیاندنەکانمان قسەکەری ژن نیە ئەکرێ یاسی ژن بکات بەڵام قسەکەری ژن نیە منی ژن نیم باس لەمعاناتی خۆم بکەم پیاوێک باس لەمعاناتی من دەکات، ئیتر من بۆچی باس ناکەم؟ ئەوەیە پرسیارەکە، لەکۆمەڵگەکە ئەترسم یان لەبەر هەر شتێک، هەست ئەکەم خۆمان خەمساردین و راگەیاندنەکانیش لاوازن.

-دەزگای راگەیاندن بۆ خەڵکە پێش هەموو شتێک و پێش ئەوەی ئێمە لەسەر راگەیاندن ئیش کەین باشتر وایە ئیشەکان لەسەر خەڵکی لەسەر ژنان بێت، پاشان وا لەخەڵکی بکەین کەلەڕێی راگەیاندنەوە گوێ لەوە بگرێ بزانێ چارەسەری کێشەکانی چییەو چۆنە هەر هیچ نەبێ رێنمایی لێوەر بگرێ، ئەکرێ ئێمە بەرنامەشمان هەبێ بەشێوەیەکی تریش ئەتوانین چارەسەری بکەین مەرجیش نیە ئەم بۆچوونانە سەدا سەد بێت ئەتوان تۆ بەشێوازێکی تر ئەو راگەیاندنە خوێندنەوەی عەقڵی بەرامبەر بێ، خەڵکی ئێمە زیاتر بەدوای تەرفیهدا دەگەڕێن دەتوانرێ بەرنامەیەکی وا دابنرێت لەپاڵ تەرفیهدا خزمەت بەباسەکە بکات واتا ئامانجی راستەقینەی بابەتەکە لەدەست نەدات.

**×سەعدیە غازی- بێژەری رادیۆی مەڵبەندی کەرکوک**

-هەرچەندە دەزگاکان بەپێی بارودۆخە جیاجیاکان توانیویەتی زۆرینەی کێشەکانی ژنان بخاتەڕوو لەهەموو دەزگا جۆربەجۆرەکانی راگەیاندن، بەڵام راگەیاندن هێشتا هەر سستی تیا بەدی دەکرێت، وروژاندنی کێشەکان ئەو وروژاندنە نیە بەپێی پێویست بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا پێویست بەزیاتر ئەکات.

-پێویستە ئەو کێشانەی کەئەبێتە هۆی دروست بوونی بۆ ژنان زۆر لەژنان تیایدا زەرەرمەند ئەبن و زۆرجار کەبەهۆیەوە ژیانیان لەکیس دەچێت بەدواداچوون بکەن بۆئەوەی ئەو کێشانە بنەبڕ بکرێت وە یاخود دووبارە نەکرێتەوەو سزای بۆ دابنرێت و تاوانبار لەو رێگەیەوە واتا دەزگاکانی راگەیاندن بخرێتەڕوو هەر لەو رێگەیەوە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان بخرێنەڕوو پێشنیاری گونجاو بکرێت.

هەروەها بەهەر شێوەیەک بێت هەوڵبدرێت ژنانمان زیاتر رۆشنبیرکەین وە دانانی کەناڵێک پەیوەست نەبێت بەهیچ حیزب و دەسەڵاتێکەوە.

بۆ زیاتر پاڵپشتی کردنی کێشەکانی ژنان و بەکارهێنانی زۆر جۆری پەیوەندی کردن بەو


هەتاو وەلی

کەناڵەوە گرنگە ئەو کەناڵەش کەسانی پسپۆر سەرپەرشتی بکەن کەسانێک بن کەبەڕاستی هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژنان بدەن تاکو چیتر ژنان کەس نەتوانێت یاری بەچارەنووسیان و هەست و سۆزیان بکات.

**×هەتاو وەلی –بێژەری رادیۆ**

-دەزگاکانی راگەیاندن دەورێکی سەرەکیان هەیە لەبەئاگاهێنانەوەی ژنان و کچان وەژنانی ئەمڕۆ زۆرترین هەلی ئەوەیان بۆ رەخساوە کەبەشداری لەکارەکاندا بکەن وە دەبینین کەرێژەیەکی زۆر لەژنان و کچان لەدام و دەزگاکان دامەزراون، راگەیاندن هاوکارە ئەگەر ژنان خۆیان بێدەنگ نەبن لەئاستی مافەکانی خۆیان.

-ئەگەر هەر یەکێک لەئێمەی ژنان هەوڵ نەدەین و خەمسارد بین بۆ بەدەست هێنانی مافەکانمان بێگومان رەگەزی بەرامبەر ئامادە نیە هەستێ بەداکۆکی کردن لەمافەکانی ژنان کەوابوو لەم کاتەدا دەزگاکانی راگەیاندن خەمسارد دەبن لەئاستی خستنەڕووی کێشەکان.

**سەرەنجام**

×کردنەوەی دەزگایەکی راگەیاندنی تایبەت بەژنان واتا (تیڤی) کەزمانحاڵی ژنان بێت و سەربەست بێت و ئازادانە کارەکانی خۆی رایی بکات و ژنان خۆیان قسە بکەن لەسەر کێشەکانیان.

×هەوڵدان بۆ سازدانی بەرنامەی مەیدانی جۆراوجۆر کە لەناو جەرگەی کێشەکانەوە ئەنجامبدرێت جا ئەو بەرنامانە پێویستە جۆراوجۆر بێت بۆ زیاتر رۆشنبیرکردنی کچان و ژنان.

×تاڕادەیەک ژنان خۆشیان خەمساردییان پێوە دیارە لەئاست کێشەکانیان چونکە کەمتر دەتوانن بەسەر کێشەکاندا زاڵ بن و بەزووترین کات بڕیاری خێرا دەدەن کەهەندێ جار گیان بەخشین کۆتاییەکەیەتی. ■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 3



# بائەو گرانیەی بازاڕ چارەسەر بکرێت و خەڵک بەکرێی پاسەوە فریو مەدەن

**ئا/ هێدی گەلاڵی**

□ ماوەی هەفتەیەک دەبێت کرێی پاسەکانی هێڵەکانی ناو شار لە ١٥٠ دینارەوە کرا بە ٢٥٠ دینار. خەڵکانێکی زۆر گلەیی دەکەن کەئەمە بڕیارێکی ناڕەوایە.. بۆیە ڕۆژانە نەفەرەکان لەناو پاسدا مشتومڕو قسەو باسی لەسەر دەکەن.. نەفەرەکان پێیانوایە کەئەم زیادکردنی کرێی هاتوچۆیە ستەمێکە لەمیللەت و خەڵکی خوارەوە دەکرێت..

هەر لەناو پاسەکاندا کاتێک نەفەرێ لەشۆفێرەکە دەپرسێ.. بۆچی کرێتان زیاد کردووە؟ لەوەڵامدا بەنەفەرەکان ئەڵێت: خەرجی ئۆتۆمبێل و پێداویستیەکانی ئۆتۆمبێل گرانە..! نەفەرەکان دڵنیا دەکاتەوە کەئەمە بڕیاری حکومەتەو لەپارێزگای سلێمانی بپرسن..

هەربۆیە چوینە لای هەندێک لەو هاوڵاتیانەی کەڕۆژانە زیاتر لەدووجار بەپاس هاتوچۆ دەکەن و

## خوێندکارێکی زانکۆ: بەڕاستی تەنها شتێک کەزیاتر خەڵکی بێزار کردووە گرانی جلوبەرگ و میوەو هەموو ئەو شتانەیە کەحکومەت دەسەڵاتی نەماوە بەسەریانداو بازرگان و کاسبەکان خۆیان حکومەت و هەموو شتێکن

لەگەڕەکە جیاجیاکانی شاری سلێمانیدان و بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان و یان چونیان بۆ فەرمانگەکان و شوێنە حوکمیەکان چەند جارێک دێن و دەچن. لەوەڵامی پرسیارێکماندا لەگەڵ م. فەرهاد سولەیمان لەسەر ئەوەی کەتا چەند بونی کرێی پاس بە (٢٥٠) دینار بۆتە هۆی ئەوەی کەلەڕووی مادییەوە ئەم کرێیە زۆرە یان نا ئەویش لەوەڵامدا وتی/ سوپاستان دەکەم، کاکە من مامۆستام خاوەنی خێزانم ڕۆژانە دوای دەوام بەلایەنی کەمەوە جارێک یان دوو جار دەچمە بازاڕ یان خێزانەکەم بەهەمان شێوە بەڵام بۆ پرسیارەکەی بەڕێزتان کە (٢٥٠) دینار کرێی پاس زۆرە یان نا.. من وەکو خۆم دەڵێم شتێکی ئەوتۆ زیادی نەکردووە، حکومەت هەندێک شتی تری فەرامۆش کردووە لەبازاڕداو کەلوپەل و میوەو گۆشت.. هتد ئەمانە گرانن و گیرفانی خەڵکیان هەڵتەکاندووە بەئەندازەیەک گرانیە ئەگەر لەڕۆژێک دا (٢٠٠٠) دیناریش بدەم بەپاس هیچ کێشە نییە لەچاو ئەو گرانیە زۆرەی لەبازاڕداکەوتۆتەوە.. بۆیە من داوا دەکەم بائەو گرانیەی بازاڕ چارەسەر بکرێت و خەڵک بەکرێی پاسەوە فریو مەدەن!.

دواتر هەر لەهەمان شوێندا (گەراجی پاسەکانی سەرچنار) خوێندکارێکی زانکۆمان دواندو لێمان پرسی کەزیادکردنی کرێی پاس بۆ (٢٥٠) دینار تۆ وەکو خوێندکارێک تاچەند لەگەڵ گوزەرانی ڕۆژانەتدا دەگونجێ، بەڕێزی لەوەڵامدا وتی: من خوێندکاری زانکۆی سلێمانیم.. خۆمان ماڵمان لەسەرچنارە.. هەندێک ڕۆژ من دەبێت تەنها لەبەیانیەکەیداکەدەچمە زانکۆ دوو پاس بکەم.. بەڵام ئەوەتەی بۆتە (٢٥٠) دینار من یەک پاس دەکەم و ئەو ماوەیەی تر بەپێ دەچم بۆ زانکۆ چونکە بەڕاستی من خوێندکارم، ناتوانم بەردەوام بەم شێوەیە کرێ بدەم چونکە بەیانیان دوو پاس و ئێواران دووپاس ئەوە ڕۆژی (١٠٠٠) دینار دەکات ئەمەش بۆ منی خوێندکار زۆرە.. بەڵام قسەکە هەر لەسەر کرێی پاس نییە.. کاکە تۆ ئەچیتە بازاڕ داوای کیلۆیەک سێو دەکەیت کابرای بەقاڵ دەڵێ (ئێرانی.. عێراقی.. لوبنانی.. تورکی) ئەمە چیە ئەم هەموو جۆرە هەمویشی گرانە بەڕاستی تەنها شتێک کەزیاتر خەڵکی بێزار کردووە گرانی جلوبەرگ و میوەو هەموو ئەو شتانەیە کەحکومەت دەسەڵاتی نەماوە بەسەریانداو بازرگان و کاسبەکان خۆیان حکومەت و هەموو شتێکن.

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو ئاگاداربوون لەو ڕەوشەو هەندێ کارنامەی تری پارێزگاری سلێمانی.. لەپەیوەندیەکدا وتەبێژێکی ڕەسمی لەئەنجومەنی پارێزگادا پێی ڕاگەیاندین بەتەلەفۆن ئەم بابەتەمان



باس کردو کۆمەڵێک پرسیاری تری تایبەت بەئەرکی لەمەودوای پارێزگا چی ئەبێت، ئاراستەکرد

-زیادکردنی کرێی پاسەکانی هێڵەکانی ناو شاری سلێمانی لەلایەن ئێمەوە نەبووە.. شۆفێرەکان خۆیان زیادیان کردووە..!

×بەڵام ئەوان سورن لەسەر ئەوە کەبڕیاری حکومەتە؟

-نەخێر قسەکانیان هیچ بنەمایەکی نیە.،

×ئەی چارەسەر چۆن دەبێت؟

-ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا.. بەم زووانە بەتەمایین تاکسی بۆ هێڵەکان دابین بکەین.. هاوکات پاسەکان ئازاد ئەکەین کەبۆی هەیە لەچ هێڵێکدا ئیش دەکات ئازادە.

×کەواتە کرێی پاسەکانی ناو شار هەر بە (٢٥٠) دیناری دەمێنێتەوە؟

-بەڵێ.. کرێیەکە وەک خۆی دەمێنێتەوە!

بەڵام بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەبارەی هاتوچۆی ناو شارو ڕێکخستنەوەیان لیژنەیەک پێکهاتووە لەئەنجومەنی پارێزگاو قائمقامیەتی مەرکەزو لایەنە پەیوەندیدارەکان..

×بەرنامەی نوێتان بەگشتی بۆ خزمەتی خەڵک چییە؟!

-کۆمەڵێک ئیشوکار هەیەکەڕاستەوخۆ پەیوەندارە بەڕۆژانەی ژیانی خەڵک و دانیشتوانی سلێمانی.. کە لەبەرنامەمان دایە.. لەم نزیکانە چەند لیژنەیەک پێک بهێنین بۆ جێبەجێکردنی کارو بەرنامەکانمان کەئەمانەی خوارەوەیە:-

١-لەهەوڵی بەردەوامداین بۆ چاککردنی نرخ و کرێی دوکانەکان.

٢-لیژنەیەک پێکدەهێنین بۆ باری هاتووچۆی ناو شارو کەمکردنەوەی ئەو قەرەباڵخیەی کەبەهۆی هاتووچۆوە دروست بووە.

٣-لیژنەمان پێکهێناوە بۆ تەفعیل کردنی پرۆژەکان و.. لێکۆڵینەوەیان کەتاچەند کارەکان دەڕوات بەڕێوە.. هەموو ئەم لیژنانە بەهەماهەنگی سەرجەم ئەو فەرمانگە پەیوەستدارانە دەبێت کەگوزارشت لەئیشوکارەکانی ئەوان دەکات. لەهەمان کاتدا لەلیژنەکاندا دەبێ نوێنەری هەریەک لەلایەنی بەرپرس و لایەنی پەیوەندیداری سەرجەم سەندیکاو کاسبکارەکان.. هتد.. ئامادە دەبێت.

لەدوا پرسیارماندا کەسەبارەت بەو پیسی و پۆخڵی و پاشماوەی دوکانەکان بوو.. کە بەردەم دوکانەکان پڕیەتی لەموقەباو نایلۆن و... هتد..

## وتەبێژێکی ڕەسمی لە ئەنجومەنی پارێزگا: ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگا.. بەم زووانە بەتەمایین تاکسی بۆ هێڵەکان دابین بکەین، هاوکات پاسەکان ئازاد دەکەین، کە بۆی هەیە لەچ هێڵێکدا ئیش دەکات ئازادە

کەدیمەنێکی ناشیرین بەشۆستەو ناو شار دەبەخشێ..

ئەولەوەڵامدا وتی:

-پاککردنەوەی شۆستەو بەردەم دوکانەکان کاری ئێمە نیە.. بەڵکو ئەمە کاری شارەوانیە پێی هەڵسێ..!!

دواجار دەکرێ بڵێین: بەڕاستی خەڵک چاوەڕوانی ئەرک و کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگایە کەنوێنەری دانیشتوانی شارن و.. هاوڵاتیان دەنگیان پێداون.. بۆئەوەی خزمەتی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵ و پارێزگای سلێمانی بکەن.. بۆیە لێرەوە بەخوێنەران و هاوڵاتیان دەڵێین: چاوەڕوانی هەڵمەتی ئیشوکارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بن..!■

---

# کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان پڵنگی چنگ بەگری ڕۆژە دژوارەکان و.. سەربازە مەشق پێکراوەکانی ئێستای کوردستانی ڕزگارکراو

**ئا/ محەمەد ڕەزا**

**پێشەکی**

×کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان، کوانویەکی پڕ زەخیرەی خزمەتکردنی تێکۆشەرە دێرینەکانەو، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووە، خزمەتی دیارو بەرچاو بگەیەنێت بەو تێکۆشەرە دێرینانە، ئێستا ئەم کۆمیتەیە بۆتە ماڵێک بۆ هەموان و جێگەی شانازی گشت لایەکە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە هەوڵی ئەوەی داوە ببێتە پردێکی پەیوەندی نێوان پێشمەرگەی دێرین و لێپرسراوانی سیاسی و سەربازی (ی.ن.ک)، هەروەها لەناو لێپرسراوان و چین و توێژەکانی کۆمەڵدا ئەم کۆمیتەیە قورسایی خۆی هەیەو بەچاوی ڕێزەوە لێی دەڕوانرێت، ئەگەرچی لێپرسراوو ئەندامانی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان، لەکەسی پێشمەرگەی دێرین و خاوەن خەباتێکی زۆری شاخ دروست کراوە، بەڵام لەسەردەمی ئێستای دامەزراندنی حکومەتی خۆماڵی گەلەکەماندا کارەکانیان مۆدێرنانەو شارستانیانە بەرجەستە ئەکەن و خودی لێپرسراوو ئەندامەکانی خولی مەشقی سەربازیی بنییوە و پلەی ئەفسەرییان پێ بەخشراوە، کەبریتییە لەلیواو عەقیدو مقدم و تا دوایی، بەمەبەستی ناساندنی ئەم کۆمیتەیە بە تێکۆشەرانی و هاوڵاتیانی گەلەکەمان، سەردانمان کردن و ئەم



**حەداد: ×سوپاسی هەموو ئەو کەسانە ئەکەین.. کە لەنزیکەوە هاوکاری کۆمیتەکەیان کردووە بەتایبەتی دادە هێرۆخان و (ف. گ. هـ.پ.ک).**

گەشتە ڕۆژنامەوانیەمان لەگەڵدا سازکردن و سەرەتا کاک (سامان سەعید) کەناسراوە بەڕەئیس وەک لێپرسراوی کۆمیتەکە ئاوا بۆمان دوا:

-کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، کۆمەڵێک تێکۆشەری بەئەزمون بەڕێوەیان بردووەو، مەبەست لەدامەزراندنی کۆمیتەکەش، لەسەر چەند بنچینەیەکی بەرچاو خۆی دەبینێتەوە، یەک لەوانە بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی پێشمەرگە دێرینەکان کەلەیەکتری دابڕابون لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان، هەر لەسەرەتاشەوە کاری زۆرمان بۆ ئەو پێشمەرگە دێرینانە ئەنجامداوە، هەر لەدامەزراندن و وەرگرتنی زەوی بۆیان و ناردنی چەندان پێشمەرگەی دێرین بۆ نەخۆشخانەی شۆڕش بەمەبەستی نەشتەرگەری کردنیان و چارەسەرکردنیان، ئێمە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدا بووین کاری باش و گونجاویان بۆ بکەین و هەر کات هەر پێشمەرگەیەکی دێرین ڕووی کردبێتە ئەم کۆمیتەیە، بۆ کارێک ئەوەندەی لەدەسەڵاتی ئێمەدا بووبێت و لەتواناماندا بووبێت، بەبێ درێغی کردن هاوکاریمان کردون، بەڕاستی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان.. کۆمیتەی هەموانەو بەدڵنیاییەوە وەک خەمخۆرێک توانراوە ئەم کۆمیتەیە بەشێوەیەکی بەرچاو کارەکانی خۆی بەسەرکەوتویی ئەنجامبدات بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئەو تێکۆشەرە دێرینانە.

×سەبارەت بەهەندێ وردەکاری دیکە لەم کۆمیتەیەدا (حەداد تەها سلێمان) وەکو کارگێڕی کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان قسەی بۆ کردین و گوتی:

-کاک ڕەئیس وەک لێپرسراوی ئەم کۆمیتەیە زۆر ماندوو بووەو هەوڵی زۆری داوە بۆ سەرخستنی کارەکانمان، کەکارکردنە بۆ خزمەتکردنی پێشمەرگەی دێرین و هاوسەنگەرەکانی هاوڕێمان، واتە ئەو بەڕێزانەی لەلامان تۆمار کراون، من وەک



**ڕەئیس: ×هەر کات هەر پێشمەرگەیەکی دێرین.. ڕوی کردبێتە ئەم کۆمیتەیە بۆ هەر کارێک.. بەبێ درێغی کردن ئیشمان بۆ کردووە.**

کارگێڕ کارم کردووە لەم کۆمیتەیەداو ئەوەی لێپرسراوی کۆمیتەکە پێی سپاردبم بەباشی جێبەجێم کردووە، پاشان ئەو برادەرانەی دیکەش هەریەکەو کارێکی پێ سپێردراوەو هەموو پێکەوە زۆر کۆکین و وەک برا سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەوکارو فرمانانەین کەپێمانی ئەسپێرن، هەروەها هەردەم لەگەڵ لێپرسراوی کۆمیتەکەداو لەگەڵ ئەندامانداندا سەردانی نەخۆشخانەی شۆڕش و فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و داموو دەزگا حزبی و حکومیەکانمان کردووە، وەک ناساندنی کۆمیتەکە بەو خەڵکانەی لەداموو دەزگاکاندا کاردەکەن، پاشان وەزارەتی ناوخۆ هەمیشە هاوکارمان بون، زۆر سوپاسیان ئەکەین، تاکوو ئەم کۆمیتەیەش پێویستی بەمن هەبێت، هەمیشە بەدڵ و بەگیان کاری تیا ئەکەم لەکۆتایشدا زۆر سوپاسی هەموو ئەوکەسانە ئەکەین کەلەنزیکەوە هاوکارمان بون و بەچاوی ڕێزەوە ڕوانیویانەتە کۆمیتەکەمان بەتایبەتیش (ف.گ. هـ. پ.ک) و خوشکی گەورەمان دادە هێرۆخان کەهەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم کۆمیتەیەوە بەجدی هاوکاری زۆری کردوین بەئێستاشەوە.

×هەر لەمیانەی گەشتەکەماندا، بۆ کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان، زۆر خزمەتی گەورە گەورەمان بەچاوی خۆمان بەدیکرد کەماندونەناسەکانی ئەم کۆمیتەیە کاریان بۆ کردووەو تیایدا پێشمەرگەی دێرین سودمەند بووە، یەکێک لەو خزمەتە گەورانە، دوا بەدوای هاتنە ئارای خانەنشین کردنی پێشمەرگەی دێرین، کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان، ڕۆڵی زۆر باشیان بینیوە بۆ دەستنیشانکردنی پێشمەرگەی دێرین و ناساندنی خەباتو تێکۆشانیان بەگوێرەی ساڵ و ڕۆژی پێشمەرگایەتی و لەسەر ئەساسی (استحقاق) و بێ ئەوەی بهێڵن هیچ کارێکی ڕۆتین و واستەو واستەکاری بەسەریاندا تێپەڕێت، کەهەریەکەیان بەگوێرەی خەباتو تێکۆشانیان مافەکانیان دراوەتێ و هیچ کەسێکیش لەو ڕووەوە گازەندەو گلەیی ئەوتۆی نیە، لەوبارەیەوە (وەستا غەفور) ئەندامێکی کارای کۆمیتەی باڵای پێشمەرگە دێرینەکان قسەی بۆ کردین و تیشکی خستە سەر چۆنیەتی خانەنشین کردنی هەموو ئەو پێشمەرگە دێرینانەی لەساڵانی ڕابردودا پڵنگ ئاسا گیانی بەرگری و مقاوەمەتیان بست بەبستی ئەم کوردستانەیان ڕۆشن کردۆتەوەو گیانبازیان لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکەیاندا کردووە، بۆ ئەو مەبەستەش بەڕێز (وەستا غەفور) دەڵێ:

-دوای ئەوەی بەکتابی ڕەسمی ئاگادارکراینەوە لەلایەن (ف.گ.ە. پ.ک) نەوە، کاربکەین بۆ خانەنشین کردنی پێشمەرگە دێرینەکان، بەر لەهەموو شتێک هەستاین بەدروستکردنی لیژنەیەک، کەکاک ڕەئیس سەرۆکی ئەولیژنەیە بوو من و کاک حەداد تیایدا ئەندام بووین، پاشان هەستاین بەدروستکردنی فۆرم و دابەشمان کرد بەسەر ئەو پێشمەرگانەی کەدەیانویست خانەنشین بکرێن لەهەردوو ڕەگەز، کەهەریەکەیان بەپێی خزمەتی ساڵی پێشمەرگایەتی پڕیان دەکردەوە، هەموو سەرجەم مستەمسەکاتەکانی داوا دەکرا لەو پێشمەرگەیە دەبو لەفایلەکەیدا هەیبێت و هێنابێتی، ئەوەبوو کۆمەڵێک تێکۆشەری باش خانەنشین کران، پاش تەواوبونیان لای ئێمە ڕەوانەی لیژنەی باڵای خانەنشینمان کرد فۆرم و معامەلاتەکانیان، کەدەمەوێت لەم چاوپێکەوتنەدا بەناوی هەموانەوە سوپاسی زۆری وەستا ڕەسوڵ و کاک (سەلاح) و هەموو ئەو برادەرانە بکەم کە لەلیژنەی باڵای خانەنشین بوون و هاوکاری زۆریان ئەکردین و ئەو فۆرمانەی ئەماننارد لایان زۆر بەبایەخەوە وەریان ئەگرت لێمان و بەدڵسۆزییەوە کارەکانیان بۆ تەواو ئەکردین، لەخانەنشین کردنی پێشمەرگە دێرینەکان دا چ ژن چ پیاو دوبارە زۆر سوپاسیان ئەکەین.



**وەستا غەفور: ×هەستاین بەدروستکردنی فۆرم و دابەشمان کرد بەسەر ئەو پێشمەرگانەی کەدەیانویست خانەنشین بکرێن لەهەردوو ڕەگەز**

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 4



# دوای ٢٦ ساڵ بەڵگەکانی قاڕنا دەرکەوتن

**(١-٢)**

**ئامادە کردن و نووسینی: م. ئەحمەدی**

□ لەم بارەوە پارێزگاری ئازەربایجانی رۆژئاوا گوتوویانە: (... پێ و شوێنگرتن و دەستگیر کردنی ئەوکەسانەی کە مەرگەساتی قاڕنایان خۆلقاند درێژەی هەیە و بە دوای ئەوەیکە دەستگیر کران ئەدرێنە دادگای باڵای شۆڕش تا دادگایی بکرێن و هەروەها ئەوزەرەروخەسارانەی کە خەڵکی قاڕنا بە هۆی ئەم کارەساتە بەریان کەوتووە هەوڵئەدەین بە تەرخان کردنی بەرنامە و کردەوەی پێویست پێداویستیەکانیان دابین بکەین.)

٦- (ئایەتوڵڵا مووسەوی ئەردەبێڵی) ئەندامی لێژنەی باڵای شورش لە وت و وێژێکدا لە گەڵ رۆژنامەی ئیتلاعات لە رێکەوتی ١٠ی رەزبەری ساڵی ١٣٥٨دا سەبارەت بەوەیکە ئایا لێژنەی باڵای شۆڕش بڕیارێکی بۆ دەستگیری کردنی ئەو کەسانەی کە تراژدیای ئاوایی قاڕنایان خۆلقاند راگەیاندووە یا نا، وتی: (تا ئەوەیٚ کە من بیستوومە فەرمانی پێ و شوێن گرتن دراوە، هەڵبەت دەبێت قەبووڵ بکەین ئەگینا لەئاکامی ئەم شەڕ و دەرگیریانەدا ئامێری زەحمەتێکە کە ئیمپریالیزمی جیهانی هەررۆژ بۆ ئەم نەتەوە پێکی دێنێت وکوچک وکۆڵۆ لە سەر رێگاماندا دادەنێ و لە سەر هەر کردەوەیەک کاریگەری هەیە ... لەم بارودۆخەدا بێ گومان برێک لە بابەتەکان گرینگایەتی یێکی زۆرتریان هەیە و برێکیان ئەنجامەکانیان دەکەونە دێر، بەڵام مەگەر دەبێت کە لە گۆشەیەکەوە غەدرێک بە ئەنجام بگات و تاوانبارانی دادگایی نەکرێن...)

٧- لە رێکەوتی ١٢ی رەشەمەی ساڵی ٥٨دا رۆژنامەی ئیتلاعات بە لە چاپ دانی راپۆرتە هەواڵێک لەم بارەوە کە باس لە چۆنیەتی دارشتنی پیلانەکە دەکات نووسیویە؛ (حەمزە شەریفی) قوتابی ١٥ ساڵە سەبارەت بە کارەساتی ١١ی خەرمانانی قاڕنا بەڵگەیەک ئەدات بە دەستەوە کە زۆر جێی سەرنجە و ناکرێت رەتی بکەینەوە.

بەڵگەکە نامەیەکە لە لایەن کەسێکەوە بە نێو (حاجی عەزیم مەعبوودی) کە بۆ (خەلیل خۆسرەوی) کەیخوا و چەند کەس لە گەورە پیاوانی قاڕنای نووسیوە. ئەم نامەیە کە لە سەر قاغەزی ئارمداری یانەی بازرگانی مەعبوودی نووسراوە رۆژێک بەرلە قەومانی مەرگەساتەکە، واتا ١٠ی خەرمانان، دەگاتە دەستی ئەوکەسانەی کە پێویست بوونە و دەقی نامەکەم بەم شێوەیە: بەرێزان بێهلوول گوڵستان و عەزیز بازدار و خەلیل خۆسرەوی، وێڕای سڵاو داواتان لێ دەکەم بۆ هات وچووی شار بۆ خاروباری ئاوایی قاڕنا هەم خۆتان و هەم دیکەی برادەرانی قاڕنا هات و چووتان بێت. هەر کەسێ بچووکترین گرێ بۆ ئێوەگەل و دیکەی برادەران ساز کرد بێ دەرەنگ پەنا بێنن بۆ خۆم یا ئینتزامات ئاگادار بکەنەوە تا بە تاوانی دوژمنی نیزام و شۆڕشی ئیسلامی دەستگیری بکەین و بیسپێرینە دەستی بەرپرسانی باڵای دەوڵەت، بە هەر حاڵ لەم بارەوە نیگەران مەبن، ئێمە برادەری یەکترین.

لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتووە کە، رۆژی ١١ی خەرمانان، تەواوی دەورووبەری ئاوایی قاڕنا بە تۆپ و تیر و دەبابە گەمارودراوە و لە کات ژمێر ١ی نیوەڕۆدا تاقمێک زۆرتر لە ١٠٠ کەس بە سەرکردەیی کەسێک بە نێوی (قادری) لە چوارچێوەی موجاهێدانی پاسداردا، رژاونەتە نێو ماڵەکان و هێرشیان بردووەتە سەر خەڵک و هەرکەسیان کە گیرکەوتووە، بێ هیچ قسەو باسێ کووشتوویانە و مامۆستای ئایینی قاڕنا لەوکاتەدا بەرگێ قورئانی گرتووەتە دەستەوە و رۆیشتووە بەرەولای ئەوکەسانەی کە هێرشیان بردووتە سەر خەڵکەکە و سوێندیانی داوە کە خەڵکی ئەم ئاواییە بێ تاوانن، هێرش بەران مامۆستای رۆحانیان کوشتووە و سەریان لە لاشەی جیاکردووەتەوە و لە گەڵ خۆیان بردیان.

لەم راپۆرتەدا پیرەمێردێک بە نێوی (سەید ئەحمەد) سەبارەت بەو چەک گەلەی کە بۆ ئەم رووداوە بەکاریان هێناوە ئەڵێت: (تاقمێکیان بە تفەنگ و تاقمێکیان بە چەقۆ و کارد سەر بڕی، و تاقمێکی تریان بە تایبەت منداڵان بە تووکە شەق و پووتین خستە ژێر پێ و خنکاندیان).

ئەم پیرەمێردە کە ٩ کەس لە بنەماڵەی لەم کارەساتەدا کوژراون ئەڵێت: من ئەو رۆژە لە نەغەدەدا بووم و ئێوارە کاتێ گەڕامەوە بۆ قاڕنا، قاڕنا وەکوو جەحەنمی پێ هاتبوو لە بەرچاوم.

لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا ئاماژە کراوە بە نارەزایەتی خەڵک لە هەمبەر ئەوەی کە بە دوای سێ مانگدا هیچ داوخوازێکیان بەراوەرد نەبووە وهەروەها لە سەردانی (داریووش فرووهەر) بۆ ناوچە باس کراوە، کە ئەویش بەڵێنی بە خەڵکداوە کە داوخوازییەکانیان پێ و شوێن بگرێت و تاوانبارانی قاڕنا دادگایی بکەن.

٨- رۆژنامەی ئیتلاعات لە هەواڵێکی جیاوازدا لە هەمان رێکەوتدا نووسیویە: لە مەهاباددا بواری دیالۆگ و ئاخاوتن و باس کردنی بنەرەتی لێژنەی تایبەت لە گەڵ نوێنەرە کوردەکاندا سەبارەت بە رووداوەکانی قاڕنا، سەقز و بۆکان و داوخوازی خەڵکی ئەو ناوچەیە پێک هات.

ئەندازیار (سەباغیان) لە کۆڕی خەڵکدا کە داریووش فرووهەر و حوجەت الاسلام ئەشراقی بەشداریان هەبووە، سەبارەت بە بارودۆخی ئەو کاتەی کوردستان گوتوویە: (سەرەڕای گەلاڵەی شەش بەندی، لە بارەی لێبووردنی گشتی و پێ و شوێن گرتنی داوخوازی بنەماڵەی شەهیدانی رووداوەکانی کوردستان و باسی قاڕنا و ئاڵوگۆڕ و گۆاستنەوەی زیندانیەکان و قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیانە ئابووریەکان پێشنیارگەلێکمان ئاراستە کردووە).

٩- دکتۆر (هاشمی شیرازی) لە وڵامدانەوەی وتارێکی (ئەحمەد عەلی بابایی)دا کە لە ژێر سەردێری (گەورە پیاوانی کوردستان لە کوێن؟) بووە لە رۆژنامەی ئیتلاعاتدا لە رێکەوتی ٢٩ی رەزبەری ساڵی ٥٨دا بە لە چاپدانی بابەتێک نووسیویەتی: تا کاتێکە دژایەتی شیعە و سوننە، تورک و کورد بە ئەنقەست پەرەی پێ دەدەن و تراژدیای گوندی (قاڕنا) روو ئەدات، کێشە و گیرو گرفتەکانی کوردستان چارەسەر ناکرێت.

ناوبراو لەو وتارەکەیدا کە سەرەڕای ئاماژە بە باسەکانی (عەلی ئەحمەدبابایی) بۆ چوونی خۆی سەبارەت بە کوردستان دەردەبڕێ و بە مەحکووم کردنی مەرگەساتی ئاوایی قاڕنا و دیکەی ئەو کردەوە نامرۆڤانانەی کە دژبە خەڵکی کورد ئەنجام دراون ئەڵێت: (قەومی کورد لە دۆستی و برایەتیدا لە مۆم نەرمترن و لە دوژمنی و ناتەبایی دا لە هەر شمشێرێک بە بڕشت ترن، بۆچی لە درگای دوستایەتی و خۆشەویستی و برایەتیەوە ناچنە ناو؟)

شیرازی لە درێژەدا لە وەڵامی ئەوەیکە عەلی ئەحمەدی بابایی نووسیویەتی گەورە پیاوانی کوردستان لە کوێن ئەڵێت: (ئاغای بابایی، گەورە پیاوانی کوردستان بەو بیرەوەرییەتاڵەی کە لە هەوڵ و پێ و شوێنگرتنە دڵسۆزانەکانی باوکی گەورەمان ئایەتوڵڵا تالەقانی هەیانە یا چەکیان هەڵگرت و بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و شەرەف و ئابڕوی خۆیان پەنای بردۆتە داوێنی کیوو بەند و ئێستەش مۆری بێدەنگیان کوتاوە بە سەر لێوی خویاندا).

ناوبراو وێڕای ئەوەیکە بە روونی ئاماژە دەکات بۆ ئەوەیکە پیلانی خۆلقاندن و ئەنجامدانی مەرگەساتی قاڕنا لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی باڵای وڵاتەوە داڕێژرابوو ئەڵێت: بە دوای لە ناوبردنی ئەوکەسانەیدا بگەڕێن کە بەردەوام سیمایێکی ناراستە و خۆ لە خەڵکی کوردستان پیشانی ئیمام ئەدەن و خەڵکی کوردستان بە بیاوانی و نەیار و جەلاد بە ئیمام دەناسێنن.

دکتۆر شیرازی لە درێژەی وڵامەکانی خۆیدا سەبارەت بەوەیکە لە مزگەوتی مەهاباددا هەرچی هەوڵیانداو کە لە نێوان خەڵکدا هەستێک بە ناوی رێبەری شۆڕش بەرپا بکەن نەیان توانیوە و خەڵکەکە نارازی بوونە بە کۆماری ئیسلامی ئەڵێت: (چ کارێکتان بۆ خەڵکی کوردستان کردووە تاکوو دڵخۆش بکەن بە کۆماری ئیسلامی؟)

(هاشمی شیرازی) هەروەها لە وتارەکەیدا ئاماژە بۆ وتارەکەی (تیمسار فربد) کە ئەڵێت نابێت گەلی کورد سەرکوت بکرێن و... وازهێنان و دەست هەڵگرتنی ئەو لە کار و پۆستی خۆی دەکات و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە بارودۆخی رامیاری و دیکەی بوارەکانی تر لە وڵات و ناوچەدا دەردەبڕێ و ئەیەوێت بەرگری بکرێت لە پێشێل کردنی مافی خەڵک و دووپات بوونەوەی قاڕنایەکی تر و....

**پەیوەندی نێوان ژینوساید و قاڕنا**

**پێناسەی ژینوساید:**

-(ژینۆسایید لە واقیعدا پێشێل کردنی مافی تەواوی مرۆڤەکانە. هەروەها کە، کوشتنی مرۆڤەکان باس لە بەرگری و سڕینەوەی مافی ژیان کردن دەکات، ژینۆسایید هەروەها بەمانانی سووکایەتی کردنە بە نێوی مرۆڤایەتی. ئەم کردەوە، فەرهەنگ و شارستانیەتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێشل دەکات و ئەنجامدەران و ئەوکەسانەی کە دەبنە هۆی ژینۆسایید لە هەمبەر جۆری مرۆڤدا، دادەنرێن)(خالی شەشەم لە یاسای دادگای نۆرێنبۆرگ).

-(کوشت و بڕ بە هەر شێوەی چ بگرە، ئیعدام و لە سێ دارەدان، تیرباران کردن، هێرشی نیزامی و کۆکوژی بە کەڵک وەرگرتن لە چەک گەلی سارد و گەرم بێت ژینۆساییدی پێ ئەڵێن)(بڕیارنامەی ساڵی ١٩٤٨).

**مەحکووم کردنی ژینۆسایید:**

-(لە ١٩٥١/٥/٢٨دا دادگای نێونەتەوەیی لە بڕیارنامەیێکدا رایگەیاند: مەبەست لە پەسەند کردنی ئەم بڕیارنامە، مەحکووم کردنی ژینۆسایید، دادگایی کردن بەرپرسان و پاداشتی ئەوان لە چوارچێوەی یاسا نێونەتەوەییەکاندایە).

-لەخالی شەشەم لە بڕیارنامەی ساڵی ١٩٤٨دا هەروەها هاتووە: ئەوکەسانەی کەدەبنە هۆی خۆلقاندنی ژینۆسایید دەبێت لە دادگایێکی نێوخۆییدا دادگایی بکرێن، دادگایی کردن لە دادگایەکی نێوخۆیی ویا لە دادگای ئەوکەسانەیدا کە جەنایەتی جەنگیان کردووە و شەڕیان خۆلقاندوە بە بەشداری نێونەتەوەیی بە ئەنجام دەگات.

بەم پێیە، گەر بڕوانینە لایەنە جۆربەجۆرەکانی مەرگەساتی ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی ئاوایی قاڕنا دەبینین کە بە تەواوی نموونەیکی زۆر روونە لە ژینۆسایید وگەر لە قۆناغێکی سەرتردا بە لەبەرچاو گرتنی رادەی گرنگایەتی ژینۆسایید، بە ئەنجام گەیاندنی ئەو بابەتانەی کە وەکوو ژینۆسایید دێنە ئاراوە بەوە دەگەین کە بە ئاماژە بەو بەڵگانەی کە لەم بارەوە هەن و باسمان لێیان کرد، لە بەڵگەی یەکەمدا، مەحکووم کرژن و لە ژێر تەوژمدا بوونی کومەڵێک بە مەبەستی لە ناوبردن و دادگایی کردن دەبینرێ.

لە بەڵگەی دووهەمدا، کۆکوژی کۆمەڵێکی تایبەت، ژمارەی کوژراوان، دادگایی کردنی ئەو کەسانەی کە بوونەتە هۆی خۆلقاندنی ئەو مەرگەساتە و لە ناوبردن دەبینرێ. لە بەڵگەی سێهەمدا، مەحکووم کردنی ژینۆسایید و دادگایی کردنی ئەوکەسانەی کە بوونەتە هۆی خۆلقاندنی ئەو کارەساتە دێتە ئاراوە. لە بەڵگەی چوارمدا وادیارە کە ئاغای مووسەوی ئەندامی لێژنەی باڵا شۆڕش قەت لە ژینۆسایید تێ نەگەیشتووە و بە هەڵەدەچێتە پێشەوە و لە نامەی ئاغای مەعبوودیدا بۆ گەورەپیاوانی قاڕنا دارشتنی ژینۆسایید دەبینرێ کە سەرکەوتن و لە دیکەی بەڵگەکانی تردا زۆر بە روونی دەبینرێ کە لایەنگری کراوە لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەم پرۆژەیە.

**قاڕنا جۆرێکی تری ئەنفاڵ و هەڵەبجەیە**

بە ئاوڕ دانەوە و بەراوەردێکی کورت لە نێوان هەڵەبجە و ئەنفاڵ و قاڕنادا دەتوانین بە شێوەیکی زۆر روون بڵێین قاڕنا جۆرێکی تری هەڵەبجە یان ئەنفالە، چۆنکوو، هەڵەبجە لە ماوەی رۆژێکدا پێنج هەزارکەسی شەهید بوون، بەڵام قاڕنا لە ماوەی ٣ی کات ژمێردا ٤٨کەسی لێ شەهید بوو. هێرش بردنە سەر هەڵەبجە لە چوارچێوەی شارێکدا بوو بەڵام هێرش بۆ سەر قاڕنا لە چوارچێوەی گوندێکدا بوو کە ئەو هەمووە تاوان و زەرەرەی بەرکەوت و تا ئێستاش خۆلقێنەران و پاداشتی خۆیانیان وەر نەگرتووە. بە هەر حاڵ، کیمیاباران کردنی شاری شەهیدی هەڵەبجە لە لایەن رژێمی بەعسەوە، هەروەها دەسپێکردن و ئەنجام دانی پرۆژەکانی ئەو رژێمە لە هەمبەر کورد و کێشەی کورددا و دەستێوەردانی لە تەواوی بوارەکاندا لە چاوەڕوانی ئاوەها چارەنووسێکدا بووکە رۆژێک بە رووخاندنی دەسەڵاتیان، وێڕای لە ناوبردنی سیستەمێکی دیکتاتۆری ئەو تاوانانەشیان پێ راست بکرێتەوە و دەر ئەنجامەکەشی بوێنن. بێ گومان رۆژێک دێت کە کۆتایی بە دەسەڵاتی خۆلقێنەرانی مەرگەساتی قاڕنا بێت و ئەوانیش وەک سەدام دادگایی بکرێن و دەرئەنجامەکەشی وەر بگرن.

هەڵەبجە لە گەڵ شەهید بوونی خۆیدا بووە هۆی درکاندنی ئەو راستیە شاراوانەی کە رژێمی بەعس لە ژێر رکیفی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانە و سیاسەتی فاشیزمی خۆیدا پرۆژەکانی پێ جێ بەجێ دەکرد. بێ گومان قاڕناش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە نموونەکانی ئەو زۆر روویان داوە و جەلادان و خۆلقێنەرانی ئەو مەرگەساتانە لە پێناوی بیر و ئامانجی شومی خۆیاندا، بە هۆی ئەوەیکە دادگایی نەکراون درێژە بەم رەوتە چەواشە بدەن، کە چی بۆ بن بڕکردن و سڕینەوە پرۆژەکانی خۆیان بە پێی سیاسەت و ویستی تایبەت جێ بەجێ دەکەن و ئامانجی خۆیان دەسەلمێنن.

**تاوانبارانی قاڕنا دەبێ دادگایی بکرێن**

(بێهزادی خۆشحاڵی) کە ئەم بەڵگانەی کۆ کردووەتەوە، دادگایی کردنی ئەوکەسانەی کە بوونەتە هۆی خۆلقاندن و ئەنجام دانی مەرگەساتی خەرمانانی ئاوایی قاڕنای بە سەرەکیترین مەبەستی خۆی لەم کارە زانی و وتی: (قسە کردن لە سەر قاڕنا و قەڵاتان و بەیگم قەڵا و ئێدرقاش ماوەی ٢٥ ساڵە بێدەنگی بە سەردا هاتووە و تاوانباران ئێستەش لە لایەن هیچ دەزگایەکەوە دادگایی نەکراون، لە کاتێکدا کارەساتی قاڕناش وەکوو هەڵەبجە و دیکەی ئەنفالەکان بەڵگەیەکی راستەقینەیە کە زۆر راشکاوانە بوونی ژینۆسایید دەسەلمێنێت. لە کاتێکدا کە یاسا نێونەتەوەییەکان بە گشتی باس لە مەحکووم کردنی ژینۆسایید و دادگایی کردن و موجازاتی خۆلقێنەرانی ژینۆسایید دەکەن بۆچی هیچ کەس ئامادەیی خۆی دەرنابڕێت ژینۆساییدی قاڕنا وگوندەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەرشیڤی مێژوو بهێنێتە دەرە و بیخزێنێتە نیو گوتار و رامیاری و روشنبیر و قەزایی و لە هەمبەر مافی مرۆڤ و دیکەی پێناسە جیاوازەکاندا دایان بنێن).

**ئاکام:**

بە ئەنجام گەیاندنی مەرگەساتی قاڕنا لە لایەن تاقمێکەوە کە لە ناخی دەسەڵاتدا بوون نە تەنیا دەتوانێت وەکوو ژینۆساییدێک بێت، بەڵکوو بەڵگەیەکی زۆر جێ باوەڕە کە، چەواشەکاری و غەدر بە مافی مرۆڤ دەسەلمێنێت و دەبێت خۆلقێنەرانی دادگایی بکرێن.

ئەو سەردەمە بە سەر چووە کە سیاسەتوانان و رامیارانی جیهان بە پێی ویستی شوومی خۆیان لە پێناوی بەرژەوەندیاندا هەر کارێک کە بیانەوێت یان هەر پرۆژەیەکی تر جێ بە جێ بکەن و بەردەوام درێژە بە پڕکردنەوەی ئەو مێژووە رەشە بدەن کە لە پشت سەریاندا ئافراندوویانە.

لێرەدا کۆماری ئیسلامی رووبەڕووی ئەم پرسیارانەی دەکەینەوە کە؛ بۆچی باسی کارەساتی ١١ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ئاوایی قاڕنا لە پڕا لەو سەردەمەدا کۆتایی پێی هات و ئێستاش کە ٢٦ ساڵ بێدەنگی بە سەر ئەو مەرگەساتەدا تێدەپەڕێ هیچ کردەوەیەکیان لە هەمبەر دادگایی کردنی تاوانباران و خۆلقێنەرانی ئەو رووداوە دڵتەزێن و نامرۆڤانەدا بە ئەنجام نەگەیاندووە؟ پێی و شوێن گرتنی داوخوازییەکانی دانیشتوانی قاڕنا بووبەچی، یا لەم پێناوەدا چییان کرد بۆ خەڵکی ئەم گوندە هەژارە؟ ئایا ئەوەی کە ئەڵێن ئەوکەسانەی کە ئەم مەرگەساتەیان بە ئەنجام گەیاندووە، بەو بۆنەوە شۆڕشی ئێمە بۆ دادپەروەری بووە، سەربە نیزامی ئیسلامی نین درووستە؟ لێرەدا پێویستە بڵێم ئەمە وەکوو ئەوەیە، کە کابرا کوڕێکی هەیە و چەند ساڵە بەیەکەوە ژیان دەکەن و بە خێوی دەکات و دەست پەروەردەی خۆیە، کە چی رۆژێک گەر کارێکی خراپ یان کردەوەیەکی نامرۆڤانە ئەنجام بدات ئەڵێ ئەوە کوڕی من نییە؟!!! جا ئایا ئاوەها بۆچوونێک دەتوانێت پاساوێک بێت بۆ دنیایەک چەواشەکاری؟!!

لە کۆتاییدا بە ئەرکی سەرشانی تەواوی دڵسۆزان، رووناکبیران، پارێزەران، لایەنگرانی مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان و... دەزانم کە لە هەمبەر بێدەنگی وکپ بوون لە رووبەڕووی ئاوەها مەرگەساتگەلێک هەڵویست بگرن و بۆچوون و داوخوازییەکانی خۆیان بخەنە ئاقاری بابەتەکانەوە و... تا گۆرانکارییە بنەڕەتیەکان سەر هەڵبدەن و بەرگری بکرێت لە سڕینەوە و چەوساندنەوە و هەموو پێشل کارێک.

**ئاماژە: بێهزادی خۆشحاڵی لە یادمانی ساڵرۆژی هەڵەبجەی شەهیددا لە زانکۆی بوعەلی سینای هەمەدان دەروازەی ئەم باسەی کردەوە و ئەم بەڵگانەی خستە روو.■**





**کامیار حسامی - سنە**

# ئازادی رۆژنامەوانیی و رۆژنامەوانی ئازاد

□ لەسەرو بەندی (١٠٧)ەمین ساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیو دەستپێکی خەباتی رۆژنامەوانی کورد، لەملاو لەولا کۆڕو سیمینارو یادو بەرنامەی تایبەتو رێپۆرتاژ دەربارەی ئەو رۆژە مێژووییەو ئەو رۆڵە گەورەیەی بەدرخانیەکان لەمێژووی گەلی کورددا گێڕاویانە دەکرێتو بەڕێوە دەبرێن، بەداخو کەسەرێکی زۆرەوە لەمکاتە هەستیارەداو لەیادێکی وەها گەورەدا، لە کوردستانی باشوور پەلاماری رۆژنامە ئازادو سەربەخۆ (نادەوڵەتی)یەکانی ئەو دەڤەرە دەدرێت لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرو توندڕەوەکانی رژێمی ئیسلامیەوە بەردەوام پەلاماری رۆژنامەکان دەدرێت بەتایبەت ئەو رۆژنامانەی کە لەژێر سایەو رکێفی دەوڵەتدا نەبنو نین.

لە هەفتەی رابردوو دادگای ئینقیلابی ئیسلامی ئێران لەشاری سنە بانگهێشتی بەرپرسانی هەفتەنامەی



(رۆژهەڵات)و (ئاسۆ) دەکەن، شایەنی باسە دوا ژمارەی رۆژهەڵات (٢٩) ساڵی دووەم چاپی دووەمو سێهەمی راکێشرایەوە خوێنەران بەکوردو فارسەوە خواستی زۆریان لەسەر هەبوو، ئەم ژمارەیەش تایبەت کرابوو بەوەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار لەلایەن (بەڕێز تاڵەبانی)یەوە. کە لەو دادگایە ئامادەبن بۆ لێکۆڵینەوەی تایبەت دەربارەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی درۆو دەلەسە لەو هەفتەنامەیەدا، دیارە ئەمەش شکاتی دەزگای ئیتلاعاتی ئەو شارەیە لەدوو هەفتەنامەی ناوبراو، کە ناتوانێتو چاوی بەرایی نایەت رۆژنامەوانانی کورد ببینێ لەملاو لەولا دەربارەی مەسەلە پەیوەندیدارەکان بەکوردستانوکوردەوە چ بە هەواڵو چ بەوتارو چ بە دیدارو رێپۆرتاژ بڵاوبکرێتەوە.

ئەمەش خۆی لەخۆیدا شکاندنی پەیمانی نێوبەندێکە لەبەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ کە دەکاتە مادەی یەکەم لەمافەکانی مرۆڤ تایبەت بەمافی ئازادیو یەکسانی لەگشت بوارەکانی ژیان.. بەپێی ئەم بەندە مرۆڤ ئازادە لەهەر کوێیەک بێت مومارەسەی ئازادیو رادەربڕینەکانی خۆی بکات بەمەرجێک کاریگەری خراپو نێگەتیڤی نەبێت لەسەر مافو ئازادی خەڵکانی دی.

دوای داخستنی رۆژنامەکانی (نشاط، سەلام، پەیامی مردم، ندای دانشجو، ... هتد) رۆژنامەوانی ئێرانو کوردستانی رۆژهەڵات بەتایبەت نیگەرانیەکانیان سەبارەت بەنەبوونی ئازادی بەردەوام لەبەرزبوونەوەو لە لوتکەی بێزاریدایە، ئەمەش وادەکات پێگەی ئەو کیشوەرە لەبواری دابینکردنی ئازادیو سەربەستی تاکەکانیدا مۆڵەقتر بکاتو دەورووبەریش هێندەی تر دووچاری نیگەرانیو دڵەڕاوکێ بکات سەبارەت بەنەبوونی ئازادی رادەبڕینو ئازادی نەتەوەییو ئازادی تاکەکەسو ئازادی رۆژنامەوانیو ئازادی بیروڕاو ئازادی... تەواوی دەسەڵات بەدەست هەر سێ کوچکەی (قضائیو تنفیزیو تشریعی)یەوەیە بەتایبەتیو بەپلەی یەکەم (سوڵتەی قەزائی) کە لەلایەن توندڕەوترین ئاخوندەکانەوە بەڕێوە دەبرێت تادەگات بەوانی دیش بەهەمان شێوە.

بەم جۆرە ئەم کارەی دادگای ئینقلابی شاری سنە کارێکی نامۆ نابێت سەبارەت بەدەمکوت کردنو بێ دەنگ کردنی هەر دەنگێکی نەیاری رژێم بەڵکو ئەمە سەلمێنەری یاخود بەڵگەی نەبوونی ئازادی رۆژنامەوانیە لەو وڵاتە.■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 6



# کاتێک کە تۆ لە گوماندا بژیت، ناتوانیت خەڵک ڕاپێچ بکەیت بۆ بەرپرسیارێتی

**وەڵامێک بۆ بەڕێز (سەلام عەبدولکەریم) کە لە ژمارە (١٨)ی ڕۆژنامەی چاودێردا بەناونیشانی (گومان لەشەرعیەتی یەکێتی مامۆستایان یان ڕاپێچکردنی بەرەو بەرپرسیارێتی هەستیاری ڕێکخراوەیی).**

□ وەک پێشەکییەک بۆ ناساندنی کاری ڕێکخراوەیی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، کە ڕێکخراوی یەکێتی مامۆستایان، ڕێکخراوێکی جێبەجێکەر نییە، بەڵکو ڕێکخراوێکە پێشنیارو داخوازی بەرز دەکاتەوە بۆ حکومەت، حکومەت سەرچاوەی جێبەجێکردنی پێشنیارو داخوازیەکانە، دیارە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەر لەدوای کۆنگرەی نۆیەم لەساڵی ١٩٩٢ هەتا ئێستا بەدەیان پرۆژەی گرنگو یاداشتو بەیاننامەی ڕوبەڕوی دامودەزگاکانی حکومەت کردۆتەوەو لەهەمان کاتدا ڕێگەی ڕێپێوانی گرتۆتەبەر بۆ بەردەم ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئەمە بەنیسبەت لایەنی پەیوەدی دار، بەنیسبەت خودی ڕێکخراوەکە بە دەیان ملیۆن دینار خەرج کراوە بۆ کێشەو گرفتەکانی مامۆستایان بەشێوەی (منحەو سلفە) بۆ کاری (ژنهێنان، نەخۆشی، دروستکردنی خانوو، کارەسات،... هتد)، لەدەست بەکاربوونی ئەم ستافە نوێیەو کارەکان زیاتر چڕ بوونەتەوە، زیاتر توانراوە خزمەتی مامۆستایان بکرێت، هەرچەندە لەوانە یە لە ئاستی تموحی مامۆستایانیشدا نەبووبێت، بەڵام یەکێتی مامۆستایانی کوردستان دەستەوەستان نەبووە لەبەردەم جێبەجێ نەکردنی داواکاریو پێشنیارەکان. بەدوای پێشنیارەکانیشدا چووە هەتا لوتکەی هەرەمەکە، بگرە لەدەرەوەی حکومەتیشدا زۆرجار چاوی بە بەڕێز (مام جەلال) کەوتووەو توانیویەتی کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگ بۆ مامۆستایان دابین بکات. لەماوەی گۆرانکاریەکانی دوای عێراقدا توانراوە لەسەرجەم ناوچە ئازادکراوەکانیشدا بنکەو بارەگای خۆی بکاتەوەو بتوانێت مامۆستایانی ئەو ناوچانەش ڕابکێشێ بەلای ڕێکخراوەکەدا، توانراوە لەبواری سیاسیشدا لەگەڵ نەقابەی مامۆستایانی عێراقدا دابنیشێتو گفتوگۆ بکات، خاوەنی بریار بێت لە سەربەخۆیی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، نەک لقێک سەر بەنەقابەی مامۆستایانی عێراق کەئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ سیاسەتی بە چەسپانبوونی فیدراڵی لەعێراقدا، لەهەمان کاتیشدا هەرچەندە بەداخەوە یەکێتی مامۆستایانی کوردستان وەک سەرجەم ڕێکخراوەکانی ترو حکومەت دوو لەت بووە، بەڵام لەبەرامبەر نەقابەی مامۆستایانی عێراق، خاوەنی یەک گوتارو دیالۆگ بووە. هەرچەندە ئەم سەربەخۆییەی یەکێتی مامۆستایان کاری نەکردۆتە سەر پەیوەندیەکانی مامۆستایانی کوردستانو عێراق، بەڵکو پەیوەندیەکان توندو تۆڵ تر بووە، بەڵگەش دەیسەلمێنێت کە وەفدی هاوبەشمان بەشداری کردووە لە (ۆرک شۆپێک) لەئەردەنو سەردانی سەدان گەشتیاری مامۆستایانی ناوەڕاستو باشووری عێراق بۆ لای مەکتەبی سکرتاریەتو میوانداری کردنیان، چوون لەگەڵیان بۆ سەیرانگەو شوێنە گرنگەکانی کوردستانو بینینی یادگاری شاری هەڵەبجە.

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەخەمی سەرجەم مامۆستایانی کوردستاندا بووە. بەدانیشتنو کۆبونەوەو سیمینار گوێی لێگرتوونو کردویەتییە پێشنیار بۆ حکومەتو دامودەزگا پەیوەندیدارەکان، بەدوایشیا چووە، نمونەش زۆرەو ئاخر نمونەمان کەخەڵکی کوردستان لەکاتی پشووی نەورۆزی ئەمساڵدا بوون ژیانیان بەخۆشی دەبردە سەر، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لەو کاتەدا بیری لەژیانو گوزەرانی مامۆستایان کردۆتەوە، سەرجەم ئەندام کەرت، لقو ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیو مەکتەبی سکرتاریەت لەبەرواری ٢٠٠٥/٣/٢٣ کۆبونەوەیەکی گەورەیان ئەنجامدا بۆ بەدواداچوونو چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەو گرفتەکانی مامۆستایان یاداشتێکی چڕو پریان ئاراستەی سەرۆکی حکومەتو ناوەندەکانی ڕاگەیاندن کرد، سەرۆکی حکومەت بەسنگێکی فراوانەوە پێشوازی لەو یاداشتە کردو ئامادەی خۆشی دەربری بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سکرتاریەت لەرۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/٤/٢.

لەماوەی کەمی ئەم ستافە نوێیەوە لەدوای بەستنی خولی دووەمی دەیەمین کۆنگرەوە بەکورتی سەردێری چەند چالاکییەک دەخەینە بەرچاو مامۆستایە خنەگر بۆ بە ئاگابوونی لەکارو چالاکیەکانی یەکێتی مامۆستایان:

١.دابینکردنی هەزاران پارچە زەوی بۆ مامۆستایان لەسەرجەم شارو شارۆچکەکاندا.

٢.وەرگرتنی دەیان هەزار دۆلار بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیو ئەو مامۆستایانەی کەلەناو هەرێمدا چارەسەر ناکرێن، بەنوسراوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.

٣.ناردنی هەزاران مامۆستا بۆ نەخۆشخانەی شۆرش، بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری گەورە بەبێ بەرامبەر.

٤.کردنەوەی چەندین سەنتەری روناکبیری بۆ مامۆستایان کە زیاتر لە (٣٠٠٠) مامۆستا فێری کۆمپیوتەر بوون بەبێ بەرامبەر.

٥.بە پێشنیاری (ی.م.ک)وە هەمئاهەنگی لەگەڵ لیژنەی باڵای هەڵبژاردندا کە زیاتر لە (١٢٠٠٠) مامۆستا بەشداری کرد لەو پرۆسەیەدا کە سودێکی مادی باش بوو بۆ مامۆستایان.

ئەمە کورتەیەک بوو لە خەمخۆری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بۆ مامۆستایان جا نازانین مامۆستای ناوبراو چۆن دەڵێت (ئەوەی بەفیعلی خەمی نەخواردبێت بۆ مامۆستایان، یەکێتی مامۆستایانی کوردستانە).

لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت (ڕێکخراوێک ئەوە نییە ناوێک لەخۆی بنێت کەچی نەتوانێت شتی گرنگو گەورە بۆ ئەندامانی دەستەبەر بکات).

دیارە ناوی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، لەکاتێکدا بووە کەیەکێتی مامۆستایان وەک بەشێک بووە لەبزافی ڕزگاریخوزای گەلەکەمان، خەباتی کردووە شان بەشانی پێشمەرگە لەسەنگەردا بووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ زیاتر لە ٤٠ ساڵ لەمەوبەر، ناونانەکە، ناونانێکی ڕاست واقعی بە دەستکەوتی زۆریشی بۆ مامۆستایان دەستەبەر کردووە، ئەگەر باسی دەستکەوتەکانی بکەین، دەتوانین لە دووتوێی کتێبێکدا باسی بکەین نەک لێرەدا، نازانم ئەندامانی لقو کەرتو سکرتاریەت کام ئیمتیازاتیان هەیەو هەبووە تا نەیان پەرژێنە سەر مامۆستایان حەز دەکەین بە مامۆستای ناوبراو ئەو ئیمتیازەمان بۆ ڕوون بکاتەوە لەکاتێکدا بۆ نمونە فەرمانبەرێک لەلقی سلێمانی هاوکارییەکەی (٧٥٠٠٠) دینار بێت کەچی ئەندام لقێک (٤٥٠٠٠) دینار وەردەگرێت بۆ کرێی هاتوچۆی واتە ئەندامی لقێک کەبەهەڵبژاردن هاتووە نوێنەرایەتی هەزاران مامۆستا دەکاتو موچەکەی لەکارمەندێک کەمترە. ئائەمەیە ئیمتیازات.

نازانین ئەو مامۆستا بەرپرسانە کێن (٢-٣) پارچە زەوییان وەرگرتووە ئەگەر ڕاستە پێویستە بوترێت، ئەگەر واش نییە، هەقی شەرعی یەکێتی مامۆستایانە کە مامۆستای نوسەر ڕاپێچی بەردەم دادگا بکات. بۆئەوەی ئیتهامی خەڵک نەکات بە ناڕاست ئەمە لەلایەک بۆ نوسەر عەیبێکی ترە، چونکە نوسەر دەبێت قەڵەمەکەشی بەویژدان بێت، ئێمە دەمانەوێت جەنابت ڕاپێچ بکەینە بەردەم داداگا.

نوسەر لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت (خەمساردی ئەم ڕێکخراوە لەوەدایە کە تا ئێستا نەیتوانیوە مامۆستایان بهێنێتە سەرشەقام لە خۆپیشاندانێکی دیموکراسیو مەدەنیدا) دیارە مامۆستای نوسەر نوستووە لەوەی کێ بوو بەهەزاران مامۆستای هێنایە سەر شەقامی سلێمانیو لە ڕێپێوانێکی هێمنانەی دیموکراسیو مەدەنیدا بۆ بەردەم ڕێکخراوی (یونسیف).

کەجاران سەرپەرشتی ناڕاستەوخۆی پرۆسەی پەروەردەیان دەکردو توانیمان لەچوارچێوەی ئەو خۆپیشاندانەدا بتوانین داواکاریەکانمان جێبەجێ بکەین. بێجگەلە دەیان یاداشت کە دراوە بە حکومەت پێشنیار کراوە لە یاداشتەکاندا ئەگەر چارەسەری کێشەکانمان نەکەن ئەوا خۆپیشاندان ئەنجام دەدەین. حکومەتیش زۆر بەخۆشحاڵیەوە هاتۆتە پێش بۆ چارەسەرکردنی. ئەوکات ئێمە خۆپیشاندانەکەمان ئەنجام نەداوە. بەڕێزی باسی کەمی موچە دەکات. ئەی نازانی سەرجەم یاداشتەکانمان یەکێک لە برگە گرنگەکانی چاکردنی خۆشی گوزەرانی مامۆستایانە بەهەموو شێوەکانیەوە. دیارە جەنابت ڕۆژنامەی ئامانج ناخوێنیتەوە کە ئەو خەموو گلەییو گازندانە دەگرێت لە حکومەت بەبێ سانسۆر بڵاوی دەکەینەوەو گۆشەی (ئامانجمان) کە بریتییە لە شیکردنەوەی برگەیەک لە برگەکانی (ی.م.ک) زۆر بەتوندی ڕەخنە دەگرێت لەحکومەت تایبەت بەخۆشی گوزەرانی مامۆستایانو کەمو کورتی پرۆگرامەکانی نوسەر لەکۆتایی قسەکانیدا خۆی خۆی دەخاتە نێو گومانێکی قوڵەوەو دەڵێت (ئەم ڕێکخراوە وەڵاممان بداتەوەو لیستێکمان بۆ برازێنێتەوە بەکارو چالاکی) ئێمەش لە وەڵامدا دەڵێین ئەو لیستە نانوسین کەخۆی بەگوماندار دەزانێت.

زۆربەی مامۆستایان شاهیدی ئەو لیستەن لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا ئەو لیستانە بڵاوکراوەتەوە کە بونەتە دیکۆمێنتی مێژوویی گرنگ بۆ خەباتو تێکۆشانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان.■

**یەکێتی مامۆستایانی کوردستان**
**مەکتەبی ڕاگەیاندن**

# چەند وەڵامێک بۆ بزووتنەوەی دیموکراسیخوازانی کوردستانو بۆ ڕای گشتی

□ بەڕێزان دەمەوێ چەند ڕونکردنەوەیەک بخەمەروو لەسەر خۆمو ئەو شتانەی کەلەسەر من دەوترێ:

بەڕێزان ڕۆژی ٢٠٠٥/٣/٢٤ سکرتاریەتی بزاڤی خوێندکارو لاوانی دیموکراسیخواز، کۆبونەوەیەکی کردووە لەو کۆبونەوەیەدا کە سکرتێرو جێگری سکرتێرو سێ ئەندامی سکرتاریەت بەناوەکانی (ئەمیرە مەحمود ل. لقی سلێمانی، لاوان ئەحمەد ل. لقی گەرمیانو خالد حسێن) ئامادە نەبوون. من کە سکرتێری ڕێکخراو بووم، ئاگاداربووم لەناو کۆبونەوە پەیوەندیم پێوەکرا کە ئەگەر کۆبونەوەکە دوابخرێ، ئامادە دەبم، بەڵام من وتم نەخێر دوای ئەوە بریاری دوورخستنەوەی من لەو کۆبونەوەیە دراوە لەلایەن سێ ئەندامی سکرتایەت بەو ناوانە (جەبار، ڕەسوڵ، عەبدوڵڵا)، وە هەریەک لە ئاراس مستەفاو پشتیوان سعد، دژی بریارەکە بوون، بەو پێیەش ئەم بریارە نازانرێ چ شەرعیەتێکی هەیە، بۆیە ویستم ئەم ڕوونکردنەوانە بخەمەروو:

١.کاک سامان خۆی بەلێپرسراوی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان ناو دەبات، کەجگە لە بزاف هیچ ڕێکخراوێکی تر نییە، کەواتە بەرپرسی بزاڤە.

٢.سەبارەت بەوەی کەمنتان بە جێگری سکرتێر ناوزەند کردووە، من نامەی دەست لەکارکێشانەوەی سکرتێری پێشووم لەلایە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ لە دوای واز هێنانی سکرتێر یان سەفەری بەمەرجێ لەشەش مانگ کەمتر نەبێت، ئەوا جێگری سکرتێر دەبێ بە سکرتێر، بۆیە من دەمێکە شەرعیەتی سکرتێریم هەیە.

داوای لێبوردن دەکەم، زۆر هاورێ داوایان لێکردم کەهیچ نەنوسم بەڵام نەمتوانی لەوە زیاتر بێ دەنگ بم.

بەڕێزان: هۆکاری ئەو بریارە ئەوەبوو کە من لە ٢٠٠٥/٢/٢٣ لەگەڵ جێگری سکرتێری دیموکراسیخوازان (عومەر شاورێ) دانیشتم، سەبارەت بەهەواڵێک کە سکرتێری حزبمان پەیوەندی بە پارتی دیموکراتەوە هەبێت، وابزانم هۆکاری برینی بودجەی حزب لەلایەن ئیدارەی سلێمانیەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، لەبەرامبەردا بەڕێزیان وتی ئێمەش لەهەمان سەرچاوەوە ئاگادارکراوین، ئەو ڕۆژە پێم وت کە من ئەوەی ڕاستی بێت هەرچی زووتر وازدێنم دوای ئەوەی لەگەڵ یەکەیەکەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی گفتوگۆمان لەسەر کردووە، تەنانەت لە کۆبونەوەی کۆمیتەی باڵا باسکراوە، ئێستاش ماوەتەوە بۆ کۆبونەوەی تایبەت. بۆیە من بریارماندا نەچینە کۆبونەوەی سکرتاریەت تا سکرتێری حزب پاکی خۆی نەسەلمێنێ و نهێنیەکان ئاشکرا نەکات یان دەست لەکار نەکێشێتەوە. چاوەرێ بووین لیژنەیەک پێکبهێنرێ کە ئێمەش بانگ بکرێین، بەڵام لەترسی بڵاوبوونەوەی هەواڵەکە لەناو ئەنداماندا زۆر بەپەلە ئەو بریارەیان دەرکردووە.

جێگەی بیر هێنانەوەیە کە من فشارێکی زۆرم لەسەربوو بۆ نزیک بوونەوە لەیەکێتی قوتابیان تەنانەت لەدوای بەشداری نەکردنمان لە هەڵبژاردنی خوێندکاران لە کۆبونەوەی یەکەمی سکرتاریەتو بە ئاگاداری هەموو هاورێیان ڕەخنەی توندم لێگیرا، لەلایەن سکرتێری حزبەوە بریار درا لیژنەیەک سەردانی یەکێتی قوتابیان بکات لەهەولێر بەڵام من نەچووم.

٣.دەبووایە ژووری سکرتاریەت دانەخرایە، لێی نەنوسرایە ژووری بزاڤ نەماوە، بووە بەژووری ڕادیۆی شارستانی.

٤.نەدەبوو وترابایە بەتەنها خۆیەتی، چونکە لقی زانکۆ کە عبدالخالق ئەحمەدو محەمەد ئەمین سەرپەرشتیان دەکرد، تەواوی لقەکە وازیان هێنا هەروەها لقی پەیمانگەکان کە شۆرش ئەحمەد عبدالله سەرپەرشتی دەکرد لەگەڵ تەواوی ئەندامان وازیان هێنا، ئەمە جگەلە لقەکانی تر.

٥. بۆیە ئەم ڕونکردنەوانەمدا، تا ڕاستیەکان نەشێوێندرێنو هەر تێبینیەکتان هەیە دەتوانن بڵاوی بکەنەوە.■

**پشدەر بابەکر**
**سکرتێری پێشووی**
**بزاڤی خوێندکارو لاوانی دیموکراسیخوازان**

# سڵاوێک لە (ئۆسلۆ)وە

□ ڤایەدر بیرکیلین بەناوی پارتی کرێکارانی نەرویژەوە، ڕۆژی هەینی ٢٠٠٥/٤/٨ نامەیەکی ئاراستەی هەڤاڵ مەلا بەختیار، بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان کردووە، کەلەسەرەتادا دەڵێت (بەشادیەکی زۆرو شەرەفێکی گەورەوە ڕێم بدە لەجیاتی پارتی کرێکارانی نەرویژ loap، سەندیکای کرێکاران، مونتەدای ئاشتیو مونتەدای کوردی بەخێرهاتنتان بکەم بۆ ئۆسلۆ).

پاشتر لەنامەکەدا هاتووە کەخۆشحاڵی خۆی دەردەبرێت بەسەردانی هەڤاڵ مەلا بەختیار بۆ ئۆسلۆو دەڵێت (پلانو بەرنامەیەکمان بۆ کاری جەنابتان داناوە لە ئۆسلۆ) کەلەنامەکەدا بەرنامەو پلانەکەی بە بەرپرسی مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکانی ڕاگەیاندووەو بەم شێوەیەیە:

-پاش نیوەرۆی ٤/١٥ دیدارێک لەگەڵ میدیاکانی نەرویژ سەبارەت بەگەشەسەندنەکانی هەرێمی کوردستان.

-هەمان ڕۆژو لەکاتژمێر ٢:٣٠ دەقیقەدا، لقی پارتی کرێکاران لە ئۆسلۆ دەیەوێت بانگهێشتان بکات بۆ سیمینارێک سەبارەت بەبارودۆخی گەشەکردنی هەرێمەکەتان.

هەر لەنامەکەشدا هاتووە (بەو هیوایەی سەرۆکی پارتی کرێکاران بتوانێت ئامادە بێت لەسیمینارەکەدا).

پاشتریش باس لەوە دەکات کە موحازەرەیەکت بۆ دانراوە لە کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقە سەبارەت بە (تێروانینێکی کوردی بۆ عێراقێکی نوێ).

ڤایەدر بیرکلین، بەهەڤاڵ مەلا بەختیار ڕادەگەیەنێت کە بەڕێز (فەریدە عباس) کۆبونەوەیەکی بۆ جەنابت داناوە لەڕۆژی دوو شەممە ٤/١٧ لەگەڵ دامەزراوەو ڕێکخراوە نەرویژیەکان.

ئەم پلانەی کە پێشنیارکراوە بۆ هەڤاڵ مەلا بەختیار لەکاتی سەفەریدا بۆ ئۆسلۆی پایتەختی نەرویژ، بەوە کۆتایی دێت کەدەڵێت (چاوەڕوانتین بۆ بینینی ئۆسلۆ بەو هیوایەی مانەوەت لێی ئەزموونێکی پڕ لە یادەوەریت بێت).■

# ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکانو خۆگونجاندن لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانە دیموکراتیەکان

ڕەنج

□ ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان، ئەوانەی لەشاخو هاوشانی شۆرشی نوێو ئەوانەش کە دوابەدوای ڕاپەڕینو لەسایەی ئازادیدا، هاتنە مەیدانی کارکردنی ڕێکخراوەیی، سەرەرای بوونی ئازادی لە شێوازی کارکردنو خەباتی ڕێکخراوەیی هیچ کام لەو ڕێکخراوانە نەیانتوانی لەماوەی زیاتر لە سیانزە ساڵی ڕابردوودا، دەورو کاریگەری ئەوتۆیان هەبێت، هەم لە داکۆکیکردن لە چینو توێژەکانی خۆیانو وەرگرتنی مافەکانیان بەئەندازەی ئەرکی چینو توێژەکان، هەمیش لەخەباتی دروستی ڕێکخراوەیی بۆ گۆڕانی دیموکراسیو ئاراستەکردنی جەماوەر رووەو کۆمەڵی مەدەنیو دیموکراسیو هاوچەرخو مەدەنی.

ئەگەر هەریەک لەو ڕێکخراوە پیشەییانەی مەیدانی کاروخەباتی ڕێکخراوەیی، ئەوانەی مەودای کارکردنیان لەشارو شارۆچکەو ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا خۆی دەبینێتەوە، قسە لە کۆمەڵێک شێوازی خەباتو سەروەری بکەن، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، ڕەنگەو من وای دەبینم کەپێویست بێت لەگەڵ لاف لێدانی هەر سەروەریەکدا، شەرمەزاری چەندین ئەرکی گرنگو ڕێکخراوەیی فەرامۆشکراویش بەبیر خۆیان بێننەوە.

قسە کردن لەشانازیو خۆبادانی هەر یەک لە ڕێکخراوە پیشەییو دیموکراتیەکان، جگەلە هەستی تراژیدی لای خەڵک کەبەهۆکاری خەمساردی ئەوان لەئەرکە سەرەکیەکانیان دروست دەبێت، دیوێکی کۆمیدیو پێکەنیناویشی هەیە، چونکە لەڕاستیدا ئەوەی بۆ ڕێکخراوەکان بەگوتەی خۆیان مایەی شانازیەو تۆماری سەروەرییە لەساڵانی دوای ڕاپەڕین، هەموان دەزانین کەهیچیان دەرەنجامی شێوازەکانی خەباتی ڕێکخراوەیی نین، ئەو دەستکەوتانەی بۆ هەریەک لەچینو توێژەکان بەرجەستە بوونو جەماوەری لێ سودمەند بوون، زۆربەی هەرەزۆریان کاری حکومەت بوون، ڕێکخراوەکان دەوری باڵایان لەبەدیهێنانیاندا نەبووە.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەش کەڕێکخراوە پیشەییو دیموکاتیەکان نەیانتوانیوە تەمسیلی چینو توێژەکانی خۆیان بکەنو داکۆکیکەری مافەکانی جەماوەر بن، دەپرسین کام بریارو یاسای گرنگو کام گۆڕانکاری بنەڕەتی بەهۆکاری قورسایی سەنگی خەباتی ڕێکخراوەیی دروست بوو؟ کام ڕێکخراوی پیشەییو دیموکراتی توانی بەرژەوەندی چینو توێژەکەی خۆی لەسەروی بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاو بەرنامەی حزبی دایکەوە ببینێتو کاری بۆ بکات؟ کام ڕێکخراو دەتوانێت ئیدیعای ئەوە بکات کەکەمو زۆر ئۆرگانی ناڕاستەوخۆی لایەنێکی سیاسی نییە؟ کام ڕێکخراوی پیشەیی زۆرینەی چین یان توێژەکەی شاهیدی خاوەنداریێتی سەروەریو خەباتی ڕێکخراوەیی بۆ دەدەن؟

بێگومان گەر خۆم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، دەڵێم: هیچ کام لە ڕێکخراوەکان نەیانتوانیوە وەک پێویست دروستی لەئەرک و خەباتی ڕێکخراوەیی پیشان بدەنو نوێنەری ڕاستەقینەو داکۆکیکەری بێ چەندوچوونی چینو توێژەکانی خۆیان بن.

ئێستاو لەدوای گۆڕانکارییە سیاسیو ئابووریو گۆڕانکارییەکانی دیکە، لەهەریەک لەبوارە ژیارییەکاندا، لەئەگەری گۆڕانی گەورەو پێویست رووەو سیستەمی دیموکراسیو بونیادی کۆمەڵی مەدەنی، لەعێراقدا بەگشتیو لەکوردستانیشدا بەتایبەت، ئەرکی هەرە گرنگی ڕێکخراوە پیشەییو دیموکراتیەکان، دیارە بەخۆداچوونەوەو دیموکراتیزە کردنی سەرلەنوێی بەرنامەو خەباتی ڕێکخراوەییانە، لەپێناو بەشداری ئەوان لەپرۆسەی بەدیموکراسی کردنی کۆمەڵو خێراکردنی ئەو هەنگاوانەی ڕووەو دیموکراسین لەوڵاتدا، هەنگاوەکانی کاروانی دیموکراسی کۆمەڵی مەدەنی لەدەست پێکدانو کاروانەکەش بەڕێکەوتووە، گرنگ ئەوەیە ڕێکخراوە پیشەییو دیموکراتیەکان، بەپرۆسەی بەخۆداچوونەوەو نوێبونەوە، بێنە مەیدانو کاریگەری حزبو لایەنی سیاسی لەخەباتی ڕێکخراوەیی خۆیاندا نەهێڵنو بەتەواوی پێناسەو ئەرک و خەباتی ڕێکخراوی پیشەیی بێننەوە کۆڕی خەباتی دیموکراتیو لەکاروانی بەڕێکەوتووی کۆمەڵ دوانەکەون.■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 7



## ئەپیرۆن

### -٩-

# ئەنتیسینێس

ئاوات ئەحمەد

□ ئەنتیسینێس قوتابی سۆکراتەو دامەزرێنەری قوتابخانەی سەگانییەکانە (Cynic) لە دەوروبەری ساڵی ٤٤٠ پێش زاییندا لە ئەسینا لەدایک بووە، هەندێک پێیان وایە لە ساڵی ٤٤٤دا لەدایک بووەو لە ساڵی ٣٧١ یان ٣٦٥ دا مردووە. دایکی خەڵکی فریگیا یان تراخیا بووە، باوکیشی ئەسینایی بووە، بۆیە وەکو نیوە هاوشاریی مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. لە سەردەمی هەرزەکارییدا خووی داوەتە کاروباری سەربازیی، لە جەنگی تاناگرادا بەهۆی دلێریی و ئازایەتییەوە شۆرەتی پەیدا کردووە. دواتریش لەسەر دەستی گۆرگیاس دەستی کردووە بەرەوانبێژی، بەڵام زۆری پێنەچوو هەستی کرد خوێندن و کاروباری بێهودەی ئەم قوتابخانەیە خزمەتی بیرکردنەوەی ئەو ناکات، ئەوێی جێهێشت و رووی کردە لای سۆکرات بۆ ئەوەی فێری جۆرە دانایییەکی گەوهەرییتر ببێت. ئەمجارەیان دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شێوازو میتۆدی مامۆستاکەیەوەو سەرسام دەبێت بە رەفتارو کرداری سۆکرات، هاورێیەتییەکی بەتین لە نێوانی ئەم و مامۆستاکەیدا گەشە دەکات. سەرەنجام گەلێک لەوانەی قوتابی گۆرگیاس بوون، بە هۆی کاریگەریی ئەنتیسینێسەوە ئەویان جێهێشت و پەیوەندییان کرد بە بازنەکەی سۆکراتەوە. دواتریش کاریگەریی لەسەر ژمارەیەک لاوان هەبووە. ئەوەندە ئالودەی فێربوونی دانایی بوو، هەموو رۆژێک بەیانی زوو لە پیراوسەوە دەگەیشتە ئەسینا کە نزیکەی حەوت کیلۆمەتر لێوەی دوور بوو، بۆ ئەوەی گوێ لە سۆکرات بگرێت. لەماوەی قوتابێتیدا لای سۆکرات، رەفتارە تایبەتییەکانی وردە وردە رسکان و بەجلوبەرگی شلوشێواوەوە دەگەڕاو زۆرجار دوو پارچە سیپاڵی لەخۆیەوە دەئاڵاندو دەچووە بازنەی گوێگرەکانەوە. جارێکیان سۆکرات پێی وت "بۆچی ئەوەندە شڕو شێواو و پەرت و بڵاویت، بۆچی ئاوا خۆت دەردەخەیت، من دەتوانم لە پشتی سیپاڵە پارەپارەکانتەوە، نەهامەتییەکەت ببینم".

سۆکرات لە ساڵی ٣٩٩دا دەرمانخوارد کراو ئەنتیسینێسیش لە جومنازیۆم (وەرزشگا) قوتابخانەیەکی تایبەتی کردەوە بۆ ئەوانەی نیوە ئەسینایی و نیوە بیانین. ئەو شوێنەی ئەو وانەی تێدا دەوتەوە، پێی دەوترا سینۆسارگێس، هەر لەمەشەوە قوتابخانەکەی ناونرا سینیکەکان. هەروەها هەندێکی تر دەڵێن کە ناوی سینیک (سەگانی) لە شێوازی هەڵسوکەوت و رەفتاری ناو قوتابخانەکەوە هاتووە، چونکە بەلای ئەسینایییەکانەوە، ئەو قوتابخانەیە زیاتر بەکەڵکی سەگ دەهات، نەک مرۆڤ.

بەشێوەیەک لە شێوەکان دەتوانین بڵێین قوتابخانەی سەگانییەکان پێشخستن و زێدەڕۆییکردنە لە پیادەکردنی رەفتارەکانی ژیانی رۆژانەی سۆکراتدا، سۆکراتیش جلێکی زبری دەپۆشی و بە پێی پەتی دەگەڕاو کاری نەدەکردو حەزی لە سامان و دەوڵەمەندی نەبوو. وەلێ کەمتر کاری لە تێڕوانینە هزرییەکانیدا کردووەو نەیتوانیوە زۆر پەرەیان پێ بدات، گەرچی ئەم قوتابخانەیەش زۆر بایەخی بە مەسەلەی نیکی داوە کە چەمکی سێنتەریی بیرکردنەوەکەی سۆکراتە، تەنانەت هەندێک پێی دەڵێن سۆکراتی بچووک، چونکە لە زۆر رووەوە لاسایی سادەیی و راشکاویی مامۆستاکەی دەکردەوە.

بەڵام ئەنیستینێس زیاتر بابەخی بە ئاکاری کردەیی داوە نەک زانینی تیوریی. هەرچۆنێک بێت تا رادەیەک پێڕەوو بیرکردنەوەی ئەنتیسینێس لە هی سۆکراتی مامۆستایەوە نزیک بوو، ئەویش نیکی (فەزیلەت)ی بە خەسڵەتێکی گرنگ و بایەخداری مرۆڤ دادەناو داوای لە قوتابییەکانی دەکرد بەدوایدا بگەڕێن، چونکە نیکی سەرچاوەی کامەرانییە، بەڵام لەگەڵ رای مامۆستاکەیدا نەبوو لە بارەی فێرکردنی نیکییەوە، ئەو بە پێچەوانەی سۆکراتەوە پێی وابوو کە نیکی لقێکی زانینەو دەشێت فێری ببین و فێری خەڵکیشی بکەین. گەوهەری تێڕوانینی ئەو بۆ کامەرانی بریتی بوو لەوەی خۆی لە پێداویستییە جەستەیییەکان قوتار بکات بۆ ئەوەی لە خراپەکاریی دوور بکەوێتەوەو سەرەنجامیش ببێت بە خاوەنی نیکی، واتە کامەرانی لە بەدەستهێنانی نیکیدایە. مەبەستی ئەو لە خراپە بەشێوەیەکی تایبەتی چێژو ئارەزووەکان بوو، بەلای ئەوەوە ئەوانە دوو خراپەن کە پێویستە لێیان دوور بکەوینەوە.

ئەنتیسینێس خاوەنی تێڕوانینێکی تایبەتی ئاینییانەی خۆی بووەو پێی وابووە هەموو شتێکی ناو گەردوون لە رێگای خودایەکی زرنگەوە بەڕێوە دەبرێت. بۆیە هەرکەسێک بتوانێت هاورێیەتی خودا بەدەست بهێنێت، ئەو کەسە کەسێکی نیک و کامەرانە. لەگەڵێک کردەوەو رەفتارو گوفتاریدا، بۆمان دەردەکەوێت کە بایەخی ئەو لەسەر یەک تاقە خودای هوشیارو بەتوانا چڕ بۆتەوە، ئەو پێی وابوو یەک دانە خودای مەزن هەیە، بەڵام چەندان خوداوەندی میللی نزمتریش هەن. دەتوانین لە یەک تاقە دێردا تەواوی پێڕەوەکەی کورت بکەینەوە: دانا ئەو کەسەیە کە دەسبەرداری چێژو ئارەزووەکان دەبێت بۆ ئەوەی هاورێیەتی یەزدان بەدەستبهێنێت. ئەم تێڕوانینەو بەشێک لە هەڵسوکەوتە تەرکەدونیاکانیشی لەناو زۆرێک لە ئایینەکانی دواتر و بگرە سەردەمی مۆدێرنیشدا رەنگیان داوەتەوە. بە بۆچوونی ئەنیستینێس، ناتوانین یەزدانی مەزن لە هیچ رەنگ و شێوەیەکدا بناسینەوە، چونکە ئەو وەکو هیچ شتێکی تر نیەو تاقانەیەو هەرچۆنێک ئەندێشەی بکەین وەها دەرناچێت. لە لایەکی تریشەوە رەخنەی توندی لە ئەفلاتون گرتووە، بە تایبەتی لە مەسەلەی تیوریی فۆرمەکاندا، ئەم پێی وابووە چیەتی (ماهییەت) سیفەتێکی تاکانەی هەیەو هەرگیز دوو تاکی جیا لە یەک شوناسدا پێکەوە کۆنابنەوە، واتە بە پێچەوانەی تیوریی فۆرمەکانەوە کە هەموو تاکەکانی دەبردەوە بۆ سەر چەند فۆرمێکی دیاریکراو. هەرچۆنێک بێت دەتوانین سێ رەوت لە بیرکردنەوەی ئەم بیریارەدا بدۆزینەوە: لە لایەکەوە سۆکراتییانە بیری دەکردەوەو لە لایەکی تریشەوە وەکو سۆفیستەکان وەهابوو، لە لایەکی سێهەمیشدا دامەزرێنەری ئەو رەوتەیە کە پێی دەوترێت سەگانی.

ئەنیستینێس بۆچوون و گۆشەنیگا تایبەتییەکانی خۆی لە رێگای هێنانەوەی نموونەوە دەگەیاندە قوتابی و شوێنکەوتووەکانی. ژیانێکی زۆر سادەو ساکار دەژیا جگە لەوەی جبەیەکی زبری دەدا بەسەر شانیدا، هیچ پۆشاکێکی تری نەدەپۆشی، ردێنی نەدەتراشی، جەواڵێکی دەدا بە شانیدا کە هەموو کەل و پەلە پێویستیەکانی تێدا بوو، سیمای دەرەوەی زیاتر لە دەرۆزەکەرێک دەچوو، ئەم رەفتارەی ئەنیستینێس بەشێوەیەک لە شێوەکان نارشەزابوونە لەو سەردەمی تێیدا دەژیا کە هەمووان خوویان دابووە کۆکردنەوەی سامان، بۆیە گەلێک لە هاوچەرخەکانی کاردانەوەی نەرێیان بەرامبەری هەبووەو بێزراندوویانە. تەنانەت قوتابییەکانیشی وردە وردە لێی بێزار بوون و لێی تەکینەوە، گێڕانەوەکان دەڵێن لە ساتەوەختی مردنیدا تاکە یەک قوتابی لەلا مابوو کە ئەویش دایۆجینێسی سینۆپ بوو. کە دواتر رێچکەی مامۆستاکەی بەرنەداو بووبە نێودارترین هزرمەندی ئەو قوتابخانەیە.

ئەنتیسینێس حەفتا ساڵ و بەرەو ژوور ژیاو چەندان کتێبیشی نوسیوە، هەموویان فەوتاون جگە لە دووانییان بە ناتەواویی کە بریتین لە ئەجاکس و یولیسێس، لە ماوەی ژیانیدا گاڵتەی بە هونەرو ئەدەب هاتووە، گوێی نەداوەتە ماتماتیک و فەلەک، رقی لە سامان و حەوانەوە بووەو ستایشی کاری سەخت و گرانی کردووەو بەرز نرخاندوویەتی. ئەو هەمیشە لە وانەکانیدا ئەوەی دووبارە دەکردەوە کە "دەتوانین فێری نیکی ببین و خەڵکیش فێر بکەین"، یاخود دەیووت "نیکی بە کردەوەیەو پێویستی بە وتاری درێژو توژینەوەی زانستی نیە".■

# ئاوڕدانەوەیەک لەچەمکی روونا کبیریی و لایەنە پێوەندیدارەکانی

رامبود لوتف پوری

□ بەشی یەکەم: پێناسەو ئەرکی روناکبیریی لەروانگە جیاوازەکانەوە

پێش ئەوەی کەبڕۆینە سەرباسی روناکبیرو ئەرکەکانی پێویستە ئاوڕێک لەسەردەمی رۆشنگەری و تایبەتمەندیەکانی بدەینەوە، چونکە لەو سەردەمەدایە کەناسیونالیسم و روناکبیریی بەمانا مۆدێرنیەکەی دەردەکەون و پەرە دەستێنن.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا حەقیقەت تەنیا لەچوارچێوەی ئایندا شیاوی باس و توێژینەوە بوو ئایین و نەریتە نەگۆڕەکان تەنیا سەرچاوەی لۆژیکی مرۆڤ و بنەما رەوشتییەکانی بوون، (لەروانگەی بیریارێکی وەک ئاگۆستینی قدیسەوە دادپەروەریی حەقیقی تەنیا لەوڵاتێکدا سەقامگیر دەبێت کەمەسیح فەرمانڕەواو بناغەدانەری بێت، بەبۆچوونی توماس ئاکوینانی خوا نەتەنیا بەدیهێنەری جیهانی مادیە بەڵکو بەپلەی یەکەم سەرچاوەو دارێژەری یاسای رەوشتە، بۆ یەکەمجار لەسەردەمی رێنسانسدایە کە وشەی حەقیقەت بەواتایەکی غەیری ئایینی دەخرێتە بەرباس.

تایبەتمەندی لای بیریارێکی وەک ماکیاولی چیدیکە لەخۆیدا ئامانج نیە، بەڵکوو ئامرازێکی بەهێزە لەخەباتی سیاسیدا، و لای تامس مۆریس خزمەت بەحەقیقەت گرینگترە لەخزمەت بەپاشا، تارادەیەک کەگیانی لەسەر داکۆکی کردن لەم باوەڕە دادەنێ"(١)، "کێشەی ناسینی حەقیقەت لەسەردەمی رۆشنگەریدا، هەڵسەنگاندن و دانە بەر رەخنەی ئەو بەهاگەلەیە کەنەریت جارێک و بۆ هەتا هەتایە وەک بەها گەلێکی نەگۆڕ پەسەندی کردوون"(٢) رامانی رۆشنگەری بەئاراستەی رزگارکردنی هزرو لۆژیکی مرۆڤ لەبەندی نەریت و یاسا دەمارگیرەکانیدا دەڕوات و پەسەندکردنی دەمارگیرانەی هەر چەشنە چەمکو بنەمایەکی ئەندێشەیی رەتدەکاتەوە.

بزاڤی رۆشنگەری لەسەرو بەندی شۆڕشی فەرانسەو دەرکەوتنی رۆمانسییەت لەئەوروپادا سەرهەڵدەدات و لەدوو رەهەندی ئارایی و لۆژیکییەوە ژیانی مرۆڤی ئەوروپایی توشی گۆڕان دەکات، واتە شێوەی ژیان و بیرکردنەوەی دەگۆڕێت و هزری مرۆیی لەپەراوێز دەردێنێ و دەیکا بەپێوەری لۆژیک و مەعریفە، بەشێوەیەک کەمرۆڤ دەبێتە تەوەرو ئۆمانیزم و مرۆڤناسی جێگای تێئیزم و جیهانبینیی ئایینی دەگرنەوە، ئەم دابڕانە لۆژیکییە بوو بەهۆی ئازادیی مرۆڤ لەهێژمۆنی و ئۆتوریتەی کڵێسەو سەرەتای مێژووی رامانی نوێ لەئەوروپادا.

کانت وەک پێشەنگی ئەم رەوتە ئەندیشەییە لەپێناسەی رۆشنگەریدا دەڵێ: "رۆشنگەری دەربازبوونی مرۆڤە لەزەلیلی و وردبوونی خۆی، زەلیلی وردبونێک کەخۆی بەرپرسیەتی"(٣) کانت هێمای هەرە دیاری ئەم دەربازبوونە لەگیانی هەڵسەنگێنەرو رەخنەگرانەی روناکبیران دادەبینێ و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەدەسەڵات گەیشتنی ئەم روناکبیارنە دەربازبوونی خەڵکیشی لێدەکەوێتەوە.

بڕیارانێکی وەک، رۆسۆ، ڤۆڵتێر، مۆنتسکیۆ، لاک، دیدێرۆ، هیۆم، گۆتەو.. لەبناغەدانەران و پێشەنگەکانی ئەم رەوتە ئەندێشەییەی (بزاڤی رۆشنگەری).

روناکبیرو بزاڤی روناکبیری:

"وشەی روناکبیر Intellectud یەکەم جار لەفەرانسەو لەرەوتی دادگاییکردنی کاپیتان دریفوسدا بەکارهێنرا کەپتر لەسەد کەس لەنووسەرانی ئەو سەردەمی فەرانسە، کەسانێکی وەک مارسێل پرۆست، ئاندرە ژید، ئیمێل زۆلاو.. راگەیەندراوێکیان لەژێر نێوی (راگەیەندراوی روناکبیران)دا دەرکردو تێیدا داوایان لەدەوڵەتی فەرانسە کردبوو کەدیسان بەفایلەکەی دریفوسدا بچێتەوە"(٤).

روناکبیری وەک رەوتێکی مۆدێرنی هزری بەرهەمی گۆڕانێکی بنەڕەتی لەبواری رامان و دابڕانێکی لۆژیکییە کەپاش رێنیسانس و لەسەردەمی رۆشنگەریدا دێتە گۆڕێ. روناکبیریی مۆدێرن بەرهەمی ئەو فەلسەفانەیە کەپێکهێنەری گومان و دڕدونگی لەنەریت بوون.

روناکبیری چەمکێکی ئاڵۆزەو لەروانگەو بۆچوونی جیاوازەوە پێناسە کراوە، بۆ وێنە هەندێک لەبڕیاران ماناکەی یەکسان بەمانای هەندێک چەمکی وەک بیریاری، فەیلەسوفی و ..هتد بەوە دەزانن و لەسەر ئەو بڕوایەن کەهەر چەشنە راهێنانێک بەتایبەت لەبواری ئەندێشەدا یا تەنانەت هەر چەشنە کارێکی ئەندێشەیی دەچێتە خانەی روناکبیرییەوە، بەڵام فاکتەری جیاوازیی ئەم پێناسانە لەگەڵ روناکبیریی لەپێناسە مۆدێرنەکەیدا یانی رەخنەگریی و یاخی بوون لەبارودۆخی ئاراییەوە، واتە تەنیا ئەو بیریارو فەیلەسوفانەی دەچنە خانەی روناکبیریی مۆدێرینەوە کەخاوەنی ئەم فاکتەرەبن، بۆیە دەتوانین بڵێین کەروناکبیر ئەو کەسەیە کە بەردەوام لەبواری راماندا کاردەکات و کاراکتەرێکی داهێنەرو رەخنەگری هەیە روناکبیران بەو پێیەی کەرەخنەگری بارودۆخی ئاراییین وەک تاقمێکی چەپخواز پێناسە دەکرێن بەگشتی روانگەکانی پێناسەی روناکبیر لەچوار دەستەی گشتیدا پۆلێن دەکرێن:

١-داهێنەرو پارێزەرانی بەها نەگۆڕو ئامانجخوازەکانی کۆمەڵگا لەبواری دادپەروەری، جوانی و حەقیقەتدا.

٢-بانگەشەکەری رێبازەکان، بناغەدانەری ئایدۆلۆجیاکان و رەخنەگرانی بارودۆخی ئارایی.

٣-لەروانگەیەکی کۆمەڵناسانەوە روناکبیران توێژێکی کۆمەڵایەتین کە لەپەرەپێدان و پێشخستنی کلتوری کۆمەڵگادا رۆڵ دەگێڕن.

٤-مرۆڤێکی هوشیار و هەستیارە کەتنیا خۆی بەمەعریفەیەکی تیۆرییەوە نابەستێتەوەو لەچوارچێوەی رەخنەیەکی زارەکیدا نامێنێتەوە بەڵکو دەچێتە قۆناغی پراکتیک و بەکردەوە هەوڵی جێبەجێکدرنی تیۆریاکەی دەدات.

لەبواری مەعریفەوە روناکبیر بڕوای بەهیچ حەقیقەتێکی نەگۆڕو رەکی نیە بەیکو لای ئەو پێویستە حەقیقەت بەردەوام نوژەن بکرێتەوەو تاقە رێگایەک بۆ گەیشتن بەحەقیقەت لەبەرچاو ناگرێت و بڕوای بەرێگاکانی گەیشتن بەحەقیقەتەو بۆ دۆزینەوەی رەسەنایەتی بەهزرو زانستی مەعریفی دەدات و لەدەرەوەی بازنەی نەریت و ئایدۆلۆژیا داخراوەکاندا بۆی دەگەڕێت، بڕوای بەفرە چەشنی رێژەیی بوونی پێوەرو بەڵێکان و دانبەر رەخنەی بەها نەریتییەکانە.

سەبارەت بەکۆمەڵگاو لەئاستی پراکتیکیشدا لەهەوڵدایە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەوارە نەریتییەکان، داهێنانی هەندێک بەهای نوێ یا نوژەن کردنەوەی بەها کۆنەکان، پێشکەشکردنی هەندێک سیستمی نوێی بیرەکی بۆ شرۆڤە کردنی لایەنە جیاوازەکانی ژیان، کەڵک وەرگرتن لەرامان و هێزی رەخنەگری بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە کردەیییەکان، داهێنانی هەندێک فەلسەفەی نوێ بۆ ژیان، رەخنە لەبارودۆخی ئارایی کۆمەڵایەتی و سایسی، چاکسازی لەدەسەڵات، دابین و دەستەبەرکردنی مافە مرۆڤییەکانی وەک ئازادی و یەکسانی، دەرچوون لەبازنەی قەوارە باوەکانی رامان و کولتورو زانست و هونەر.

بەکورتی روناکبیر دەروپشکنێکی پسپۆڕو وێناگەرێکی هونەرمەندە کەنەخۆشییە نەناسراوو شاراوەکانی کۆمەڵگا دەدۆزێتەوەو وێنایەکی تەواوی لێ بەدەستەوە دەدات، ئەگەرچی کەسایەتییەکی وەک ژۆزێف شومپتیر باسی نەبوونی زانستی سەرچاوە گرتوو لەئەزموون لای روناکبیران بەرپرسی نەبوونی راستەوخۆی کردەیی دەکات وەک تایبەتمەندییەکی گشتی یان بەرپرس نەبوونی راستەوخۆی کردەیی دەینرخێنێ کەتوانای پراکتیزەکردنی تیۆریاکانیان لێدەستێنێ و دەبێتە هۆی قەتیس مانەوەی مەعریفەکەیان لەچوارچێوەی تیۆریادا، بەڵام هەندێک جار روناکبیارنی پارگماتیست وەک نەشتەرگەرێکی کاردیتو و لێهاتوو نەخۆشییەکان چارەسەر دەکەن.

روناکبیرو گۆڕانی ئاراستەی چالاکییەکانی

هەوڵ و چالاکییە ئەندێشەیییەکانی روناکبیارنی سەردەمی رێنیسانس و رۆشنگەری لەئەروپادا هەندێک ئەنجامی وەک سکۆلاریزم، مۆدێرنیزم، راسیزم، ئۆمانیزم و لیبرالیزمی لێکەوتەوە، بەگشتی روناکبیران لەهەر سەردەمێکدا بەپێی هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی کۆمەڵایەتی داکۆکی لەروانگەیەکی تایبەت دەکەن و دەبن بەگوتەبێژی چینێکی تایبەت، بۆ وێنە لەسەردەمی شۆڕشی فەرانسەدا بەهەڵگرتنی هەندێک دروشمی وەک ئازادی، سکۆلاریزم، ناسیۆنالیزم، یەکسانیی ماف و چاکسازیی ئابووری ببوون بەدەنگی بورژوازی و داکۆکییان لەخواستەکانی ئەو دەکرد، یا لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەدی بیستەمدا بە بەرزکردنەوەی دروشمەکانی، سوسیالیزم، دادپەروەری و یەکسانی کۆمەڵاتی و هەروەکی دژایەتی لەگەڵ سەرمایەداریدا بوون بەتریبوونی بەرەی سوسیالیزم و چینی پرۆلیتاریا، هەروەک لەکۆتاییەکانی سەدەی بیست، پاش روخانی یەکێتی سۆڤییەت و سەرهەڵدانی سەرمایەداریی نوێ و دروستبوونی هەندێک سیستمی تێهەڵکێشی وەک سوسیال دیموکراسی، نەوەیەکی نوێ لەروناکبیران سەریان هەڵدا لەژێر ناوی روناکبیرانی کۆنەپارێزی نوێ کەرەخنە لەتێکدانی هاورێکی جیهانی کۆن دەگرن و بانگەشەی هەندێک چەمکی وەک پاراستنی ژینگە، بەجیهانیبوون و دیموکراسی دەکەن.

جیاوازیی روناکبیرو بیریار یا فەیلەسوف:

بیریار یا فەیلەسوف تەنیا ئەرکی بەرهەمهێنانی مەعریفەو زانستە واتا ئەو بابەتانەی کەسەرنجی رادەکێشن پاش شەن و کەوکردنی هەمەلایەنەیەیان تیۆریزەیان دەکات و وەک مەعریفە یا لۆژیک پێشکەشیان دەکات، بەڵام روناکبیر بەهۆی دەروەستبوونی بەڕاستییەکانەوە ئەرکی تیوریزەکردنی مەعریفەو جێبەجێکردنی ئەو تیۆریایەی لەئەستۆیە، هەرچەن روناکبیر دەشتوانێ خۆی بەرهەم هێنەری مەعریفە بێت بەڵام خاڵی جیاوازیی ئەو لەگەڵ بیریاردا، دەروەستبوونیەتی بەهێنانەدی و جێبەجێکدرنی ئەو تیۆرییاو، فیختە سەبارەت بەم جیاوازییە دەڵێ: (دەبێ زانستی روناکبیر بخرێتە خزمەت کۆمەڵگا پێویستە روناکبیر کەمایەتییە راستەقینەکان و ئامرازەکانی دابینکردنیان بەخەڵک بناسێنێ)(٥).

روانگەی مارکسیستەکان بەرامبەر بەروناکیران:

مارکسیستەکان بەگشتی روانگەیەکی پۆزێتیڤیان بەرامبەر روناکبیران نیە، بەبۆچوونی ئەوان روناکبیران بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتی و جیاکردنەوەی کاری جەستەیی لەکاری هزرین. لینین روناکبیرانی بەپێی ئینتیمای چینایەتی یان بەسەر دوو گروپی روناکبیارنی بورژوازیی و روناکبیرانی پرۆلیتاریایی دابەش دەکرد.

کارل کائوتسکی روناکبیرانی لەلا چینێکی هەڵاواردە بوو، دەیگوت روناکبیران کەڵک لەهەندێک تانی پەروەردە و فێرکردن وەردەرگن کەخەڵکی ئاسایی لێی بێبەرین، (مارکس پێی وابوو کەسەرمایەداری سەربەخۆی روناکبیرانی لەنێو بردووەو ئەوانی خستۆتە دۆخێکی وەک پۆلیتارباوە. بەبۆچوونی ئەو: بورژوازی رێزی بۆ هیچ کام لەو کارو پیشانە نەهێشتووە کەتا ئێستە جێگای رێزو شانازی بوونە، پزیشک، مافناس، پیاوی ئاینی، هۆنەرمەندو زانای کردۆتە هەندێک کرێکاری موچەخۆر)(٦).

پۆلخانۆف بیریاری رووسی لایەنگری سوسیالیزمی بێ رێبەری و جوڵانەوەی خۆڕسکی کۆمەڵانی خەڵک هاوکات لەگەڵ هێرشکردنە سەر ئارستیۆکراتییەکی روناکبیریی، روناکبیران بەلایەنگری لەقارەمانپەرستی لەمێژوودا تاوانبار دەکات. بەڵام لەهەموو ئەمانە گرینگتر بۆچوونەکانی ئانتۆنیۆگراش، مارکسیستی ئیتالیاییە، گرامش لەیەکەمین برپارگەلێکە کەباسی پێوەندی روناکبیرو بەستراوەیی چینایەتی دێنێتە گۆڕێ، بەبڕوای ئەو روناکبیران دووجۆریی سەرەکین. یەکەم روناکبیرانی ئۆرگانیک کەبەرهەم و سەر بەچینێکی کۆمەڵایەتی تایبەتن و لەو چینەدا رۆڵی پێکهێنانی هاوچەشنی و هوشیاریی هاوبەش دەبینن، روناکبیریی بەلای ئەم توێژەرەوە تێڕوانین و کردارە، تێگەیشتن و گۆڕینی دونیایە، مەعریفەو ئاکارە، ئەم روناکبیرە ئاشنا بەیاساکانی مێژوو و سورشتی واقیعە، لەسیاسەتکدرندا دەستێکی لەدەسەڵات و دەستێکی لەدەستی خەڵکدایە بۆ کەمکردنەوەی ماوەی نێوانیان و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی.

دووهەم روناکبیارنی نەریتین کەپێشتر روناکبیری ئۆرگانێکی چینێکی تایبەت بوونە، بەڵام پاش نەمانی ئەو چینە ئەوان توانیویانە دیسان درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن و چوون خاوەن هەستێکی یەکگرتوویی نێوخۆیی و مانەوەیەکی مێژووین، خۆیان وەک گروپێکی سەربەخۆ لەچینی دەسەڵاتدار دەنوێنن بۆ وێنە پیاوانی ئایینی کەسەردەمێک روناکبیری ئۆرگانی دەرەبەگەکان بوون لەم چەشنە گرووپانەن. هەروەک گرامشی ئاماژە بەهەندێ: روناکبیری ئارمانخواز دەکات کەخۆیان بەسەربەخۆو نوێنەر و درێژەدەری ئەندێشەی ئەفلاتوونی دەزانن بەڵام لەڕاستیدا پاپ ئاسایی پێوەندییەکی ئۆرگانی یان بەسەرمایەداریی نوێوە هەیە.

بەبۆچوونی گرامشی شێوازی دروست لەپێناسەکردنی روناکبیر پێویستی بەدۆزینەوەو تێگەیشتنی پێوەندیی پێکهاتە رامانییەکانە لەگەڵ پێکهاتەی گروپ بەندی کۆمەڵایەتیدا. بەواتایەک تێکڕای خەڵک بیریار یا رووناکبیرن چونکە هەرکارێکی جەستەیی هەرچەن سووک و سادەش بێت پێویستییەکی کەمی هەوڵ و تێکۆشانی بیرەکی هەیە. بەڵام هەموو خەڵک لەکۆمەڵگادا خاوەنی کاریی تایبەتی روناکبیری نین. هەر گروپێکی کۆمەڵایەتی خاوەنی هەندێک روناکبیرە، بەڵام بەتایبەت چینە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاو بەتایبەت چینی دەسەڵاتدار گروێکی روناکبیریی تایبەت بەخۆیان هەیە..)(٧).

بەگشتی بۆچوونەکان سەبارەت بەپێناسەی روناکبیر، سەرچاوەی ئەندێشەو ئەرک و کردەوەکانی جیاوازن کەئەمەش راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئاڵۆزی خووی چەمکەکە، بۆ وێنە ئەگەر کەسانێکی وەک گرامش و زۆربەی مارکسیستەکان جەخت لەسەر کاریگەریی پێوەندییە چینایەتییەکانی روناکبیر لەسەر کردەوەو هەڵوێستەکانی دەکەن، کەسانێکی وەک ریمۆن ئارۆن و سارتەر روناکبیر بەدور لەهەر چەشنە بەستراوەیییەکی چینایەتی دەزانن. سەرەڕای هەموو ئەم جیاوازییانە کە لەپێناسەو شرۆڤەی چەمکی روناکبیرو لایەنە پێوەندیدارەکانی لەئارادان. زۆربەی بیریاران لەسەر ئەم راستییە تەبان کەروناکبیر تاکێکی رەخنەگرو هوشیارەکە دەروەستە بەکێشەکانی تاک و کۆمەڵەوەو بەمەبەستی چاکسازی و گۆڕینی باری ئارایی بەردەوام لەداهێنانی مەعریفەو هەروەک تیۆریزەو پراکتیزەکردنی دایە.


سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١-جهانبگلو - رامین، مدرنیتە، مکراس و روشنفرکان، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران، ص ٦٥، ٦٦.

٢-هەمان سەرچاوە، ص ٦٦.

٣-هەمان سەرچاوە ص ٦٦.

٤-هەمان سەرچاوە ص ٦٥.

٥-بشیریە - حسین، جامعە شناس سایسی، تشرین، چاپ هشتم ١٣٨١، تهران، ص ٣٤٨.

٦-هەمان سەرچاوە، ل ٣٥٠.

٧-هەمان سەرچاوە، ل ٣٥١.

سەرچاوەکان:

١-جهانبگلو - رامین، مدرنیتە، مکراس و روشنفرکان، نشر مرکز، چاپ دوم ١٣٧٨، تهران.

٢-بشیریە - حسین، جامعە شناسی سیاسی، تشرین، چاپ هشتم ١٣٨١، تهران.

٣-سارتەر - ژان پۆل، بەرگریکردن لەرۆشنبیران، وەرگێڕانی دلاوەر عەبدوڵڵا، چاپ و پەخشی سەدرەم، ٢٠٠٣ سلێمانی.

٤-سعید - ادوارد، نقش روشنفکر، ترجمەی حمید عضدانلو، نشەنی، چاپ دوم ١٣٨٣، تهران.

٥-چەن نووسەرێک (کۆمەڵە وتار)، رۆشنبیرو دەسەڵات، وەرگێڕانی هەڵکەوت عەبدوڵڵا، چاپی خانەی وەرگێڕان. چاپی یەکەم ٢٠٠٤، سلێمانی.■


lotfpury@yahoo.com

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 8



# روانگەی تراژیک، Vision tragiqe

# مرۆڤی تراژیک، Humantragiqe

ن/هادی محمدی

□ تراژدی لەگەڵ ناکۆکیەکی پڕ کێشەدا تێکەڵ بووە، مرۆڤی تراژیک دەزانێ لەم جیهانەدا بەها رەسەن و ئینسانیەکان سەقامگیر ناکرێن بەڵام بەمەیشەوە، لەم جیهانە دڵ ناکەنێ ئەڵبەت ئەوەندەش دڵی پێ نابەستێ. لەڕوانگەی تراژیک دا، مرۆڤ لەیەک کاتدا، خوداو بەندەو پەری و حەیوانیشە "ئەزمونی سوفی گەری و ئەزمونی تراژیک هەردوکیان بەشێوەیەکی رەمزاوی لەسەر مەرگ و ژیان سەربەخۆیی و توانەوە لەروحێکی تردا تێکەڵ دەبن، شێوازی سوفی تەسلیم بوونە، بەڵام رێبازی مرۆڤی تراژیک هەوڵ و خەبات و هەڵچوونە". (لۆکاچ)(١).

"مرۆڤی تراژیک هەرگیز ناهۆمید نابێت، بەڵام قەت دڵ بەدونیاش نابەستێ، بیری تراژیک بەدوای جیهانێکی بەرزو رەهادا دەگەرێ، بەڵام جیهانێکی کاتی و رێژەیی دەبینێتەوە، ناچار بەرەو پێکهاتەیەکی گشت رەهەندی" دەڕوات، هەتا بتوانێ لەئاست پاژە لێکپچڕاوو کاتییەکاندا خۆڕاگرێ، لەڕوانگەی بیری تراژیک دا بەها بەرزو رەسەنەکان، بەهاکانی "گشتێتی"×ن. (لوسیەن گوڵدمەن)(٢).

بەم هۆیەوە لەتراژدیدا هەموو دیاردەو ئەزموون و شەیەک، پێوەندیە بەرزو جەوهەریەکان پیشان ئەدا، سوفوکولیان بەیەکەم بیرمەندی تراژیک زانیوەو "پاسکاڵ" یشیان بەگەورەترین بیرمەندی تراژیک ناساندووە.

بناغەی ئەندێشەی تراژیک، جەوهەرو مانای ژیانە، بەدرێژایی مێژوو ئەم بیرە رەوتی جیاوازی پێواوە، بەڵام هەمویان پیشاندەری قەیرانێکی قووڵن کە لەنێوان مرۆڤ و جیهانی کۆمەڵایەتیدا هەبووە. بیری تراژیک هەڵگری بنەڕەتیترین خولیاو سەوداو دڵە خورپەکانی مرۆڤە، هێمای هەوڵێکی سەخڵەت و سیزیف ئاسایە، کەدەیەوی ژیانی رێژەیی و کاتی پڕ مانا بکات، مەرگ ئەم خەسڵەتە رێژەییە دەسەلمێنێ. مەرگ بۆ مرۆڤی تراژیک راستیەکی سروشتی بەردەوامە کە لەهەموو دیاردەو روداوێکدا بەدی دەکرێ. خەڵکانی ئاسایی کەلەناخی رق و قین و خۆشی و ناخۆشیەکاتیەکاندا گیرۆدەن، لەجیهانی تراژیک دا جێگەیان نابێتەوە، ئەو رەنج و ئازارەی جیهانی بێهودەو بێ مانا بەسەر مرۆڤدا دەیسەپێنێ، بۆ مرۆڤی تراژیک دەبێتە هۆکارێکی داهێنەرو بەیارمەتی ئەو لەپلەی چەرمەسەری وزە بوونی، هەڵدەچێت و بەها رێژەیەکان و ئاشتی لەگەڵ جیهان رەت دەکاتەوەو یەکسانی و هەقیقەتی رەها دەخوازێ.

بۆ پێناسەکردنی تراژدی رەنگە بکرێ لەتوژینەوەیەکی گشتیداو لەهەر قۆناغێکی مێژووییدا، سێ دەستە مرۆڤ لێک جیاکەینەوە، کەهەر دەستەیەک لەئاست رەنج و کێشەکانی جیهاندا رەوتێکی جیاواز دەگرنەبەر: گروپی یەکەم لەئاست رەنج و ئازارەکانی ژیاندا هەڵوێستی پەسیڤ و دەستەوەستان دەگرن، رەنج قەبوڵ دەکەن و لەئاست ئەودا هیچ هەوڵێک نادەن، تایبەتمەندی سەرەکی ئەوانە، هەست کردن بەلاوازی و بێ هێزییە، رەنج و ئازارەکانی سەردەم بەجۆرێک تێکی شکاندوون، کەتەنانەت بیر لەدژە کردەوەش ناکەنەوە.

بۆیە چۆک دادەدەن و تەسلیم دەبن، بەوتەی نیچە، هەڵوێستی ئەمانە لەئاست ژیاندا، پەرچە کردارە، نەکردار. ئەمانە ژیانی خۆیان بەنەگۆڕو چارەسەر هەڵنەگر دەزانن و لەگەڵی رادێن، لەژیان دڵیان پڕ خوێنەو لەسەرتاپێیاندا جۆرێک رەشبینی تەسلیم خوازانەو تەسک بیرانە شەپۆل دەدات.

لەکاتێکداکەژان و ئازارەکانی ژیان، هێزو توانای لێبرِیون، بەشێوەی بەزەبزوێن و زەبوونانە دڵ بەدونیای خەیاڵی پاش مردن خۆش دەکەن و، لەوپەڕی بێ هێزی و ناهۆمیدیدا، ئارەزوو دەکەن بتوانن وەک سوفیەکان دڵ لەدونیاو هەرچی لەودایە بکەنن، دەکرێ ئەم گروپە بەمرۆڤی "بەزە بزوێن" ناودێر بکەین.

لەهەمبەر ئەم گروپەدا، مرۆڤی خەیاڵی و دۆن کیشۆتی راوەستاوە ئەم گروپە بەژمارە کەمن و لەگەڵ رەنجدا (بەڕواڵەت) لەشەڕدان و رەنج و ئازار قەبوڵ ناکەن، بەڵام بەشێوەی تاکرەهەندی لەگەڵ رەنج دا هەڵسوکەوت دەکەن، کەگوایا بەرێکەوت پەیدا بووە.

لەپڕ هێرش دەبەن بۆ رەنج و دەیانەوێ بیسرنەوە، بەڵام شمشێریان دارینەو (کێوی رەنج پۆڵایینە)، ئەمانە لەدونیای خەیاڵی خۆیاندا بەسەردەبەن، لەنێوان ئەوان و راستیەکاندا، دیوارێک لەخەون و خەیاڵ بۆتە لەمپەر. تێدەکۆشن راستیەکان بگۆڕن، بەڵام لەڕاستیدا دەیانەوێ بەجۆری وێنا خەیاڵیەکانی خۆیان بینەخشێنن. لەشەڕ لەگەڵ دۆخی ژان خولقێن دا لەبنەمای خەیاڵیەوە ئاخێز دەکەن و دەیانەوێ جیهانێکی خەیاڵی بخولقێنن.

(ئەمانە بەپێی یاسای رەش و سپی دیاردەکان مەزندە دەکەن).

سێوو هەنارو هەرمێ و ترێ و پرتەقاڵ هەموو بەمیوەیەک دەزانن و جیاوازییەکان نابینن، بەسەرهاتی ئەمانە وەک بەسەرهاتی کابرای (کان ناسی مارکسە) کەهەمووکانێکی وەک یەک دەزانی، ئەم مرۆڤانە تەنیا لەخەیاڵی خۆیاندا دونیای دەوروبەریان دەناسن، بۆیە تووشی جۆرێک گەشبینی ساویلکانە دەبن و لەکاتێکدا کە لەئاسمانەوە بەرد ئەباری، لە "حەوزی حەساری" دا خۆیان دەشارنەوە!.

لەهەمبەر ئەم دوو چەشنە مرۆڤەدا مرۆڤی تراژیک راوەستاوە. مرۆڤی تراژیک نمونەی مرۆڤێکی ئاسایی و زەحمەتکێش و نەجیبە، کەجگە لەوەی لەگەڵ راستیەکان ئاشتی دەکا، لەئاست ژیانی پڕژاندا شۆڕش دەکا. ئەم مرۆڤە رەنج و ئازار بەچارەنووسی خۆی دەزانێ، بەڵام هەرگیز تەسلیم نابێ و لەگەڵ ئەم چارەنوسەدا بەشەڕ دێ، لەم شەڕەدا بەتەواوی وردو وێران دەبێ، کەچی هێشتا تەسلیم نابێ، لەنێوان ئەوو رەنج دا دیوارێک نیەو هەردەم بەگژ رەنج دا دەچی، مرۆڤی تراژیک بۆ رزگاری لەدەس چارەنووس، رووگەش و دەم بەبزە، دەچێتە پێشەوە، ئەو شادی و بەختەوەری، بەجیاواز لەرەنج و ئازار نازانێ، ئەو چارەنووس بەشتێکی ئاسمانی و میتافیزیکی لەقەڵەم نادات. بەڵکو بەشتێکی جیانەکراوەی ژیانی دەزانی، چاک دەزانی کەدۆخی سەردەم و داب و نەریت و ئاکارو رەفتارەکان، ژیانیان پڕ ژان و نالەبار کردووە. ئەو نایەوێ ژیان بەرەو پاشەوە بگێرێتەوە، بەرەو سەردەمێکی تەباو خەیاڵی، بەڵکو سەرەڕای ژیانکردن چاو لەداهاتووی سازگارو ئاسایشی مرۆڤ دەبڕێ. مرۆڤی تراژیک، چارەنووس بەهۆکاری فەوتێنەری خۆی نازانی، بەڵکو بەدەرفەتێکی دەزانێ کە ئەو خاراو دەکاو هێزو توانایی پێ دەبەخشی، تا هەڵبدات و سەرکەوێ.

> **مرۆڤی تراژیک شەیدای ژیانە توانای مردنی نیە، مەگەر لەپێناو ژیاندا، بەڵام دەشزانی کەئەم ژینە ئەوەندە بەردەوام نیەو درەنگ یان زوو لەخەبات لەئاست شەپۆلی پیلان و ئاژاوەدا فیدا دەبێ**

هێزی ئەو بەخۆڕاگری لەئاست رەنج دا گەشە دەکاو بۆ خەبات خاراوتر دەبێت. بەم پێیە مرۆڤی تراژیک، مرۆڤێکی دولایەنەیە لەلایەکەوە یەخسیری پێویستی چارەنوسێکی کوێرەو لەلایەکی ترەوە هێشتا هیوادارە کەبەناسینی ئەم پێویستیە بەسەری دا زاڵ بێ و سەرکەوێ، ئەو هەرچەند لەئاست چارەنووس دا کاول دەبێ. بەڵام هەر ئەم خەباتەی گەورەترین سەرکەوتنە، بۆ ئەم زاڵبوون بەسەر رەنجدا بەرهەڵاتن و خۆدزینەوە هەموار نابێ، بەڵکو بەتێکۆشان و هەڵسوڕان دەستەبەر دەکرێت، کەوابوو نێوئاخنی مرۆڤی تراژیک، پراتیکە، ئەووەک "هملێت" پێی وایە: "تەنیا دەرک و شرۆڤەی رووت مرۆڤ ترسەنوک دەکا" کەوابوو پرسیاری مرۆڤی تراژیک وەک ئەو پرسەیە کەزەینی هملێتی بەخۆیەوە خەریک کردبوو؛ "بوون یا نەبوون کێشە لەمەدایە، ئایا گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە کە لەئاست ژان و ئازاری بەخت و چارەنووسدا خۆڕاگرێ، یان ئەوە کەچەک هەڵگری و ئاخێز بکاو کۆتایی بەژان و ئازار بێنێ؟".

لێرەشدا تراژدی دوو لایەنی هەیە؛ لەلایەکەوە ژیان و راهاتن لەگەڵ رەنج دایە. لەلایەکی ترەوە مەرگ کۆتایی بەم رەنجە دێنێ. مرۆڤی تراژیک شەیدای ژیانە توانای مردنی نیە، مەگەر لەپێناو ژیاندا، بەڵام دەشزانی کەئەم ژینە ئەوەندە بەردەوام نیەو درەنگ یان زوو لەخەبات لەئاست شەپۆلی پیلان و ئاژاوەدا فیدا دەبێ. نیچە تایبەتمەندی مرۆڤی تراژیک لەچەمکی "رەشبینی بەهێزانە"دا پێناسە دەکا.

لەڕوانگەی تراژیک دا تەنیا خاڵێکی نەگۆڕ لەئارادایە: ئەویش نیازی مرۆڤە بەچەسپاندنی هەموو سروشت و تواناکانی خۆی، لەم رەوتەشدا هەموو سنورێک دەبەزێنێ و بەدەرک و تیوری خۆی هەموو چەمک و دیاردەکان دەنرخێنێ و بەپراکتیکیش هەموو بوتێک تێکدەشکێنێ.

"ئارتۆرمیلر" دەڵێ: لەسەر تراژدی بۆچوونێکی چەوت لەئارادایە، هەموو پێیان وایە تراژدی لەگەڵ رەشبینیدا تێکەڵ بووە، یان پێیان وایە تراژدی بەسەرهاتێکە کەئەنجامێکی خەماوی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا تراژدی لەکۆمێدی گەشبین ترە.

میلر هەروەها تایبەت بوونی تراژدی بەپادشاو نەجیب زادەو خاوەن شکۆکان، رەت دەکاتەوەو پێی وایە تراژدی راستین لەسەر ژیانی مرۆڤی ئاسایی خۆدەردەخاو لەجەماوەری بێ ئەژماری چەوساوەکاندا خۆدەنوێنێ.

کازانتزاکیس(٣) لەنامەیەکداو لەساڵی ١٩٣٣دا بەسەرهاتی خۆی ئاوا باس دەکات کە بەجۆرێک چارەنووسی مرۆڤی تراژیکە: (.. لەئەزموونی ژیانی خۆمدا زۆر شت فێر بووم، دەزانم لەرۆحی مرۆڤدا هێزێکی ئێجگار مەزن و ئەفسونی هەیە، خەدەنگی نورو ئاگرەو کێوی تاریکی شەق دەکا. خەندەیەکی بەتەشەرو شەڕنگێز هەیە کەلەهەر مەیدانێک دا سەردەکەوێ، من بەردەوام لەوپەڕی ناهۆمیدیدا بەختەوەریم هەست کردووە، دەپرسن بۆ؟ بۆوەی من بەردەوام (بەڕووی گرژو دڵی گەورەوە) هەتا ئەنجام راوەستاوم، لەدەروبەرمدا بەردەوام هەموو شتێ بەرهەڵستم بووە، سەرەڕای ئەمەش لەئاست دوژمندا ئامادەو روح سووک و بێ دەنگ و لەخۆبایی راوەستاوم و سەرئەجام سەرکەوتووم، من نەیاخییەکی هەست داگرتووم، نەسوفییەکی پشت لەدونیا کردووم، نەبوونەوەرێکی جادوویم من زەوین و ژیان و مرۆڤ و حەیوانم خۆش دەوێ، هەموو شتێکی روو لەفەوتانم خۆش دەوێ و ماناو بەهاو هەرێمی دەسەڵاتیشیان دەناسم من وەک مشکێکی چالاک گەلێ داوم بەزاندووەو زۆر تەڵەم تەقاندووە، بەڵام ئەوەش دەزانم کەدوایین داو مەرگەوگەڕانەوەی بۆ نیە!..".

لوسیەن گوڵدمەن لەتوژینەوەیەک لەسەر بەرهەمەکانی لوکاچ ئاوا باسی روانگەی تراژیک دەکا: "پێوەندی نێوان کتێبی "گیان و فورمەکان" لەگەڵ کتێبی "مێژوو هۆشیاری چینایەتی" دەکرێ بەهەڵچوون لەتراژدی پێناسە بکەین: یانی گوزەر لەکانتەوە بەرەو هیگڵ و مارکس، مێژوو هۆشیاری چینایەتی" بەرهەمێکی سەرسوڕهێنەرو ئێجگار دەوڵەمەندو فرە رەهەندییەو سەرەرای شروڤە فکری، سیاسی، کۆمەڵناسی، مێتودناسی، مێژوی و کولتوریەکان، پڕاوپڕیشە لەهۆمیدو گەش بینی و بیری هیومانستی. (ئەم بەرهەمە بەمیتۆدی رەخنەی هێگڵی، لایەنە خراپەکانی ئەندێشەی کانتی دەسڕێتەوە، لایەنە باشەکانی وەردەگرێ و "سڕینەوەو پاراستن و هەڵچوونی هاوکات" مسۆگەر دەکات و لە "میتافیزیکی تراژدی" سەرتر دەچێ).

(تێزی گوڵدمەن لەسەرکانت. ل ٣٥٠).

لۆکاچ لەدوا وتاری کتێبی "گیان و فۆرمەکان"دا بیری تراژیک ئاوا راڤە دەکا: "تاقە هەڵوێستی دروست یاسای (هەمو یان هیچە) هەرچەشنە کەم و زیادکردن و رێژەیەکی تر بێهودەیە، بۆ مرۆڤی وشیار تەنیا دو ئەنجام لەئارادایە، فاکتی راستین و ناڕاست، هەڵەو دروست، یەکسانی خواز نایەکسانی خوازە، بایەخ و دژە بایەخ، بەڵام ئەم مرۆڤە لەگەڵ دونیایەک بەرەو روو دەبێ، کەلەودا هیچ بەهایەکی رەهاو راستین بوونی نیە، هەموو شتێ رێژەییەو بەتەواوی بێ بایەخە".

ئایا لێرەدا جیهان بەگشتی مەبەستە، یان جیهان لەقۆناغێکی تایبەتدا، جیهانی سەرمایەداری؟ ئەگەرچی لەم بەرهەمەدا بیری لۆکاچ میتافیزیکی و نامێژووییە، بەڵام لەبەندێکی وتاری "میتافیزیکی تراژدی"دا، سروشتی مێژوویی بەخۆیەوە دەگرێ: "بۆوەی کەسروشت و چارەنوس، هەرگیز وەکو ئەمرۆ بێ رۆح و سامناک نەبوون، رەنگەلەداهاتوودا جۆرێک تراژدی سەرهەڵبدا"

(گیان و فۆرمەکان - ل ٣٤٩).

بەڵام بۆچی روانگەی تراژیک لەساڵی ١٩١٠ دا و لەوپەڕی "سەردەمی دڵنشین" و سەقامگیری بورژوازی دا لەمێشکی لوکاچ دا سەرهەڵئەدا؟ گوڵدمەن دەنوسێ: "گیان و فۆرمەکان کە لەساڵی ١٩١٠دا بڵاوکرایەوە، رەنگدانەوەی دۆخێکی بەتەواوی لەرزۆک و لێکترازاوە، کە لەودیوی رواڵەتی ساغ و سەقامگیری کۆمەڵگادا شاراوەیەو خەبەر لەکارەساتێک دەدات کەبەهەنگاوی سامناکەوە دێتە پێشێ و لەساڵی ١٩١٤ دا دەتەقێتەوە".

(توژینەوەی دیالکتیکی. ل ٣٥٣).

(٤)

"میشل لوی" دەنوسێ: "بەڕای من راست بەپێچەوانەی ئەم روانگەیە رووەدات، ئەوەی لوکاچ ناهومید دەکات، وەستان و سەقامگیری کۆمەڵگەی سەرمایەداریە، کە ئەو لێی بێزارە، کۆمەڵگەیەک کەلەودا بەهاکانی جوانیناسی دڵخوازی لوکاچ ناچەسپێندرێ، شەڕی بەهای راستین و دونیای ناڕاستین سەرمایەداری تراژیک و چارەسەر نەکراو خۆدەنوێنێ، چونکە لوکاچ هیچ هێزێک بەدی ناکا، کەبتوانێ ئەم دونیا چەوتە بگۆڕێ و بەهاکان بچەسپێنێ، بۆیە شەڕەکە حاڵەتێکی ئەبەدی و نامێژویی بەخۆیەوە دەگرێ، کەبەوتەیەکی تر خسڵەتێکی نەگۆڕ، میتافیزیکی بەخۆیەوە دەگرێ".

(جیهانبینی تراژیک. ل ٩٥).

بەڵام لوکاچ لەساڵی ١٩١٦داو بەنوسینی کتێبی "تیوری رۆمان" لەروانگە تراژیک سەرتر دەچێ. لوکاچ لەدوا وتاری ئەم کتێبەدا، تۆلستۆی و داستایفسکی بەپیشەنگی "سەردەمێکی نوێ" لەمێژووی جیهاندا دەزانێ کەمزگێنی سەرەتای سەردەمێکی نوێ دەدەن. ئەم پێشبینییەی لوکاچ ئەوپەڕی بیرتیژی و قووڵ ئەندیشی ئەو پیشان ئەدا، چونکە ساڵێک دواتر شۆڕشی ئوکتوبەر رووەدات، کتێبی "تیوری رۆمان" بەرهەمێکی "دیالێکتیکی هێگلی"یە، کەلەسەر بنەمای هۆمێدو گەشبینی ریئالیستی پێ داگری دەکات.

لەساڵی ١٩٥٠ داو لەجەرگەی شەڕی ساردا، بزاڤی کرێکاری بەدوو جەمسەردا، دابەش دەبێ، گروپێک پێڕەوی لەستالینیسی سەرەتایی کوێر دەکاو گروپێک دەبێتە لایەنگری سۆسیال دیموکراسی. لەم نێوەدا هەر روانگەیەکی مارکسیستی کەئاسۆیەکی شۆڕشگێڕانەی هەبێ، بەشێوەی تراژیک تەریک دەکەوێتەوە؟.

لەم سەرو بەندەدا بیری تراژیک بەتەواوی مێشکی گوڵدمەن دەگرێتەوە لەم کاتەدا کتێبی "خودای شاراوە" دەنووسێ و بەلێکدانەوەی جیهانبینی تراژیک لەبەرهەمەکانی پاسکاڵ و راسین دا، هاودەنگی خۆی لەگەڵ ئەندێشەی تراژیک بەیان دەکا. بەڵام شێوازو میتۆدەکانی دیالیکتیکین و هێشتا بەپێڕەوی لەهێگڵ و مارکس و لوکاچ بەسەرکەوتنی ئەقڵ و مرۆڤ بڕوای هەیە.

لەدرێژەی ئەم رەوتەداو لەساڵی ٦٠-١٩٥٩دا گوڵدمەن لەبیری رادیکاڵ ناهۆمێد دەبێ و جۆرێک "ریفۆرم خوازی شۆڕشگێڕانە" قەبوڵ دەکات، لەم روانگەیەدا پێشڕەوی شێنەیی بەرەو سۆسیالیزم، بەچاکسازی لە دام و دەزگاکانداو بەیارمەتی ئەندازیاران و تکنوکراتەکان هەموار دەبێ، ئەم بزاڤە کەبەشێنەیی دەسەڵاتی ئابوری - سیاسی بەدەست دێنێ و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو سەربەخۆیی دەچێ، لەلایەک "چینی کرێکاری نوێ" وە رێبەری دەکرێت، ئەم بیرە بۆ چەند ساڵێک ئەندێشە گوڵدمەن بەخۆیەوە خەریک دەکا، بەڵام ئەو لەوە وردبین تربوو کەمەترسیەکانی ئەم رەوتە نەبینێ، ئەو لەساڵی ١٩٦٦داو لەوتارێکدا دەنوسێ: "چاکسازی شۆڕشگێڕانە لەگەڵ مەترسی گەورەدا بەرەو روویە، دەبێ وریابین کە لەگەڵ بورژوازیدا، ئاشتی نەکەین و لەنێو ئەم کۆمەڵگەیەدا نەتوێینەوە، هەروەها مەترسی گەندەڵی، لەگەڵ هەموو رەوتێکی ریفۆرم خوازدا تێکەڵە، کەوابوو تاقە رێگە چارە، رەتکردنەوەی هەرجۆرە سازانێکی دەرونی و فکرییە لەگەڵ کۆمەڵگەی تکنوکرات دا".

بەڵام دواتر، هەر بەو جۆرە کە لوکاچ لەساڵی ١٩١٦داو لەبەرهەمەکانی تولستوی و داستایفسکیدا، سەرەتاکانی شۆڕشی ئوکتوبری ١٩١٧ پێشبینی کردبوو، گوڵدمەنیشی لەساڵی ١٩٦٦دا لەوتارێکدا لەسەر بەرهەمەکانی "ژان ژنەر"(٥) بەوپەڕی وردبینییەوە سەرەتاکانی بزاڤی شۆڕشگێڕانەی مانگی مەی ١٩٦٨ پێش بینی دەکات.

روانگەی تراژیک سەرەڕای واقع بینی، گەلێ وردبین و دوورنوێین و دەوڵەمەندە، مەزندەو پێش بینیەکانی لۆکاچ و گوڵدمەن (پێوەندی بەلایەنی سێحرو جادووەوە نیە)، بەڵکو بەرهەمی دەرەکی قووڵ و توانای وشیارانەیە کەلەنێوان بەرهەمە فەرهەنگیەکان و پۆتانسیەلی شاراوەی هێزە کۆمەڵایەتیەکاندا پێوەندی دادەمەزرێنێ و لەژێر تیشکی میتۆدی "گشتێتی"دا توژینەوەی قووڵ و بەرین دەستەبەر دەکا.


**سەرچاوەکان:**

١-جامعه، فرهنگ، ادبیات، لوسین گلدمن، نشر چشمه، تهران ١٣٨٠.

٢-تادام اخر، جعفر پوینده، (ص٣-١١) پێشەکی محسن حکیمی.

٣-"تراژدی" ارتورمیلر، انشارات بەنکار تهران ١٣٦٨ (ص ٥٦-٥٥).

٤-جان و صورت، گئورگ لوکاچ: نشر ماهی، متافیزیک تراژدی.


پەراوێز:

١-گئورگ لۆکاچ (١٩٧١-١٨٨٥) بیرمەندو رەخنەگری گەورەی مەجاری.

٢-لوسیەن گوڵدمەن (١٩٧٠-١٩١٣) بیرمەندو گەورەترین کۆمەڵناسی بواری ئەدەب، خەڵکی فەرانسە بەرەچەڵەک رۆمانیایی.

٣-نوسەرو رومان نوسی گەورەی یۆنانی.

٤-میشل لوی ١٩٣٨، بیرمەندو رەخنەگری هاوچەرخی فەرانسی.

٥-ژان، ژنە (١٩٦٨-١٩١٠) نوسەری فەرانسی.■




□ یەکێتی نووسەرانی کورد مێژوویەکی پرشنگداری هەیە. لەنێو سەنتەرو پێگە رۆشنبیرییەکاندا جێگای تایبەتی خۆی هەیە. جگە لە کۆڕو کۆنگرەو فێستیڤاڵ بەستن گۆڤارێکی تایبەتی هەبوو کە بوو بوو بە رووبەرێکی تایبەتی نووسین و نووسەرانی کۆکردبووەوە. لە هەموو گرنگتر، لە هەموو قۆناغێکدا ویستی خۆی لەپابەندی و خۆخستنە ژێر رکێفی ئەم گروپ و ئەو گروپ و ئەم لایەن و ئەو لایەن بپارێزێت، هەرچەندە ئێستا خەریکە دەکەوێتەوە جموجوڵ بەڵام پێویستی بەوە هەیە لەئاستێکی قوڵدا کار بۆ گەرموگوڕکردن و هەستانەوەی تەواوەتی بکرێت، ئەمەیش بۆ خۆی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری دەوێت ئێستاش لە هەموو روویەکەوە بوار بۆ ئەم کارە رەخساوە. ئەوە کەشو هەوایەک و وڵاتێکی دوور لەتارمایی و دڵەڕاوکێ، ئەوە نەمانی کۆسپ لەڕێگای کۆکردنەوەو گردبوونەوەی نووسەران کە جاران بەهۆی چەندین گرفتی جۆراوجۆرەوە نەدەرەخسان.

پێگەیەکی رۆشنبیری وەک یەکێتی نووسەران ناکرێت لەبەر کوانوی ساردا رۆژانی بەسەر بچێت، مەبەستیشم لەم قسەیە ئەوە نییە بڵێم ئێستای وەک پێکهاتەی ئیداری پەسەند نییە، بەڵام ناکرێت تاسەر بەم شێوەیە بڕوات. بەڕای من تاکو کۆنگرەیەک نەبەسترێت نایەتەوە سەر حاڵی جارانی، ئەمەیش بۆ خۆی ئیرادەی ئەوێت، ئیرادەیەک بەگیانی ژیان بەخشینەوە. زۆر لەلام سەیرە بیر لەبەستنی کۆنگرەیەک نەکەینەوە یالەبەر هەر هۆیەک بێت نەتوانین کۆنگرەیەک ببەستین. یائەوەیە بەستنی بووە بەگرێیەک لای هەموومان و دەترسین بیکەینەوە یاخود کردنەوەی بەشتێکی ئێجگار قورس دادەنێین!!

ماوەیەک دەمانوت ئەوە شەڕی ناوخۆیەو هەموو کارو دەزگایەکی تووشی بێچالاکی و بێجموجوڵەیی کردووە، نووسەرانی پەرتەوازە کردووە. هەندێک رایان وابوو ئەم حاڵەتەی لەوە باشترە کە خۆی بکات بە کەرەستەیەک بۆ خۆزمەتکردنی لایەک لەلاکان. خۆ ئەوە رایەکی راست بوو هەرچەندە شتێکی وەها گەورەی پێنەدەکرا دژی شەڕی ناوخۆ بەڵام بێدەنگییەکەیشی بۆ خۆی جۆرێک بوو لە هەڵوێست.

بەڕاستی پتر لەدەیەیەک زۆرە بۆ پێگەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی گەورە کۆنگرەیەکی تیا نەبەسترێت. دەیەیەک وڵاتێکی تیا وندەبێت و بنیاتدەنرێتەوە. دەیەیەک چەندین شەڕی تیا بەرپا دەبێت و دایشدەمرکێتەوە، دەیەیەک چەندین گروپ و بزوتنەوەی گەورەی تیا ئاشکرا دەبێت، نەوەیەکی تیا دەردەکەوێ، بەڵام سەیرە کۆنگرەیەکی تیا نەبەسترێت.

سەیرکەن لەم دەیەیەدا شەڕی ناوخۆ بەرپا بوو چەندین جار جارِ بۆ ئاشتبوونەوە درا، کۆنگرەی نیشتمانی لەعێراقدا دروستبوو، چەندین جار لیژنەی ئاشتی دانیشت و کۆبوونەوەیەکی ئێجگار زۆری کرد، سەدام روخا، ئەوە دووجار وەزارەت دەگۆڕێ و لەماوەیەکی کورتدا دوو حکومەت بگۆڕین و هەر لەم ماوە کورتەدا ئەوە دوو سەرەک کۆمار بۆ عێراق هەڵبژێردرا. هەر لەم دوو ساڵەدا یەکێتی نووسەرانی عێراق دوو جار گۆڕاو دوو هەڵبژاردنی گەورەی سازداو دووجار فێستیڤاڵی میربەدی لەبەسرە سازداو خەڵکێکی زۆری لەملاو ئەولاوە داوەتکرد. کاتی ئەوەیە بپرسین:

ئەی یەکێتی نووسەرانی کورد زیاتر لە دە ساڵە کۆنگرەی خۆی نەبەستووە بۆچی بیر لەم خاڵە گرنگە نەکەینەوە؟ بشێ بەستنی کۆنگرەی سەنتەرێکی رۆشنبیری لە دامەزراندنی دوو حکومەت لەعێراقی ئەمڕۆی ئەم قۆناغەدا قورستر بێت؟■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:52 AM Page 10



# گلۆبالیزاسیۆن، دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان

# کورتەیەک لە کتێبی "جان زیگلر"

و. لە فارسییەوە: جوامێر مارابی

□ هەتا ئێستا کتێب و وتاری جۆراو جۆر سەبارەت بە جیهانی بوون، سندووقی نێونەتەوەیی دراو، بانکی جیهانی و لە گشت ئەمانە گرنگتر سەبارەت بە ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. هەرکام لەو کتێب و وتارانە لایەنێک لەو ڕێکخراوە جیهانیانەیان داوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام کتێبی تازەی "جان زیگلر" بە ناو نیشانی "دەسەڵاتدارانی نوێی جیهان" لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەڕوانێتە باسەکە. لەم کتێبەدا مێژووی گلۆبالیزاسیۆن و باقی ڕێکخراوە جیهانییەکان و دەورو نەخشی ئەوان لە دابین کردنی بەرژەوەندی خاوەنانی سەرەکی و بە هێزی ئەم دامەزراوانە لە بازاڕی جیهانیدا دەداتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. هەروەها لەم کتێبەدا دەورو نەخش و خەباتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی نێونەتەوەیی لە دژی گلۆبالیزاسیۆن بە تایبەت ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی وێنا کراوە.

"تاڵانکەران"

"کومیتەی کاری نەتەوەیی" ڕێکخراوێکە کە ئەرکی تاووتوێ کردنی هەقدەستەکان و پێوانە کردنیانی لەوڵاتاندا، لە ئەستۆیە. ئەم کومیتە لە

**گرێبەستەکانی نێوان ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و وڵاتان، ئاڵۆزو زۆرجار ڕەش بینانەیە. مەرجەکان و خاڵەکانی ئەم گرێبەستە جۆرێکە کە هەڵێنجان و خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراو جۆری لێدەکرێ، بە جۆرێک کە زۆرێک لەووڵاتانە لە کاتی گرێبەست و ئیمزای بەڵێن نامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی لە ناوەرۆک و چەمکی گرێ بەستەکە تێناگەن، هەر بۆیە دوای ماوەیەک بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە لە ناو چنگ و پاوانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا گیریان خواردووە**

بارەی کۆمپانیا گەورە و نێونەتەوەییەکانەوە پسپۆڕە و شارەزایی باشی هەیە. لە ڕاپۆرتێکی ئەم کومیتەیەدا هاتووە کە: بەرپرسی کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی جل و بەرگ و بیجامەی منداڵان بە ناوی "میشاڵ ئایزنز" لە هائیتی، بە ڕادەی دە هەزار بەرابەری کرێکارێک هەقدەست وەردەگرێت. کرێکارێکی خەڵکی وڵاتی "هائیتی" کەمتر لە یەک دولار وەردەگرێت. ئەم کۆمپانیا هاوکات پەیوەستە بە کۆمپانیای گەورەی "واڵت دیزنی" لە ئەمریکا. ئەم کۆمپانیا ماوەیەک لەوە پێش خەریکی دروست کردنی فیلمێک بوو کە سەگەکان تێیدا ڕۆڵی زۆریان هەبوو. ئەم سەگانەیان لە جێگایەکی وڵاتی هائیتی بە خێو دەکرد. هەل و مەرجی بژێوی گشتی ئەم سەگانە باشتر بوو لە بژێوی کرێکارانی ئەو ناوچەیە کە ئەو سەگانەیان بە خێو دەکرد. لە کاتێکدا کە کرێکارانی ناوچەیی لەوڵاتە لە بوونی شوێنی ژیانی گونجاو، خواردن و جل و بەرگ و هەوای باش بێبەش بوون، ئەو سەگانە لە "هەل و مەرجێکی باشی بژێویدا" دەژیان.

ئەمە نموونەیەکە لەو سەدان نموونەیە کە لە ئاکامی دەسەڵاتداریتی "ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی" وە لەم جیهانەدا بەرچاو دەکەون. گلۆبالیزاسیۆن و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بەردەوام و هاوکات لە لایەکەوە سامانی لە ڕادەبەدەر و لە لایەکیترەوە هەژاری وماڵوێرانکەر بەرهەم دێنێتەوە. بە ڕای نووسەری ئەم کتێبە "داروینیسمی کۆمەڵایەتی" هیچ کات ناتوانێت پاساوێک بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە کە تووشی هەژاری و نەداری بوون و بۆ بە ملیۆن ئینسانی هەژار بێنێتەوە و هیچ هۆکارو جێگایەک بۆ "ئەخلاقیات" لەم پەیوەندە کۆمەڵایەتییەدا نییە.

ساڵی ١٩٩٧ یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای "ئیستمەن کوداک" بڕیاری دا کە کۆمپانیاکەی دا بخات. ئەم بڕیارە بووە هۆی بێکاری دەیان هەزار کارمەندو کرێکاری کۆمپانیای "کداڵ". نموونەیەکیتر، "سانفووری ڕووباڵ" بەرپرسی "travels" بڕیاری دا کە ئەم کۆمپانیایە لەگەڵ کۆمپانیایەکیتر بە ناوی "Citicorp" تێکەڵ بکات. لە ئاکامی ئەم کارەدا، لە لایەکەوە دەیان هەزارکەس لە کرێکاران و کارمەندانی ئەم دوو کۆمپانیایە بێکار کران و لە لایەکیترەوە، بەڕێوەبەری ئەم کۆمپانیا ٢٣٠ ملیۆن دولار قازانجی کردووە.

تاڵان کردن و بە فیڕۆدان لە لایەن خاوەنانی کۆمپانیا جیهانییەکانەوە، تەنیا کۆمەڵانی ملیۆنیی ئینسانی کرێکار و زەحمەتکێش ناگرێتەوە، بەڵکوو لە ناو خودی ئەو کۆمپانیایانەدا ئەم تاڵان و کاولکارییە بە ڕێوە دەچێت. بۆوێنە بەرپرسی کۆمپانیای فرۆکەوانی وڵاتی سوید، لە کاتی گرێبەستدا مەرج دادەنێ کە ئەگەر ئەو کۆمپاینایە بە هۆی خراپی بەڕێوەبردن، تووشی هەڵشکان هات، نابێ بەڕێوە بچێت و دەست و پێوەندەکانی تووشی زەرەرو زیان بن. ئاغای "مابوو کوورتی" پێش لە هەڵکشانی ئەم کۆمپانیایە دوازدە ملیۆن دولار و نیوی وەکوو پاداشی ٥ ساڵی ئاخری کار کردن، وەرگرتووە.

ئەمە دەری دەخات کە ئەم بەرپرسە بۆیە لە کاتی گرێبەستەکەدا ئەو مەرجانە دێنێتە ئاراوە چونکە دەزانێت کە ئەم کۆمپانیایە تووشی هەڵشکان دێت.

ئەم سات و سەوداو تاڵانکارییە لە کاتێکدا بەڕێوە دەچێت کە هەزاران کەس لە کارمەندان و کرێکارانی ئەم کۆمپانیایە لە هەموو مووچەیەکی خانەنشینی بێبەشن، مووچەیەک کە بەرهەمی ساڵانی کارو ڕەنجی ئەوانە.

بە پێی نووسراوەی گۆڤاری "لۆمۆند" لە ئاکامی تێکەڵ کردنی دەیان کۆمپانیای گەورە، بە ملیۆن ئینسان کاری خۆیان لە دەست داوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە باری ئابوورییەوە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە لە ئارادا نەبوو. ئەم کارە تەنیا لە پێناو پاوانخوازی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایانە بەڕێوە چوو ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە. زەرەرو زیانی تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە کە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنیان نەبوو، نزیک بە حەوت سەدو بیست میلیارد دولار بوو.

بەرپرسی کۆمپانیای "ئنروان" کە یەکێکە لە دە کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا کە پارەی بەڕێوە چوونی پرۆسەی دوایین هەڵبژاردنی بووشی لە ئەستۆ بووە، دوای ئەوەی کە هەڵشکاوە نزیک بە ٢٥٠ ملیۆن دولار یارمەتی لە دەوڵەت وەرگرتووە.

دوای سەرکەوتنی بووش لە هەڵبژاردنەکان، ئەم کۆمپانیایە لە گرێبەستە نەوتییەکاندا لە سەرتاسەری جیهان بە شێوەیەکی نادیارو گوماناوی سەرکەوتنی بە دەست هێناوە.

هەڵکشانی دواتری ئەم کۆمپانیایە، دیسان ئاکامی سات و سەودای سیاسی و گوماناوی بوو، بە مەبەستی تاڵان کردنی بەرهەمی کارو ڕەنجی دەیان هەزار کرێکار، کە ئەو پارەیان بۆ دەورانی پیری و لە کار کەوتنیان وەکوو پاشەکەوت لەو کۆمپانیایە بە ئامانەتیان دانا بوو.

"ڕێ گرتەکان"

مەبەستی نووسەری ئەم کتێبە لە وشەی "کرێ گرتەکان" ئەو کۆڵەکە سەرەکییانەیە کە جیهانی بوونی لە سەر دامەزراوە. ئەو کۆڵەکانە بریتین لە: ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی، سندووقی نێونەتەوەیی دراو و بانکی جیهانی.

"ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی" پەرەپێدەری سەرەکی بازرگانییە لە نێوان وڵاتانی دنیا. ئەم ڕێکخراوە تێدەکۆشێ کە گرێ بەستی بازرگانی لە نێوان وڵاتاندا ڕێک بخات. دەبێ ئەوەش بلێین کە ئەم ڕێکخراوە تێدەکۆشێ کە خۆی وەک ڕێکخراوێکی بە تەواوی بازرگانی نیشان بدات، بەڵام لە کردەوەدا وا نییە. ئەم ڕێکخراوە لە کاروباری دادوەری و دەسەڵاتدارێتیدا دەستێکی باڵای هەیە.

لە ناو ڕێکخراوی بازرگانی جیهانیدا هەتا ئێستا، دەوڵەتی ئەمریکا زۆرترین سکاڵای لە دژی خۆی هەبووە و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە بارەی پەنجای ئەم سکاڵایانەوە دادوەری کردووە و بڕیاری داوە.

گرێبەستەکانی نێوان ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و وڵاتان، ئاڵۆزو زۆرجار ڕەش بینانەیە. مەرجەکان و خاڵەکانی ئەم گرێبەستە جۆرێکە کە هەڵێنجان و خوێندنەوەو لێکدانەوەی جۆراو جۆری لێدەکرێ، بە جۆرێک کە زۆرێک لەووڵاتانە لە کاتی گرێبەست و ئیمزای بەڵێن نامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی بە باشی لە ناوەرۆک و چەمکی گرێ بەستەکە تێناگەن، هەر بۆیە دوای ماوەیەک بۆیان ڕوون دەبێتەوە کە لە ناو چنگ و پاوانی کۆمپانیا فرەنەتەوەکاندا گیریان خواردووە.

لە ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە مەڕ مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی دوو هەزار لە ژێر ناوی "باسێکی بنەڕەتی سەبارەت بە بازرگانی و چەوساندنەوەی نێونەتەوەیی" دا هاتووە:

ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی W.T.O بە تەواوی لە ژێر کاریگەری کۆمپانیا گەورە و فرەنەتەوەیی و نێونەتەوەییەکاندایە.

وادیارە کە بەڕێوە چوونی بەرنامەکانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی سامناکە. ڕاپۆرتەکانی ئەم ڕێکخراوە لە سەر هاوردە و هەناردەکان ڕاستییەکان دەرناخات. ئەو فەرشە بە نرخ و گرانبەهایانە کە لە "شانزە لیزە"ی پاریس بۆ فرۆشتنی پیشان دەدرێت و بەرهەمی وڵاتی پاکستانە، بە دەستی منداڵانی تەمەن ژێر پازدە ساڵ بە هەقدەستێکی زۆر کەم بەرهەم هاتووە و بۆ ئەم کارەش سۆمای چاوکانیان لە دەست داوە.

بانکی جیهانی، قەرزەکانی خۆی لە ڕێگەی دامەزراوەکانی سەر بە خۆی لەوانە: بانکی جیهانی بووژانەوە و گەشەپێدان، کۆمەڵەی گەشەپێدانی نێونەتەوەیی، کۆمپانیای ماڵی نێونەتەوەیی پارێزەرە چەند لایەنەکان کە بەرپرسیارێتی سەرمایەگوزارییان لە ئەستۆیە، دەدات بەوڵاتان. بانکی جیهانی خاوەن دەسەڵاتێکی بە هێزو بێسنوورە. ئەم بانکە بڕیار دەدات کە بە چ مەرجێک و بۆ چ بەرهەمێک قەرز بدات بەوڵاتان. ئەم بانکە لە پەیوەند لەگەڵ ئەووڵاتانەی کە قەرزیان پێدەدات، یاساو ڕێسایەکی توندو تۆڵی هەیە. لە کاتی بەستنی گرێبەستدا لە هەر جۆرە هەل و مەرجێکی سیاسی خۆ دەبوێرێ و ڕێککەوتنەکان بە پێی "ڕەزامەندی واشنتۆن" بەڕێوە دەچێ.



بانکی جیهانی ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی سەبارەت بە چالاکییەکانی خۆیی و هەل و مەرجی جیهان بڵاو دەکاتەوە کە جێگای باوەڕو ڕێزی دامەزراوە ئاکادمی و توێژینکارییەکان. بەڵام لە ساڵانی ڕابوردوودا ئەم ڕاپۆرتانە سەرکەوتوو نەبوون. چونکە بانکی جیهانی لەم ڕاپۆرتانەدا هەمیشە لایەنی قازانجی ئابووری لە بەر چاوە. ئەم بانکە لە بوارەکانی گەشە پێدانی ئۆمانیزم، مافەکانی مرۆڤ و خزمەت کردن بە مرۆڤایەتی ڕابوردوویەکی باشی نەبووە، هەربەم هۆیە کەوتۆتە بەر ڕەخنەی "سەنتەری ڕۆم" لە ئیتالیا. لە ئاکامی ئەم ڕەخنانەدا لەم ساڵانەی دواییدا ئەم بانکە شێوەی ڕاپۆرت دانی خۆی گۆڕیوە و لە هەندێک شوێن ئاوڕێکی لە لایەنی ئینسانی و کۆمەڵایەتی دەداتەوە. ئێستا ڕاپۆرتی خۆی لە ژێر ناوی "گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی" بڵاو دەکاتەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا بەرپرسی بانکی جیهانی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا حازر بوو وەڵامی هەندێک لەو پرسیارانە کە ڕووبەڕووی کرانەوە، دایەوە. ئەو لە وەڵامی پرسیارێکدا کە پرسیبووی ئایا یارمەتییە ماڵییەکانی ئەو بانکە کە بۆ گەشە پێدان دەدرێت بەوڵاتان، دەدرێت بە هەژاران یان نا؟ ئایا ئەم قەرزانە گۆڕانێک لە ژیانی بێبەشاندا پێک دێنێ؟ وتی: نازانم. لەم کاتەوە ئەم بانکە بەرنامەیەکی بۆ خەبات لە دژی "گەندەڵی" خستۆتە بەرنامەی کاریی خۆیەوە.

لە ناو سندووقی نێونەتەوەیی دراودا جۆرێک لە "دێمۆکراسی" پەیڕەو دەکرێ. لە ناو ١٨٣ ئەندامی ئەم ڕێکخراوەیەدا هەرکەس بە پێی ڕادەی بەشداری کردن لە بواری سەرمایەگوزاری لەم ڕێکخراوەیەدا، ماڧی دەنگدانی هەیە. دەوڵەتی ئەمریکا بە تەنیا ١٧٪ لە کۆی دەنگەکانی بۆ خۆی تەرخان کردووە.

دەتوانین بڵێین سندووقی نێونەتەوەیی دراو وەکوو هێزێکی ئاگرکوژانەوە لە کۆمەڵگەی جیهاندا ڕۆڵ دەبینێ. بەڵام دەبێ بوترێ کە ئەم ئۆرگانە ئاگرکوژێنەوە لە زۆر جێگاو کاتدا ئەرکەکانی خۆی بە دروستی جێ بە جێ نەکردووە و نەیتوانیوە ئەو ئاگرە کە هەڵگیرساندووە بکوژێنێتەوە و بەر بە سووتانی ئەندامەکانی خۆی بگرێ. نموونەی ئەم ئاگرکەوتنەوەیە، ئەو ئاگرە بوو کە کەوتە ئەمریکای باشوورو ئارژانتینی تێدا سووتا.

سەرهەڵدانی هێزێکی نوێ لە کۆمەڵگەی جیهانیدا لە بەرامبەر جیهانی بوون-، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و سندووقی نێونەتەوەیی دراو کە جگە لە تاڵانکردن و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی و لە ناو بردنی ژینگە لە پێناو ئامانجە قازانج پەرستانەکانی خۆیان، ئامانجێکیتریان نییە، هێزێکی نوێ سەری هەڵداوە کە شێلگیرانە لێرەو لەوێ بە دژی ئەم دەستدرێژییە ئاشکرایە خەبات دەکات. لە ساڵی ٢٠٠١دا نزیک بە ٣٠٠ هەزارکەس کە لە لایەن هەزار سەندیکاو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتییەوە نوێنەرایەتی دەکران و سەربە ٨٢ وڵاتی جیهان بوون، لە شاری "جنوا"ی ئیتالیا بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی ناسراو بە "G8" کۆبوونەوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس بە نوێنەرایەتی لە هەزار ڕێکخراوو سەندیکا لە پێنج قارەی جیهانەوە لەوڵاتی بەرازیل کۆ بوونەوە و نەیانهێشت سەرانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و ...هتد، گەڵاڵەو بڕیارنامە زاڵمانەکانیان بە دژی بە میلیار ئینسان لە سەرتاسەری جیهان پەسند بکەن.

ئەم هێزە تازەیە کە ئێستاو بۆ بەرگری لە ژیانی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە چییەو لە چ ڕێکخراو گەلێک پێک هاتووە؟ ڕێکخراوی تازە لە گرووپ و کۆڕو کۆمەڵی جۆراو جۆر پێک هاتوون کە ئاماژە دەکەین بە هەندێک لەوانە: ڕێکخراوە کرێکارییەکان، یەکێتییەکان و سەندیکاکان، بزووتنەوە جووتیارییەکان، ڕێکخراوەکانی ژنان، کۆمەڵەی ناوچەیی و شارۆمەندانی جۆراو جۆری وەک سوور پێستەکان، دامەزراوە نادەوڵەتیەکان (NGO) ڕێکخراوی نادەوڵەتی "ئوتاک" کە ئامانجی خەباتە لە دژی ئەو باجانە کە بە زەرەری شارۆمەندانی هەژارن، ڕێکخراوە مەزهەبی مەسیحییەکان کە ئامانجیان هەڵگرتن و لابردنی قەرزی وڵاتانی فەقیرو هەژارە، ئەم ڕێکخراوە مەسیحییانە توانیویانە ١٧ ملیۆن ئیمزا بۆ پشتگیری لە خواستەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا کۆ بکەنەوە، ڕێکخراوی هەژاران لەوڵاتی تایلەند کە نیو

**لە ئاکامی تێکەڵ کردنی دەیان کۆمپانیای گەورە، بە ملیۆن ئینسان کاری خۆیان لە دەست داوە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە لە باری ئابوورییەوە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە لە ئارادا نەبوو. ئەم کارە تەنیا لە پێناو پاوانخوازی و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی تاکەکەسی بەڕێوەبەرانی ئەم کۆمپانیایانە بەڕێوە چوو ئەم کارەساتەی لێکەوتەوە. زەرەرو زیانی تێکەڵ کردنی ئەم کۆمپانیایانە کە هیچ پێویستیەک بۆ تێکەڵ کردنیان نەبوو، نزیک بە حەوت سەدو بیست میلیارد دولار بوو**

ملیۆن جووتیار لە خۆ دەگرێ، تۆڕی بەربڵاوی جیهانی سێهەم لە مالیزی کە پێک هاتووە لە ڕێکخراوی خەباتگێڕی جۆراو جۆر، ڕێکخراوە پسپۆڕییەکانی بواری منداڵان، دابین کردن و یارمەتی گەیاندنی جیهانی، هەروەها زۆر ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و ناوچەیی کە بە شێوەی ڕاستەو خۆ لەگەڵ ئەم گرووپانە هاوکاری ناکەن، بەڵام بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لە خواستەکانی ئەوان بەرگری دەکەن، وەکوو: ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی. ■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:53 AM Page 11



# (ریز)ێک بۆرو(ئیش)ێکی زۆر لە شیعرێکی مەحویدا

دیاری قەرەداغی

□ مەحوی لوتکە لە قەسیدەی

**"دیارم دەیری عیشقە، جێ بەسوتن بێ لەوێ دەگرم**
**کە من مشتێ چڵ و چێوم، بە چی بم، کەڵکی کێ دەگرم"**

دەفەرموێت:



**لەسەر خۆ چوونە، شەیدا بوونە، قوڕ پێوانە، سووتانە**
**هەتا مردن، مەحەببەت ئیشی زۆرە، ریزی لێ دەگرم**

بۆ شەرحی ئەم بەیتە مامۆستای پایە بڵند (مەلا عەبدولکەریمی مودەرس) دەفەرموێت: "دڵداری، تا دڵدار دەدا بە کوشت گەلێ دەردومەینەتی دێنێتە رێ. منیش بڕیارم داوە ئەو هەموو دەردو مەینەتانە قوبوڵ بکەم و ریزی لێ بگرم یەک لە دوای یەک توشیان ببم".

وەک لە شیعرو شەرحەکەیدا روون و ئاشکرایە، مەحبەت (ئیش)ی زۆرە وەک:

لەسەرخۆ چوون، شەیدا بوون، قوڕپێوان، سوتان..

بۆیە شاعیر دەیەوێت یەک لە دوای یەک تامردن (ریز)یان لێ بگرێت.

کەچی لای هونەرمەندی گۆرانیبێژی ئازیزو برا، کاک (رۆژ کەریم) ئەم دێڕە شیعرە بە وتن لە گۆرانییەکیدا وای لێهاتووە:

**لەسەر خۆچوونە، شەیدابوونە، قوڕپێوانە سووتانە**
**هەتا مردن موحیبەت ئێشی زۆرە، رێزی لێ دەگرم**

تەماشا بکەن
مەحەببەت بووەتە موحیبەت
ئیش بووەتە ئێش
ریز بووەتە رێز

کە بە تەواوی سەرجەم مانا جوانەکەی ئەم دێڕە شیعرییەی گۆڕیوەو تێکداوە..

هەر بە مەحوی مەزن خۆی دەست پێدەکەم، دەفەرموێت:

**"کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا**
**هەر صاحێبە لەبەرکەری کالاییی بێ ڕەواج"**

ئەگەر شیعر نووسین ئەرکێکی قورس و ئاڵۆز بێت، ئەوا شیعر ناسین قورسترو زەحمەتترە..

زمان چەند کەرەسەیەکی ئاسانە بۆ دووان، هێندە ئاڵۆزە بۆ تێگەیشتن، رووتکردنەوەی مانای وشە بۆ مانای حەقیقی وشە نەئەرکی شاعیرە و نەدەوڵەمەندییە بۆ وێنەیەکی شیعری مەحکەم..

هیچ کات گەورە شاعیرانمان بەخۆیان رەوا نەبینیوە هەروا زیاد ولە خۆڕا چەند وشەیەک زیاد بترنجێننە ناو دێڕە شیعرییەکانیانەوە بێ دروستکردنی هیچ مانایەک.

هەمیشە لە پشت روخساری وشەیەکەوە دەیان مانای جودا جوداتر خۆی مەڵاس داوە، بەردەوام وێنە هۆشەکییەکان بە چەشنێک گۆڕاوە بۆ وشەیەک بۆ ئیدیەمێک یان بۆ دەستەواژەیەک کە تۆی خوێنەر بوەستێنێ و راتبگرێت، سڵ بکەی لە مانای حەقیقی، هەمیشە دەتخەنە سەر پشت وبە کراوەی جێتدەهێڵن، جیاواز لەوەی گەر تۆ هەر خۆت بتەوێ خۆت دابخەیت.

سیمای ئەم جۆرە شیعرانە، زهنیەتێکی باشی دەوێت بۆ وتنەوە بۆ وەرگرتن تەنانەت بۆ لەبەرکردن.. مەسئولییەتە یەک ئەلف زیادوکەم.

جورئەتە گۆڕین لەنەزانینەوە.. یان روونتر بڵێم جورئەتە بە نەزانینەوە دەست بردن بۆ ئەم شیعرانە.

تەنها شاعیرە شکێنەری ڕێساو دەستورە زمانییەکان نەوەک خوێنەر، شاعیر فعل پێش فاعل دەخات شاعیر یاری بە وشە دەکات و جێ گۆڕکێیان پێ دەکات، من وتۆ لە سەرمانە تەنها شوێن زهن و ئیقاعی ئەو بکەوین، ئەو زاڵمە فریوت دەدات، تۆش دەبێت زیرەک و وریا بیت لە سەنگەردا بیت تا ون نەبیت، وەگەر نا شیعر خوێندنەوە دەبێتە هەواڵ خوێندنەوە.

چ لە زەتێکە..چ پەیامێکە..چ تێگەیشتنێکە کە خوێنەر بە سەرو بۆری خۆیەوە یاری بە چارەنوسی شیعرو نوسراوی شاعیران بکات.

"من چیم؟" ئەو پرسیارە هەرە سادەیەیە کە لە سەرەتای ئەلفوبێی خوێندنەوە فێرمان دەکەن کە بەو جۆرە بینوسین، بەکاری بهێنین یان بیڵێین

کەچی بڕوانە مەحوی مەزن بەمە رازی نابێت، بەڵکو لەداهێنانێکیداو لە دێڕێکیدا وا بەکاری دەهێنێت و دەڵێت:

**ئەو شۆخە هەرکە نەعشی منی دی، قیامی کرد**
**چیبم من؟ ئەم قیامەتە هەستا کەمن نەمام**

هەر لەم دێڕەشدا دووبارە بوونەوەی (قیام) فەنتازیاو بەلاغەتێکی جوانی تری شاعیرانەیە.. ئاخر(قیام)ی یەکەم بە مانای هەستانە سەر پێ ،(قیام)ەکەی تریش رۆژی قیامەتە.

**بۆ هەموو ناسینێک ئەرکێکی گەورەو بەدوواداچون گرنگە..**
**شیعر ناسین گرانە، "مەحوی" ناسین موصیبەتە.■**

# برۆگڵ؛ ئەو هونەرمەندە بلیمەتەی کە تابلۆکانی مۆزەخانە جیهانییەکانی بۆ چەندین سەدەیە رازاندۆتەوە

و/ بەختیار سەعید

□ پیتر برۆگڵی گەورە.... (برۆگڵ)ی جوتیاران نازناوی بوو..یەکێکە لەو هونەرمەندە داهێنەرە گەورانەی کە لە جیهاندا ژیاوون، هونەرەکەی کۆنە، لە هەمانکاتدا هونەری سەردەمەکانە، کۆنە چونکە پەیوەست بووە بەو سەردەمە سەرەتاییە لەیەک چوانە، سەردەمیانەیە چونکە هونەرەکەی خۆی لەخۆیدا زۆر نوێگەری بووە، هەروەک ئەوەی کە رووناکی نەبینیبێت.... لە بڕواو دیدەکانیدا بەهەشت وئاگرو ئاین رۆڵێکی گەورەوگرنگ دەگێڕن لە کارەکانیدا.

کتێبی پیرۆز بەردەوام لە بیریدا بووە و جوانترین تابلۆی پێنەخشاندووە، برۆگڵ گرنگی بە چیرۆک و داستانەکان داوە کە خەڵکانێکی زۆر دەیگێڕنەوە تەنانەت پیاوە پیرۆزەکانیش، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەهریمەن و مردن دێت لە رێگای تاعونەوە کە لە سەدەی شانزەهەمدا، ئەوسەدەیەی کە برۆگڵ تیایدا ژیاوە.

بابەتەکانی هونەرمەند بابەتی دانسقە بوون کە لە داستانە یۆنانییەکانەوە وەریگرتبوون، هەروەها بابەتی تایبەتی هەبوو بۆ سروشت و هەموو وەرزەکانی ساڵ.

ژیاننامەی برۆگڵ نادیارە تا رادەیەک، برۆگڵ لە ساڵی ١٥٣٠ لە سنوری بەلجیکاو هۆڵندەی ئەمڕۆدا لە دایک بووەو کوڕی جوتیار بووەو خاوەنی عەقڵێکی شاری بووە.....و چێژی لە تابلۆکانی هونەرمەند (بوش) وەرگرتووە لەو دەمەی کە هێشتا منداڵ بووە، ئەو دەمەی کە لێهاتوویی لە بواری نیگارکێشاندا تیایدا بەدەر دەکەوێت نیگارکێشێکی بۆ تەرخاندەکەن تاکو فێری بکات کە ئەویش نیگارکێش (بیتر کوک فان الست) بوو، لە ساڵی ١٥٥١دا دەبێتە ئەندامی نەقابەی نیگارکێشان لە شار، وەک مامۆستایەکی سەربەست کاری کردووەو پاشان چەندان گەشتی ئەنجامداوە بۆ وڵاتانی (فەرەنسا، ئیتاڵیا) و لە شاری رۆما کاری زۆری هونەری ئیتاڵی بینیوە.



برۆگڵ ئاشنایەتی لەگەڵ هەڵکۆڵەرێک و چیگەرێکدا پەیدا دەکات کە خاوەنی چاپخانەیەکە و کارەکانی برۆگڵ لەسەر کتێب و (فافۆن-نحاس) هەڵدەکۆڵێت.

برۆگڵ لەساڵی ١٥٦٣دا خێزان پێکەوە دەنێت لەگەڵ خوشکی مامۆستاکەی (پیتەر کوک) و لە دوای سێ ساڵ برۆگڵ ماڵئاوایی دەکات و لە دوای خۆی دوو منداڵ و هاوسەرەکەی بەجێدەهێڵێت، کە دواتر ئەو دوو منداڵە دەبنە ناودارترین هونەرمەند لە جیهاندا کە یەکەمیان بە پیتەر برۆگڵی بچکۆلە بوو کە نازناوی برۆگڵی دۆزەخ و دووەمیان برۆگڵی گەورە کە بە برۆگڵی المخمل نێوبانگی دەرکرد بوو.

تابلۆکانی برۆگڵ لە زۆربەی مۆزەخانەو پیشانگەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی بەردەوام هەڵواسراوە لەوانە (ئیتاڵیا، هۆڵندە، بەریتانیا، دانمارک، بەلجیکا، نەمسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، ئەمریکا) و چەندان وڵاتی تر، لەو تابلۆیانەی کە لە مۆزەخانەی مێژووی هونەری لە ڤیینایە تابلۆی (عودە القطیع) هەروەها تابلۆی (بورجی بابل) یەکێکی ترە لەو تابلۆیانەی لە شاری (گراتس)ی نەمساوییە، هەروەها لەو تابلۆیانەی کە لە شاری ڤیینایە تابلۆکانی (یاری منداڵان، مەسیح سەڵیبەکەی هەڵگرتووە، راوچی لە بەفردا، ئاهەنگی لادێ، چیرۆکی جوتیاران، دیمەنێکی دەریا)

لە دوای چەندین سەدە هێشتا ناوی برۆگڵ هەر بە نەمری ماوەتەوەو تابلۆکانی بەبەردەوامی مۆزەخانەو پیشانگەکان دەڕازێنێتەوە.■

مۆزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

## ■ کریستیان سیندینغ

**(١٨٥٦-١٩٤١)**

ئا: باران

□ دانەرێکی موزیکی نەرویجیە، هەروەها ژەنیارێکی بەتوانای پیانۆ بوو. ئەم هونەرمەندەمان لە خێزانێکی هونەری هاتۆتە دونیاوە، برای پەیکەرتاش ستیڤان سیندینغ لەگەڵ برای هونەرمەندی تەشکیلی ئۆتۆیە. لەرێگەی دەسەڵاتی مەلەکیەوە، هەلی ئەوەی بۆ دەرەخسێ کە لە لایبزیخ و دردسن و بەرلین، بخوێنێ. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢١ دەبێتە مامۆستای موزیک لەخوێندنگەی ئیستیمان موزیک لە نیویۆرک. هەر لێرەشەوە، چەندین بەرهەمی دانسقەی پیانۆ دادەنێت، کە دەبێتە مایەی سەرنجێکی جەماوەری فراوان، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کەسەرجەم ئەو بەرهەمانە روویەکی شاعیری تیایدا زاڵبووە. کریستیان، زۆرینەی بەرهەمەکانی روویەکی جدییان تیادا زاڵ بووە. بەتایبەتیش سەمفۆنیای سێیەمی، کە بۆ ئۆرکسترای دانابوو، کە بەداخەوە کەمتریش سەرنجی درایە.

بەرهەمەکانی:

دوو ئۆپێرا، چوار سەمفۆنیا، سێ کۆنشرتۆ بۆ کەمانچەو ئۆرکسترا، یەک کۆنشرتۆ بۆ پیانۆو ئۆرکسترا، ئاوازی تریش بۆ کەمانچەو ئۆرکسترا، هەروەها ئاوازی تر بۆ کەمانچەو پیانۆ■

## ■ نیکۆس سکالکوتاس

**(١٩٠٤ - ١٩٤٩)**

□ دانەرێکی یۆنانیە، کۆنسرفاتواری ئەسینای تەواوکردووە، دوابەدوای ئەمەش خوێندنی خۆی لای ئەرنۆڵد شۆنبرج لەخوێندنگەی باڵای موزیکی بەرلین درێژە پێداوە. لە ئەڵمانیا بۆ ماوەی دوانزە ساڵ ماوەتەوە، واتە لە ساڵی ١٩٢٠ تا ١٩٣٢، هەر لێرەشەوە پەیوەندی باشی لەگەڵ کورت فیل دروست دەکات و سودێکی زۆریش لە ئامۆژگارییەکانی کورت وەردەگرێت. ئەم هونەرمەندەیش، تا لەژیاندا بووە، نە گرنگی بەخۆی نەبەبەرهەمەکانی نەداوە. بۆیە، تا مردنی لە ساڵی ١٩٤٩ دەتوانین بڵێین هونەرمەندێکی هەمیشە نادیارو ون بووە.

بەرهەمەکانی:

دوو بالیە، دوو سەمفۆنیا، سێ کۆنشرتۆ بۆ پیانۆو ئۆرکسترا، کۆنشرتۆیەک بۆ ئۆرکسترا، لەگەڵ کار بۆ ئامێری هەوایی. ٣٦ سەمای یۆنانی بۆ ئۆرکسترا، پێنج چوارینەی ژێدار.■

# سروتەکانی ئازادی، کۆنسێرتی نوێی گروپی سەهەندە

ئا/ هێمن

□ رۆژانی ١٠-٢٠٠٥/٤/١١ سەعات شەشی پاشنیوەڕۆ گروپی سەهەند بە هاوکاری کەناڵی کوردسات

کۆنسێرتی (سروتەکانی ئازادی)ی پێشکەش کرد.

لەم کۆنسێرتەدا گروپی سەهەند دە پارچە موزیکیان پێشکەشکرد کە تیایدا بۆ جارێکی تر ئەوەیان سەلماندووە کە چەندە ئەو گروپە چالاک و بەردەوامیان هەیە بۆ کاری نوێ، هەر لەو دیدەوە بیست موزیکار بە ئامێری جیاواز چەند ساتێکی تایبەتە بە ئەندێشەو ئاوێتە بوون بەو دنیایەی کە پێی دەڵێن دنیای تایبەتی موزیک بۆ ئامادەبووان بخولقێنن.



بەرهەمە بەشداربووەکانی ئەم کۆنسێرتە پێکهاتبوون لە پارچە موزیکییەکانی( بریا، بلو بۆسە، باخی خەونەکان، رۆبارۆ، مۆن فلۆویر، لاگیتارا، باڵندە سپییەکان، سەمای کوردی، سپاین، ئیپرۆڤیستایۆن) و موزیکژەنەکان پێکهاتبوون لە (هێرش عەبدولرەحمان، دیاری محەمەد، رزگار ئازاد، پشکۆ مستەفا، محەمەد ماجد، ئاریان جەلال، ئارام عیسی، پشتیوان عەبدوڵڵا، ئاری جەبار، گۆران بەرزنجی، بڵند قەرەداغی، کارزان نەجم، شادمان عەبدولرەحمان، رێبین محەمەد، بەڵێن عەزیز، دانا محێدین، نەورۆز تەها، بڕیار حیکمەت، سەرجۆن تیماپاوس، دیار بەکر).

گروپی سەهەند لەم کۆنسێرتە نوێیەیاندا بەدیدێکی جیاوازتر کاریان کردووەو بە مەبەستەوە گۆڕانکارییەکیان لە شێوازی رابردوویانەوە کاریان کردووە، ئەویش بە بەشداریکردنی ئامێرە موزیکییە کوردییەکانی وەکو (سێتار) کە بۆخۆی کارێکی دڵخۆشکەرانەیە.

گروپی سەهەند لە دەلیلی کۆنسێرتەکەداو بەناوی وتەی گروپ نوسیوویانە (هەوڵی مرۆڤ لە ژیاندا هەمیشە بۆ ئەو شتانەیە کە لەبیرکردنەوەو رەفتارو عیشق و هەموو شتەکانی تردا ئازادی پێدەبەخشێت، کارکردن بۆ ئازادی کارکردنە بۆ خۆشەویستی خاک و ئەڤینداری و ژیان و خۆی لە خۆیدا دەستەبەرکردنی سەرەتاترین مافەکانی مرۆڤە، بۆیە پێویستمان بە ئازادییەکی حەقیقیە نەک دەستکرد، ئازادییەک لە تینوێتییەکی زۆرەوە هاتبێت و بەدڵنیایی ئەو جۆرە ئازادییەش بە تامەکە دوای تامەزرۆبوون دەیگەیتێ، موزیکیش مانای ئازاد بوونە لە کۆت و ئەو بیرکردنەوە چەوتانەی زۆر جار بەرەو تاریکییەکی رەهامان دەبات، بەڕای ئێمە پێویستە موزیک دەربازبوون بێت لە تەوقی هەموو بیرێکی نادروست و دوور لە سۆزو خۆشەویستی، دەربازبوون لە سنووری دەرگا داخراوەکان، باچیدی لەوە زیاتر لەبەردەم دەروبەرماندا چاو دانەخەین، با لەوەزیاتر سەر نەوی نەکەین و روگرژ نەکەین لە بەرامبەر هەموو ئەو خەندانەی ژیانی لێ پێک هاتووە).

گروپی سەهەند هەردوو رۆژەکە لە نێوان چەپڵە لێدانی ئامادەبوواندا بۆ ئەو بەرهەمانەی کە پێشکەشیان دەکرد هێندەی تر شانازییان بەو شاروکەشەوە دەکرد کە ئەوانی لەسەر پەروەردە بووە.■

laparakan.qxd 4/17/2005 9:53 AM Page 12



## مایکرۆسکۆبی یاریگا

**گۆیژە**

-وەرزش لەم شارەدا زۆر سەیرە، هەمیشە چەندکەسێکی کەمی خراپ کەپشتی یەکتری ئەگرن لەخراپەکارییەکانیان دا، کۆمەڵێکی زۆری باش کەپشتی یەکتریی ناگرن، دەرئەپەڕێنن و شوێنیان پێ لێژئەکەن!.

-لەلای هەندێ بەرپرسی وەرزشی بەرژەوەندی تاکەکەسیی و ئاست و جۆری پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا لەسەرو بەرژەوەندی وەرزشەوەیە.

-وەرزشکارانی گۆڕەپان و مەیدانی سلێمانی، تائێستا خەو بەو تارتانەوە ئەبینن کەنیاز وایە لەتراکی یاریگای سلێمانی دا رایبخەن، ئاخۆ ئەوخەوە کەی دێتە دی؟

-وەرزشکارانی سلێمانی پرسیار ئەکەن و ئەڵێن: "ئاخۆ ئەو چەند هۆڵە داخراوە وەرزشییەکەی تەواو ئەبێ؟ بۆچی ئیشەکانی ئاواهی بەخاوەخاو و پشتی کیسەڵ ئەڕوا؟

-کردنەوەی چەند یاریگایەکی چیمەنی دەستکردی وەکو یاریگای کۆمەڵگای وەرزشی ئازادی سەر بەکۆمپانیای بەڕێز لەشارو شارۆچکەکانی کوردستان دا هۆکارێکی گرنگە بۆ دەربازبوون لەو قەیرانەی کەفۆتبۆڵی لەکوردستان دا بەگشتیی و سلێمانی دا بەتایبەتی تێی کەوتووە.■

# یانەی ئەنتەرمیلان

**ئا: ئاکۆ عارف – لەئەنتەرنێتەوە**

□ "ئەنتەرمیلان" یەکێکە لەبەهێزترین یانەکانی تۆپی پێی وڵاتی ئیتالیاو بگرە کیشوەری ئەوروپاو جیهانیش لەم چەند دێرەی خوارەوەدا ئەم یانەیە زیاتر بەوەرزش دۆستانی کوردستان ئەناسێنین.

×یانەی ئەنتەرمیلان

-نازناو (نیرازوری).

-ساڵی ١٩٠٨ دروست بووە

-سەرۆکی یانە (ماسیمۆمۆراتی)ە.

-٢ جار پاڵەوانی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بووە.

-١٣ جار یەکەمی خولی ئیتالیا بووە

-٣ جار کاسی ئیتاڵیای بەدەست هێناوە.

-گەورەترین سەرکەوتنی بەرامبەر یانەی "کاسالی" بەدەست هێناوە بەئەنجامی ٩-سفر

-گەورەترین شکست کەتوشی بووە لەسەر دەستی (یۆفانتۆسی) هاوڵاتی خۆی بووە بەئەنجامی ١-٩.

-١ جار. کاسی سوپەری بەدەست هێناوە. ساڵی (١٩٨٩).

-٣ جار کاسی یەکێتی ئەوروپای بەدەست هێناوە (٩٠-٩١) (٩٣-٩٤) (٩٧-٩٨).

-یاریزان چۆسپی میازا زۆرترین گۆڵی بۆ تۆمار کردووە (٢٤٨) گۆڵ

-یاریزان/چوسی پی بیرگوسی ٤٩٣ یاری بۆ کردووە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩٩.

×یاریزانەکان

یانەی ئەنتەرمیلان بەڕاهێنەری رۆبەرتۆمانچینی ئێستا کۆمەڵێک یاریزانی زۆر بەتوانای لەخۆگرتووە. لەوانە:

-کریستیان فێری -کیلی گۆنزالیز -ئەدریانۆ

-ئیفان کۆردۆبا -ری کۆبا -کامبیاسۆ -تۆڵدۆ

-ستان کۆفیج -خوان سیباستیان فیرۆن -ماریتنز

-خۆلیۆکروز-کونسیساو -ماتێرازی

-میهای نۆفیج -ئیمری -خافێرزانێتی

-کاراگۆنیس -کریستباتۆزانێتی

-زی ماریا■



## پەیامی لاپەڕە

**حەمە بچکۆڵ**

□ **سەرنجێک لەوەرزشی کچان و ژنان لەکوردستان**
ئەگەر بەشێنەیی چاوێک بەوەرزشی کچان و ژنانی کوردستان دا بەویژدانەوە بخشێنینەوە، زۆر بەڕوونی بۆمان دەرئەکەوێ کەئەو گرنگییەی بەوەرزشی کوڕان دراوە هەرگیز بەکچان نەدراوەو ئەو زەمینەی کەبۆ کوڕان خۆش کراوە بەچارەکی ئەوە بۆ کچان خۆش نەکراوە، هەر لەموچەی مانگانەوە کە بۆ هەردوو رەگەزی نێرو مێ لەلایەن یانەکەوە تەرخان کراوە، تاکو یاریگاو تاکو کردنەوەی خول و قارەمانێتی وەرزشی و تا دابین کردنی جۆری کەل و پەل و پێداویستی وەرزشی.. هتد.. وەرزشکاری کوڕان بەشی شێریان بەرئەکەوێ کچان زۆر کەمتر،.. هەر لەبەرئەمەیشە کەژمارەی وەرزشکاری کوڕان چەند جارێک زیاترە لەژمارەی وەرزشکاری کچان، بەڕای من وەرزشی کچانی کوردستان گۆمێکی مەنگەو پێویستی بەشڵەقاندن هەیە، ئەو شڵەقاندنەش بەبێ گومان ئەبێ لەقوتابخانەو خوێندنگەکانەوە بێت، کەمامۆستای وەرزشی ئارەزوومەندو کراوەو دڵسۆزی کچ و ژنی تیادایەو قوتابی و خوێندکاری زۆر بەهرەمەندو بەتواناو ئاشق بەوەرزشی تیادایە، کەبەتەنیا ئەمانە پێویستیان بەپشتگیری و کارئاسانی بۆکردن و هاندان و رێ پیشاندانیانە، چونکە ئاشکرایە کە لەساڵانی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان و تائێستاش بەچەندین وەرزشکاری کچی کوردستان لەچەندین جۆر وەرزش دا گەیشتۆتە ئاستی تیپی هەڵبژاردەکانی عێراق و بەچەندین تیپی یانەکان و هەڵبژاردەی شارەکانی کوردستان لەڕیزی پێشەوەی تیپە هەرە بەهێزەکانی کچانی عێراق دا بوون.

ئەمە لەکاتێکا کەهێشتا زەمینەی شیاوو لەبار بۆ وەرزشی کچانمان نەڕەخساوە،.. ئەی باشە ئەگەر بێت و زەمینەی پێویستیان بۆ بڕەخسێ و لەسەر نەخشەو پلان و بنکەی زانستیانە کار لەگەڵ کچانی وەرزشکاری کوردستان بکرێ و هەقی خۆیان بدرێتێ، ئەبێ هەنگاوی گەورەو پڕ لەشانازی چۆن بەرەو پێشەوە هەڵبێنن!!■

## رۆبینهۆ لەیانەی (سانتۆس) دا دەمێنێتەوە تا مۆندیالی ٢٠٠٦

**هێمن حەمەد ئالی**



لەئاهەنگی یادی ٩٣ ساڵەی دامەزراندنی یانەی (سانتۆس)ی بەرازیلیدا (مارسیلۆتکسبیرا)ی سەرۆکی یانەکە رایگەیاند کە(رۆبینهۆ)ی هێرش بەری یانەکەیی و هەڵبژاردەی بەرازیل تامۆندیالی ٢٠٠٦ ی ئەڵمانیا لەڕیزی یانەکەیدا دەمێنێتەوەو ناچێتە هیچ یانەیەکی ترەوە، سەرۆکی یانەکە ئەم هەواڵەی کردە دیارییەک بۆ هاندەرانی یانەکەیی و تۆپی پێی بەرازیل، بەبۆنەی یادی ٩٣ ساڵەی دامەزراندنی یانەکەوە.

شایەنی باسە پێشتر هەردوو یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی کەناسراوە بەقەڵای سپی و یانەی چڵسی ئینگلیزی چەند جارێک داوایان پێشکەش بەیانەی سانتۆس کردبوو بۆ گواستنەوەی رۆبینهۆ بۆ ریزی یانەکانیان و مل ملانێیەکی توندیان لەنێوان دابوو بۆ کڕینی ئەم یاریزانەو، قەڵای سپی بڕی ٢٠ ملیۆن دۆلاری دیاری کردبوو بەرامبەر بەگواستنەوەی رۆبینهۆ بۆ ریزی یانەکەیی و یانەی چڵسی بڕی ٢٦ ملیۆن دۆلاری دیاری کردبوو.

هەروەها یانەی بەرشەلۆنەی ئیسپانیش کەئێستا لەڕیزی پێشەوەی خولی یانە پلە یەکەکانی ئیسپانیادایە چەند جارێک هەوڵی داوە بۆ بەدەست هێنانی ئەم یاریزانە بەتوانایە.■

## ئەنجامی یانەکانی کوردستان لەخولی فوتبۆڵی عێراق دا

□ هەفتەی رابردوو یانەکانی کوردستان بەپلە نایاب و پلە یەک و پلە دووەوە لەخولی فوتبۆڵی عێراق دا یارییەکانی خۆیان کردو ئەمەش ئەنجامەکانێتی:

**خولی پلە نایابەکان:**

سیروانی نوێ ١ گۆڵ × کەرکوک ١ گۆڵ لەیاریگای سلێمانی.

هەولێر ١ گۆڵ × زاخۆ ١ گۆڵ لەیاریگای زاخۆ.

دهۆک ٣ گۆڵ × پێرس ١ گۆڵ لەیاریگای دهۆک.

**خولی پلە یەکەکان:**

پێشمەرگە ١ گۆڵ × ئازادی ١ گۆڵ لەیاریگای سلێمانی.

ئەزمر ١ گۆڵ × سەورە ١ گۆڵ لەیاریگای ئەزمڕ.

برایەتی ٢ گۆڵ × خاک هیچ لەیاریگای کەرکوک

**خولی پلە دووەکان:**

کەمال سەلیم ٣ گۆڵ × شارەزوور ٢ گۆڵ لەشارەزوور.

سەیدسادق ١ گۆڵ × شێروانە ١ گۆڵ لەسەیدسادق.

خانەقین ١ گۆڵ × دەربەندیخان ١ گۆڵ لەدەربەندیخان.

چەمچەماڵ و بەختیاریش کەئەبوایە رۆژی هەینی رابوردو ٢٠٠٥/٤/١٥ لەچەمچەماڵ بکرایە بەهۆی بارانەوە دوواخرا بۆکاتێکی تر.■

## رۆناڵدۆ داوای لێبوردنی کرد

□ رۆناڵدۆی یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل و یانەی ریال مەدرید لەدوای یاری لەگەڵ یانەی (ملگا) لەخولی ئیسپانیا داوای لێبوردنی لەهاندەرانی ریال مەدرید کرد لەبەرئەوەی



پاش تەواوبونی تایمی یەکەمی یاریەکە (دەبەیەک) ئاوی لەسێ هاندەری یانەکەی خۆی گرت. رۆناڵدۆ رایگەیاند کەئەو سێ هاندەرە رەگەزپەرستەی (ریال مەدرید) سوکایەتیان بە (رۆناڵدۆ) و دایکی کردوە ئەویش بۆیە ئەو کارەی کردووە. بەڵام دوای تەواوبوونی یاریەکە (رۆناڵدۆ) داوای لێبوردنی کرد. رۆناڵدۆ توشی ناڕەزاییەکی گەورە بۆتەوە لەلایەن هاندەرانی یانەی (ریال مەدرید) چونکە ماوەیەکی زۆرە هیچ گۆلێکی بۆ (ریال مەدرید) نەکردووە. یانەی (ریال مەدرید)یش ئاستێکی خراپ دەگوزەرێنێت لەخولی ئیسپانیادا.■

**ئا: سامان دوکانی**

## فوتبۆڵی کچانی سیروانی نوێ یەکەم و کەمال سەلیم دووەم بوو

□ پاش نیوەڕۆی ٢ شەممە ٢٠٠٥/٤/١١ لەیاریگای "شەهید حەمە حسەین" بەداوەریی "کاوە ئەحمەد" و ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر، دوا یاری خولی فوتبۆڵی یاریگای بچووک بۆ کچان لەنێوان یانەی "سیروانی نوێ" و یانەی "کەمال سەلیم" کرا، لەئەنجام دا "یانەی سیروانی نوێ" بەدوو گۆڵ بەرامبەر بەیەک گۆڵ یارییەکەی بردەوەو یەکەمی خولەکە بوو یانەی "کەمال سەلیم"یش دووەم بوو.. شایانی باسە ئەم خولە یەکێتی ناوەندی فوتبۆڵی کوردستان سەرپەرشتی کرد..■

## خولی داوەری فوتبۆڵی یاریگای بچووک

□ لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە بۆ ماوەی دوو رۆژ بەسەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی فوتبۆڵی عێراق خولێکی داوەری فوتبۆڵی یاریگای بچوک کراوەتەوە لەیاریگای تارتانی سەنتەری گەنجان کەبەڕێز داوەری کۆنی نێودەوڵەتی و وانەبێژی نێودەوڵەتی لەفوتبۆڵ دا "سامی ناجی" و داوەری نێودەوڵەتی "نەوزاد شەفیق" وانەی تیادا ئەڵێنەوەو چەندین داوەری شاری سلێمانی بەشدارییان تیادا کردووە.■



میلان بەبراوە ئەژمارکراو، ئەنتەر ٦ یاری بە بێ هاندەر دەکات



چیڵسی دەگاتە خولی پێش کۆتایی سەرەڕای دۆڕاندن بە بایرن میونخ



یەکسان بوونی توتنهام و لیڤەرپوڵ ٢-٢